# یۆن گابریێل بۆرکمان

شانۆنامە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هێنریک ئیبسن

# یۆن گابریێل بۆرکمان

شانۆنامە

وەگێڕانی لە نەرویجییەوە:

هاودەم ساڵح جاف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: یۆن گابریێل بۆرکمان – شانۆنامە
نووسینی: هێنریک ئیبسن
لێکۆڵینەوە: پرۆفیسۆر ئاسبیۆرن ئۆرشێت
وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە: هاودەم ساڵح جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٧٥
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٧٤٠ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێشەکی

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ، ئەگەر بڵێم هێنریک ئیبسن یەکێکە لەو درامانووسە گرینگانەی کە مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە بینیوە و، بەرهەمە شانۆییەکانی هەمیشە لە هەموو کات و سەردەمێکدا گرینگن. ئەو گیروگرفتانەی ئیبسن لە دراماکانی دا ئاماژەیان پێ دەکات و دەیانخاتە ڕوو، پێوەندی پتەویان بە خواست و ویستی مرۆڤەوە هەیە، لە هەموو سەردەمێکدا. خۆشەویستی، ئازادی، خۆپەرستی، دەسەڵاتخوازی، گەندەڵی، ڕیایی، ئیرەیی، چاوچنۆکی و بەکارهێنانی ئەوانی تر وەک بەردەباز بۆ گەیشتن بە پلەوپایە و خۆ دەرخستن، پێوەندییەکانی ناو خێزان، ڕاپەڕینی ئافرەتان دژی ئەو داوونەریتەی کە بچووکیان دەکاتەوە و وەک کەرەستەیەک دەیانخاتە خزمەتی پیاوانەوە و لە مافە مرۆییەکانی خۆیان دادەماڵێت و، پەروەردەی سەقەت و بێ بنەمای منداڵان و... هتد، لە گیروگرفتە جدییەکانی ناو کۆمەڵگەن و ئەو بابەتانەن کە ئیبسن بێ سڵەمینەوە لە دراماکانی خۆیدا لە بارەیانەوەی نووسیوە. ئەو دنیایەی ئیبسن لە شانۆنامەکانیدا پیشانمان دەدات دنیایەکە، بیرمان دەجووڵێنێ، چاو و گوێمان دەکاتەوە، زمانمان دەهێنێتە گۆ و فێرمان دەکات بپرسین: بۆ؟.
پرۆفیسۆر Toril Moi[١] کتێبێکی بەسەرناوی Ibsens modernisme

(1) Toril Moi: Professor of Literature and Romance Studies ved Duke University i North Carolina, USA.



"تازەگەری ئیبسن"ەوە بڵاو کردووە. لەو کتێبەدا نووسەر دەپرسێ: ئەگەر بۆدلێر[٢] و فلۆبێر[٣] و مانێت[٤] لە ئەوروپا بە دامەزرێنەرانی تازەگەری بناسرێن، ئەی بۆچی ئیبسن نا[٥]؟. وە لە هەمان کتێبدا نووسەر ئەوەمان پیشان دەدات کە ئەوەندەی بۆدلێر گرینگ بووە بۆ شیعری تازەگەری و، فلۆبێر بۆ ئەدەبی ڕۆماننووسین و، مانێت ـ یش بۆ هونەری وێنەکێشان، ئەوەندەش ئیبسن گرینگ بووە بۆ تازەگەری لە هونەری شانۆدا. تۆریل مۆی، لە کتێبەکەیدا وەکو توێژینەوەیەک لە مەرجەکانی خۆشەویستی، لە دنیایەکدا کە سەرڕاسترین هەست دەربڕینە مرۆییەکان، هەمیشە وەکو خەڵق و خوویەکی ناسروشتیانە خۆ دەنوێنن، باس لە شانۆ نامەکانی ئیبسن دەکات.

مۆی ئەو پرسیارەی ئیبسن کە دەپرسێ " ئێمە چۆن دەتوانین لە دنیایەکدا یەکتریمان خۆش بوێت کە گەڕان بەدوای حەقیقەتی ڕەها و باوەڕی ڕەها لەو دنیایەدا تەنیا بەرەو نائومێدی ڕەهامان دەبات؟"[٦] بە یەکێک لە پرسیارە هەرە گرینگ و ـبنچینەییەکانی ـ ئیبسن دەزانێ لە تازەگەریدا. لەبەرئەوەی ئەم پرسیارە بەلای کەمەوە

(2) Charles Baudelaire 1821-1867

شاعیری فەرەنسی ناسراو بە پێشەوای تازەگەری لە ئەدەبدا

(3) Gustave Flaubert 1821-1880

ڕۆماننووسی فەرەنسی بەناوبانگ کە بەگەورەترین نۆڤێلنووسی نوێخواز دەژمێردرێ لە ئەوروپا.

(4) Edouard Manet 1832-1883

هونەرمەندی شێوەکاری فەرەنسی کە بەیەکێک لە پرۆفیلە زووەکانی تازگەری دەژمێردرێ لە هونەردا.

(5) Toril Moi : Ibsens modernisme side 15 Pax Forlag 2006

(6) Toril Moi : Ibsens modernisme side 32 Pax Forlag 2006

ئەمڕۆش هەر وەکو کات و سەردەمی ئیبسن هەمان گرینگی خۆی هەیە، تویژینەوەکانی ئیبسن لە ئافرەتان، پیاوان و ژیانی هاوسەریتی تەواو بۆ تێگەیشتنمان لە خودی مۆدێرنێتی خۆمان گرینگن. تازەگەری ئیبسن هەتا ئێستاش تازەگەری ئێمەیە.(٧)

یۆن گابریێل بۆرکمان ساڵی ١٨٩٦ بۆ یەکەم جار ١٢٠٠ دانەی لێ چاپ کرا و سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا لە دوای شانۆنامەی " ماڵی بووکۆکەیەک". یۆن گابریێل بۆرکمان بەڕێوەبەری پێشووی بانق بووە و ١٦ ساڵ پێش دەستپێکردنی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، لەسەر تاوانی دارایی «سەوداو و ماڵەکردنی نا یاسایی بە پارەی سەرمایەگوزارانەوە» زیندانی کراوە. ئەو بە بڕوای خۆی بێتاوانە و بەناهەق حوکم دراوە. لە لایەکی تریشەوە خەڵک پێیان وایە کە بەڕێوەبەری بانق نەک هەر لەو مەسەلەیەدا بگرە هەتا لە خۆشەویستیشدا مرۆڤێکی دەستبڕبووە.

ناموێ لەمە زیاتر لەسەر باسی شانۆنامەکە بڕۆم، چونکە ئەو ئەرکە بە کەسێکی شارەزاتر و لێهاتووتر دەسپێرم. ئەو کەسەش پرۆفیسۆر Asbjørn Aarseth (ئەسبیۆرن ئۆرشێت)ە.(٨)

(لە زمانە ئەسکەندەناڤییەکاندا هەندێک پیت هەیە کە تایبەتە بەو زمانانە و لە زمانەکانی تردا نییە، وەکو پیتی ø لەبەرئەوە دانانەوەی پیتی O ی ئینگلیزی لەبری باشترە وەک لە نەنووسینی. بە دوای یەکا هاتنی دوو پیتی A ئاساییە لە نەرویجیدا و دەبێتە دروستکردنی دەنگی (ئۆ). ئەم ڕوونکردنەوەیە لەبەر ڕاست نووسینی ناوی

(7) Toril Moi : Ibsens modernisme side 32 Pax Forlag 2006

(8) Asbjøren Aarseth

پرۆفیسۆر لە ئەدەبی باکووری ئەوروپادا لە دانشگای بێرگن لە نەرویج



ئەسبیۆرن ئۆرشێت ـ ە بە لاتینی لە کاتی چاپکردندا.)

ئۆرشێت، کتێبێکی بە سەرناوی (Ibsens samtidsskuespill) "شانۆی سەردەمی ئیبسن"ەوە نووسیوە. لە کتێبی ناوبراودا کە ساڵی ١٩٩٩ بڵاو کراوەتەوە، نووسەر لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەسەر گەلێک لە شانۆنامەکانی ئیبسن کردووە. لە هەمان کتێبدا و لە ژێر ناوی «زرینگەی زەنگۆڵە زیوینییەکان لە شەوێکی زستاندا» خوێندنەوە و شرۆڤەیەکی نەفەس درێژانە و بابەتیانە و زانستییانەی بۆ شانۆنامەی یۆن گابریێل بۆرکمان کردووە. ئۆرشێت، لە خوێندنەوەکەیدا ڕووناکی دەخاتە سەر گەلێک کون و کەلەبەری تاریکی شانۆنامەکە و ڕووناکیان دەکاتەوە. پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە سەرم بەسەر چەند کتێبێکی تردا داگرت بە نیازی نووسینی پێشەکییەکی لەبار بۆ شانۆنامەکە، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە نەمتوانی داڵغەی تەرجەمەکردنی، ئەوبەشەی کە لەبارەی (یۆن گابریێل بۆرکمان)ەوە بوو، لە مێشک و دڵم دەرکەم. بۆیە دەستم کرد بە تەرجەمەکردنی و، داوام لە نووسەری بابەتەکەش کرد کە ڕێگەم بدات ئەو بەشەی کتێبەکەی بکەم بە پێشەکی بۆ ئەم کتێبە. مامۆستاش داواکەمی ڕەت نەکردەوە. بە پێویستم نەزانی چەند بڕگەیەک لە نووسینەکە بکەم بەکوردی، بە مەبەستی کورتکردنەوە و ئاسانکاری بۆ خوێنەر. هەڵبەتە بە ئاگاداری و ڕەزامەندی نووسەر.

پاشان قسەم ئاراستەی ئەو خوشک و برایانە دەکەم کە بە چاپکردن و ڕێکخستن و کارە هونەرییەکانی ئەم کتێبە هەڵدەستن، تکایان لێ دەکەم کە لە دانانەوەی خاڵ و کۆما و کۆمای خاڵدار و نیشانەی سەرسوڕمان و... هتد و، پەڕاوێزەکان و ناونیشانی ئەو کتێب و دەزگای چاپەمەنییەی لە زمانە ئەسڵییەکەوە ئەم کتێبەی لێوە

تەرجەمەکراوە کەم تەرخەم نەبن. چونکە ئەو وردەکاریانە هەم یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ باشتر تێگەیشتنی دەقەکە و هەم دەبنە ناساندنی بەتوانایی و، شارەزایی و، لێوەشاوەیی کارمەندانی دەزگاکە و دەزگای چاپەمەنییەکەش. لەلایەکی تریشەوە نیشانەی بەئامانەتەوە گەیاندنی ئامانەتە. هیوادارم ئەم تکایەم وەک بەبیرهێنانەوەیەک لە کەسێکی دڵسۆز و پەرۆشمەندەوە تەماشا بکرێت.

خاڵدانانەوە وەکو خۆی لە شانۆنامەکانی ئیبسن دا گرینگە. پێویستە ئەکتەرەکان لە نمایشکردنی ڕۆڵەکانیان دا، ئاگەداری خاڵدانانی دەقەکەبن. وە بزانن لە کوێدا دەوەستن، دەپرسن و تێ دەفکرن بۆ ڕێکخستنی وتنی ڕستەیەک یان وشەیەک. لە کوێدا هیمای خەتی کورت (–) کە دەکاتەوە قسە پێبڕین یان هیمای کۆما و خەتی کورت (،–) کە کەمێک وەستان و تێفکرین لە کاتی قسەکردندا دەگەیەنێت، بۆ دۆزینەوەی وشەی لەبار لە کاتی گفتوگۆکردنەکەدا، لە ڕۆڵەکانیاندا بەرجەستە دەکەن.

لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسی هاوسەرم ئینگەر ئۆستنستاد بکەم کە لە کاتی خوێندنەوە و بەراوردکردنی تەرجەمە کوردییەکەی ئەم شانۆنامەیەدا بە دەقە ئەسڵە نەرویجییەکەی گەلێک یارمەتی دام. وە سوپاسی هەڵوێستی پرۆفیسۆر ئۆرشێت دەکەم، کە ڕێگەی دام نووسینەکەی بکەمە پێشەکی ئەم کتێبە. سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم دانا ڕەوف دەکەم کە هەستا بە ئەرکی پێدا چوونەوەی شانۆنامەکە و بە تێبینییەکانی سوودی پێ گەیاندم. وە سوپاسی هاوڕێ ئازیزم ئازاد بەرزنجی و کاکە زانا سامان دەکەم بۆ هەڵەچنی شانۆنامەکە.

هاودەم ساڵح جاف

٨/٥/٢٠٠٩ – ئۆسلۆ



## زرینگەی زەنگۆڵەزیوینییەکان لە شەوێکی زستاندا

یۆن گابریێل بۆرکمان

Asbjørn Aarseth

هێنریک ئیبسن لەم شانۆنامەیەدا گەڕاوەتەوە بۆ هەمان دراماتورگی ساڵەکانی ١٨٧٠ و ١٨٨٠ کە خۆی داهێنەر و گەشە پێدەری بووە. یان تا ڕادەیەک بۆ هەمان شێوەی دراماتۆرگی ئەو ساڵانە. ئیبسن لەم شانۆنامەیەدا کە لە چوار بەش پێک هاتووە، ڕووداوەکان دابەش دەکات بەسەر سێ دیمەنی شانۆیدا. تەوەری سینۆگرافی ئەم شانۆنامەیەی ئیبسن داخراوترە لەچاو زووربەی شانۆنامەکانی پێشوویدا. بەشێکی بەهۆی ئەوەوەی کە ڕووداوی شانۆنامەکە لە ئێوارەیەکی زستاندا ڕوو دەدات و بەشێکی تریشی بەهۆی ئەوەوەی کە کاسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکە کەسانی بەتەمەنن و ژیانێکی هێمن و ئارام دەژین. لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا ئیبسن بەم شێوەیە وەسفی دیمەنەکە دەکات:

«هۆڵی دانیشتنی ڕۆژانەی گودهیلد خانم، کە تەیارە بە برێکی زۆر کەرەسەی کۆنی ڕەنگ کاڵبووەوە _. دەرگەیەکی کراوەی ناو دیوار (دەرگەیەک کە بەلای ڕاست و چەپدا دەکرێتەوە و دادەخرێت. وەرگێڕ) دەباتە ناو هۆڵێک کە بەشی دواوەی دەرگە و پەنجەرەی جامخانەییە و دەڕوانێ بەسەر دیمەنی باخچەیەکدا و، لەوێوە دیارە کە لەو دەمەو ئێوارەیەدا چ بەفر و

کرێوەیەکە. لە دیواری لای ڕاستەوە دەرگەیەک لە ڕاڕەوی پێش هۆڵەکەوە هەیە بۆ هاتنە ژوورەوە. بەشی پێشەوەی_ هەمان دیوار، زۆپایەکی کۆنی لە ئاسن دروستکراوی داگیرساوی تێدایە. بە لای چەپدا، کەمێک بۆ دواوە، دەرگەیەکی ساکاری بچووکتر دەبینرێت. هەر لە پێشەوەی لای چەپدا پەنجەرەیەک هەیە، کە پەردەیەکی ئەستووری پیاداگیراوە. لە نێوان پەنجەرە و دەرگەکەدا قەنەفەیەک دانراوە کە بەرگێکی لە مووی ئەسپ چنراوی تێ گیراوە و مێزێکیشی لە بەردەمدایە کە سەرمێزێکی بەسەردا دراوە. مێزەکە چرایەکی کڵاوداری داگیرساوی لەسەرە. کورسییەکی قۆڵداری پشت درێژ لە بەردەم زۆپاکەدایە.» (بەشی یەکەم)

ئەو زانیارییەی کە باس لە " بڕێکی زۆر کەرەسەی کۆنی ڕەنگ کاڵبووەوە" دەکات سەرنجمان بەلای کەسانێکی بەتەمەندا ڕادەکێشێت؛ پاش ئەوە دەتوانرێ پاشخانی ئەو دیمەنە ببینرێت کە هۆڵێکی جامخانەییە و دیمەنی باخچەکەی لێوە دیارە. کە ڕەهەندێکی پشت دیمەنی دیکۆرکێشی "مێتاسێنیسک" پیشان دەدات. دەتوانرێ بوترێ کە دیمەنەکە لەو لایەنەوە هێڵێکی زۆر جیاکەرەوانەی گرینگ لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا دەکێشێت. لە باتی ئەو کەشە باراناوییەیی سەرەتای شانۆنامەی "تارماییەکان" و پاشان خۆشبوونەوەی بارانەکە و دەرکەوتنی خۆر، یان ئەو کەشوهەوا هاوینییەی نێو شانۆنامەکانی " ڕوسمارش هۆڵم" و" خانمی دەریا" و "هێددە گابلەر" «ناوونیشانەکانی نێو جووت کەوانەکان لە بەرهەمە شانۆییەکانی ئیبسن. وەرگێڕ»، لە شانۆنامەی یۆن گابریێل بۆرکماندا، لە پەنجەرەکانی خانووەکەی ڕێنتهایمەوە دیارە کە لە دەرەوە بەفر



دەبارێت و دنیا تاریکە. ناتەبایی دنیایی دەرەوە و ناو هۆڵەکە لە ڕێی نواندنێکی ناهاوچوونیەکی پەڕگیرەوە لە نێوان ساردی و گەرمیدا پڕهێز دەکرێت؛ زۆپائاسنەکەی ژوورەوە داگیرساوە، وە میوانە هاتووەکە، ئێلە ڕێنتهایم، بە پاڵتۆ فەروودارەکەیەوە پێیوایە کە : " ئێرە زۆر گەرمە –"، کاتێک کە خاوەن میوان، خانم گودهیلد بۆرکمان، لە وەڵامدا دەڵێ : " من هەمیشە سەرمامە" (بەشی یەکەم). ئەگەرچی هەردووکیان خوشکن، بەڵام وەکو ئەوەی کە سەر بە هەمان دنیا نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا هەشت ساڵ بەسەر ئەو ماوەیەدا تێپەڕیوە کە دواجار ئەم دووانە قسەیان پێکەوە کردووە. ئێلە، خاوەنی ئەو موڵکەیە، بەڵام لە جێگەیەکی تر دەژی، وە سەردانی ساڵانەی لەبەر خاتری کارگێڕی موڵکەکانێتی، نەک لەبەر خاتری خوشکەکەی.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(...) بێگومان تۆ جاروبار منت بینیوە، – ئەو کاتانەی کە ساڵانە بەسەفەر بۆ ئێرە دە هاتم بۆ لای سەرپەرشتیاری کارگێڕی مۆڵکەکانم.

**گودهیلد:**

وا بزانم جارێک یان دووان.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

منیش یەک دوو جار لەو پەنجەرەیەوە تارماییی تۆم بینیوە.

**گودهیلد:**

دەبێ لە پشتی پەردەکانەوە بووبێت. چاوەکانت تیژن. (بەشی یەکەم).

دراماکە بە سەردانێکی کتوپڕی ئێلە ڕێنتهایم دەست پێ دەکات.

دوای ئەوەی کە دەزانێت دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووە، دەیەوێت ئەو ماوەیەی کە لە ژیاندا ماوێتی، ئەرهارت بۆرکمانی لاو، کە کوڕی خوشکییەتی و خۆی بەخێوی کردووە پاش گرتن و زیندانیکردنی باوکی، بەهۆی بەکارهێنانی نایاسایی پارەی سەرمایەگوزارانەوە، وەک بەڕێوەبەری بانق، لەلای ئەو بژی و وە بیکات بە کوڕی خۆی و، پاشناوەکەی خۆشی پێ ببەخشێت. بەڵام دایکی ئەرهارت پلانێکی تری هەیە. ئەو دەیەوێت ئەرهارت سەرلەنوێ شەرەفی خێزانەکە بکڕێتەوە:

"پێش هەموو شتێ ئەرهارت دەبێت ئاگای لەوەبێت کە لە ئایندەدا دەشێ ئەو بگاتە ئاستێک کە هێندە بەرز و هێندە بەرین بەهەمووولایەکدا بدرەوشێتەوە کە هیچ مرۆڤێک لەم نیشتیمانەدا ئیتر ئەو سێبەرە نەبینێت کە باوکی خستووەتییە سەر من – و کوڕەکەم." (بەشی یەکەم).

خودی بۆرکمانیش پلانگەلێکی داڕشتووە، کە هەروەکو پلانی دوو ئافرەتەکە، پلانەکانی ئەویش ئەرهارت دەگرنەوە. پاش سێ ساڵ بەندیخانە، بەڕێوەبەری بانق پێنچ ساڵ لە ژووری تەنیایی زیندانادا بووە، دوای ئەوەش هەشت ساڵ بەویستی خۆی لە هۆڵەکەی سەرەوە کەنارگیربووە و خۆی لە دنیا دابڕاندووە:

**بۆرکمان:**

(...) من لە سەرەتاوە بەدرێژاییی هەموو ئەم ساڵانە هەوڵم داوە یارمەتی خۆم بدەم – بە هیوا و خەوبینین. بەڵام ئیترشتی وا بەکەڵکی من نایەت. وە ئێستا دەمەوێت لەو خەوانە بێمە دەرەوە.



**ئارهارت:**

(کەمێک خۆی دەنووشتێنێتەوە). وە خواستی چی – باوکم خواستییەتی چی بکات؟

**بۆرکمان:**

دەمەوێت، ئیعتیبار بۆ خۆم بگێڕمەوە. دووبارە لە خوارەوە_ دەست پێ بکەمەوە. تەنیا لە ڕێی ئێستا و ئایندەوە مرۆڤ دەتوانێ سزای ڕابردووی خۆی بدات. لە ڕێی ئیشکردنەوە،– لە ڕێی ئیشکردنی بێوچانە وە لە پێناوی هەموو ئەوەی، کە لە کاتی لاوێتیدا وەکو خودی ژیان بۆم هاتنە پێش. بەڵام _ ئێستا ئیتر هەزار جار بەرزترە لەچاو ئەوسادا. ئارهارت، – دەتەوێت لەگاڵمدا بیت و لە پێناوی ئەو ژیانە نوێیەدا یارمەتیم بدەیت ؟ (بەشی سێیەم)

سێ کەسی پیر هەریەکەیان بە پرۆژەی تەمەنئامێزی خۆیەوە خواستی خۆی دەخاتە بەردەمی ئەرهارتی لاو. ئەمە بەشێکە لە کێشەی بارودۆخی دراماکە. لەپێناوی ئەوەی کە قورساییەکی دراماتیکی بدرێت بە هەریەک لەم شوێنگانە، دیالۆگەکان بەشێکی بەرچاو لە گەڕانەوە بۆ ئەو پێوەندییانە دەپێچنەوە، کە چەندەها ساڵ لە دەرەوەی ئەو دەموکاتەی ئێستادان کە مامەڵەکەی سەرشانۆی تێدا گەمە دەکرێت،. یۆن گابریێل و هەردوو خوشکەکە ئێلە و گودهیلد لە ساڵانی گەنجییاندا تووشی پێوەندییەکی ئێرۆتیکیانەی سێکوچکەیی بوون. لەلای بۆرکمان ئێلە لە گودهیلد خۆشەویستر بووە، لە هەمان کاتیشدا کەسێکی تریش بە ناوی پارێزەر "هینکێل"ەوە عاشقی ئێلە بووە و، یۆن گابریێل دەستی لە ئێلە هەڵگرتووە و گودهیلدی مارە

کردووە وەک هاندانێک بۆ گەیشتن بە پلەوپایە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیەی نیوان خۆی و هینکێلی پارێزەر. بەڵام ئێلە، کە یۆن گابریێلی خۆش دەوێت، ئەوی تر "پارێزەر هینکێل" ڕەت دەکاتەوە و بڕیار دەدا شوو نەکات. پارێزەر هینکێل ـ یش تۆڵەی ئەوە لە بەڕێوەبەری بانق دەکاتەوە بەوەی کە هەموو سەوداومامەڵە نایاساییەکانی بەڕێوەبەری بانق بە پارەی سەرمایەگوزارانەوە بخاتە ڕوو، یۆن بۆرکمان سزا دەدرێت و دەخرێتە زیندانەوە. بۆرکمان لە گەڕانەوەیدا بۆ بەسەرهاتەکانی ڕابردوو لەو بارەیەوە وا بە فوڵداڵ دەڵێ:

> هیچ نهێنییەک نییە لە ژیانمدا کە من نەمویرابێ بەکراوەیی بیخەمە بەردەمی ئەو. بەڵام هەر کە فرسەتی بۆ هەڵکەوت، ئەو ڕووی ئەو چەکەی تێ کردم کە خۆم دابوومە دەستی. (بەشی دووەم).

لە درامای کلاسیکیدا ڕووداوەکان و پێوەندی کەسایەتییەکان بە ڕووداوەکانەوە لە ئێستادا ئەزموون دەکرێن. کەسەکان لە ئێساتدا بەیەکتری دەگەن، لەسەر شانۆ لە بەرچاوماندا یان لە دەروون بینیماندا کاتێک کە لە کاتی خوێندنەوەدا لەلای خۆمان دیمەنەکە وێنە نیاندەکەین. بەڵام لە شانۆنامەی وەک یۆن گابریێل بۆرکماندا و دراما ئیپسنییەکانی تردا هیچ قۆناغێکی هەواڵدەری نییە، هیچ کەسێکیش لەوانەی کە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە (چیرۆک خوانەکان) بە نزیکیشیان لە ڕووداوەکانەوە گرەنتی ئەوە نادەن کە ڕووداوەکان تەواو کۆتاییان پێ هاتووە. کەسەکان ڕاستەوخۆ لە بەردەمماندا ڕەفتار دەکەن و وەهمێک لە هەڵلەرزین و هەڵچوونی حیسابێکی تەسفییەنەکراو،



سەرزەنشتکردن، نائومێدی و، ئاتاج بوون بە پاکانەکردن و ڕەهاندنی (تبریر) ڕەفتارەکانیان، لە پرۆژە و زۆرخوازیارییاندا لە پێناوی ئەو بەشەژیانەی کە ماویانە لە ژیاندا بژین، دەخولقێنن. سەرچاوەکانی ڕابردوو کە لە وتووێژەکانی نێوان ئێلە ڕێنتهایم و بۆرکماندایە ڕابردوویەکی کۆتایی پێ هاتوو ناگرێتەوە، بە مەودای مەلحەمی بۆ کاتی گێڕانەوەکە. ئەوان لەبارەی ئەوەوە قسە ناکەن کە چۆن ژیانیان زۆر یان کەم تێک چووە. ئەوان بە ژیانی تێکچووی خۆیانەوە، بە ئاکامە کۆتایی نەهاتووەکانی ئەو کارانەی ئەوان لە ساڵانی گەنجییاندا پێی هەستاون، بەرامبەر بەیەک ڕاوەستاون. سەرچاوەکانی ڕابردوو کاریگەرییێکن بۆ ڕەنگکردن و بارگاویکردنی دراما هەنوکەییەکە و کێش و قورساییەکیش بە دیالۆگەکەی نێوانیان دەبەخشێت. چی ڕوو دەدات؟ ئایا یۆن گابریێل دان بە تاوانی خۆیدا دەنێت؟ چۆن حیسابەکەی نێوانیان تەسفییە دەبێت؟

پرسیارگەلێک کە دەتوانرێت بوترێت بڕیاردەرن بۆ کردنەوەی گرێی ڕووداوی دراماکە و، پێوەندی بە ئیختیاری ئەرهارت ـ ی لاوەوە هەیە، ئەوەیە کە ئایە ئەرهارت دەیەوێ ژیانی بە کێوە گرێ بدات؟ ئەو سێ کەسە بەتەمەنە بە قازانجی پرۆژەکانی ژیانیان بەڵگە دەهێننەوە کە هەریەکەیان لە خاڵی ڕوانینی خۆیەوە وەک شتێکی ڕێزدار و قەناعەت پێهێنەرانە دێتە بەرچاوی، بەڵام ئەرهارت حەز ناکات خۆی بە هیچ کامێکیانەوە ببەستێتەوە. لەبەرئەوە خۆی دەداتە دەست دنیا، لەگەڵ خاتوو وێڵتۆن و فریدا فوڵداڵدا دەڕوات، لە پووری، دایکی و باوکی دوور دەکەوێتەوە. ئەوەش ناوەندی شانۆنامەکەیە.

تاک و تەرایەک لە لێکۆڵەرەوان دەیانەوێ ئەو پێوەندییە

سێکوچکەییەی نیوان ئەرهارت و ویلتۆن خانم و فریدا وەکو هاوتەریبێکی تەنزئامێز بۆ پێوەندییە سێکوچکەییەکەی نەوەکەی پێش ئەوان (نەوەی دایک و باوک، مەبەست لەو پێوەندییەیە کە لە نێوان بۆرکمان و ئێلە و گودهیلدایە. وەرگێر) لێک بدەنەوە. لە کۆتاییی بەشی سێیەمدا هەم وێلتۆن خانم و هەم ئەرهارت بەڵگە بۆ بڕیاری سەفەرکردنیان پێکەوە بۆ دنیای دەرەوە بەوە دەهێننەوە کە ئەوەی ئەوان ئێستا دەخوازن لەگەڵ یەک بەشی کەن، مانای بەختەوەرییە، بەڵام گودهیلد هەوڵ دەدات گومان بخاتە سەر پرۆژەکەیان:

**گودهیلد:**

(بە سووکایەتی پێکردنەوە). همم،– بەختەوەری، بەختەوەری –

**ویلتۆن خانم:**

من هەرگیز لەمەوبەر لە ژیانمدا نەمزانیوە بەختەوەری چییە. وە مەحاڵە بتوانم واز لە بەختەوەری بهێنم هەر لەبەرئەوەی درەنگ بەرەو پیرم هاتووە.

**گودهیلد:**

وە بە باوەڕی ئێوە ئەو بەختەوەرییە چەند بەردەوام دەبێت؟

**ئارهارت:**

(بە قسە پێبڕینەوە). دایکە، کەم یان زۆر – گرینگ نییە!

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییەوە). مرۆڤی کوێراییداهاتووی، وەک تۆ! نابینی ئەمە هەمووی بەرەو کوێ دەچێ؟





**ئەرهارت:**

من لە ئێستادا گوێ نادەم بەوەی سەیری پێشەوە بکەم. نامەوێ تەماشای هیچ لایەک بکەم! من هەر دەمەوێ بۆم هەبێ جارێک، منیش ژیان بژیم! (بەشی سێیەم)

ئارهارت دەنگی بەگوڕی ڕۆمانتیکییە، خۆدانە دەست ساتەوەختی گەنجانەی، هەستی پڕ جۆشوخرۆشە لەپێناوی جۆرایەتیدا لەبری چەندایەتی. لە ململانێکەی بەشی سێیەمدا کە ئاشکرا دیارە، ئەرهارت لە سەرەتادا هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی نەرم، بەڵام لە دواییدا کەمێک بە ڕەقییەوە ڕوونی بکاتەوە بۆچی ئەو ناتوانێ بمێنێتەوە و لە خزمەتی هیچ کامێکیاندا بێت:

**ئارهارت:**

(خۆی گورج دەکاتەوە). خوای گەورە، دایکە، – من گەنجم! پێم وایە کە هەوای ناو هۆڵەکەی ئێرە لە کۆتاییدا تەواو دەمخنکێنێت.

**گودهیلد:**

لێرە، لەلای من!

**ئەرهارت:**

بەڵێ، دایکە، لێرە لەلای تۆ!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

کەواتە ئەرهارت، لەگەڵ مندا وەرە!

**ئەرهارت:**

ئۆ، پوورە ئێلە، لەلای تۆش بە موو فەرقی نییە. لەوێ بە

جۆرێکی ترە. بۆ من باشتر نییە. ئەگەرچی ئەوێ بە گوڵ و خونچە ڕازێنراوەتەوە، بەڵام هەوای هۆڵەکەی ئەوێش، وەکو هەوای هۆڵەکەی ئێرەیە!

**گودهیلد:**

(پەشۆکاو، بەڵام هەوڵ دەدا دانبەخۆیدا بگرێ). هەوای هۆڵەکەی دایکت دەڵێیت!

**ئەرهارت:**

(بەرەبەرە بە تەحەمول نەمانەوە). بەڵێ، نازانم چی ناو بنێم. ئەم هەموو  بە پەرۆشییە نەخۆشە و – وە ئەم هەموو کوڕنوش بۆ بردنە – یان نازانم چی پێ دەڵێن. من ئیتر لە تاقەتما نەماوە! (بەشی سێیەم)

لە چەندەها درامای تری ئەو سەردەمەدا وشەی وەکو "هەوای هۆڵ"مان بەرچاو دەکەوێ یان خوازێکی "مێتافوریکی" بەهێزتر "بۆنی زەلکاو" – کە وەک دەربڕینێک بۆ ژیانکردن لە ژینگەیەکی هەوا تێدا پەنگخواردووەوە و ناتەندروست و نیشانەی حاڵەتێکی نەخۆشی وەکو کلاوسترۆفۆبیا «ترس لە شوێنی تەنگ و داخراودا. وەرگێڕ» لەلای ئەو کەسەی کە ئەو شێوە دەربڕینە لە ئاخافتنیا بەکار دەهێنێ. جۆرایەتی هەوا لێرەدا نزیکتر بە وشەکانی "گوڵ و خونچە" هێنراوەتە بەر باس[٩]– ئەمە گەڕانەوەیە بۆ کەرەسەیەکی ئاشنا لەلای چینی ناوەند بۆ بۆن خۆشکردنی هەوای ناو ژووره داخراوەکانیان، وە بە واتایەکی

(٩) لە شانۆنامەی هێدا گابلەر–دا، هێدا بۆنی "خونچە و گوڵی خوێناوی"، ناو هۆڵی دانیشتنەکانی ئەو ڤێلایانەی ئەو دەچێتە ناویانەوە، کاردانەوەی لەلا دروست دەکات.



تر مەبەست لە گوڵ و خونچە بەکارهێنان لە ناو ماڵەکانیاندا، بڕیارێکە کە مەبەستێکی باش لە پشتییەوەیەتی ئەویش بیرکردنەوەیە بۆ خۆشحاڵی و خۆشگوزەرانی لە ناو ماڵەکاندا. دروست لەبەرئەوەی ئەو مەسەلەیە پێوەندی بە داخرانەوە «مانەوە لە جێگەیەکی مووقەپەتا. وەرگێڕ» هەیە، ئەمەش یارمەتی بەهێزکردنی تاسە و ئارەزووی تاک دەدا بۆ سەربەستی. ئەوەش نموونەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەرهارت لێی ڕادەپەڕێ و دژی دەوەستێتەوە " ئەم هەموو بە پەرۆشەوەبوونە نەخۆشە و – وە ئەم هەموو کوڕنوش بۆ بردنە" (بەشی سێیەم). ئەرهارتیش هەروەکو ئۆسڤاڵد لە شانۆنامەی " تارماییەکان"دا "شانۆنامەیەکی ئیبسنە. وەرگێڕ"، ئامانجێکە بۆ پاراستن و ئاگەداریکردنێکی لە ڕادەبەدەر. کاردانەوەی ئەرهارت لە بەرامبەر ئەو مامەڵەکردنەدا بە شێوازێکی زمانەوانی وا لە شانۆنامەکەدا دارێژراوە کە بانگەوازێکە بۆ  وێنەنیانکردنە رۆمانسییەکانی جەماوەری بینەران دەربارەی بەیانکردنی ژیانێکی سروشتی و تەندروست لە ئازادیدا و بەراوردکردنی ئەو ژیانە لەگەڵ ژیانێکی ناتەندروست و دەستبەسەراگیراوی داخراو لەگەڵ نەوەی دایک و باوکاندا کە دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەوانەوە (نەوەکانیانەوە. وەرگێڕ) پرۆژە دۆڕاوەکانی ژیانیان بهێننە دی.

پێویستە دەوروبەری بارودۆخی سەفەرکردنی ئەو مرۆڤە گەنجانە لەو شەوی زستانەدا لە نزیکەوە بپشکنرێت. لە شێوازی دراماکانی ئیبسن دا ئەو هەوڵ و بەدواگەڕانە هەیە بۆ دۆزینەوەی بە هێزترین پێوەندی مومکین لە نێوان مامەڵەی ڕووداوە تاک و تەراکاندا. ئەمەش لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی دیالۆگەکانەوە  یان بە یارمەتی زانیاری لەبارەی دیکۆرسازی دیمەنەکەوە و ڕەفتاری کەسایەتییەکان لەسەر

شانۆ بەرجەستە دەکرێن. هەندێ جار ڕوو دەدات کە ئەم پێوەندییە پێکەوە گرێ دراوە دۆزینەوەی هێندە ئاسان نییە، وە زۆر جار دەتوانین ئەو بڕیارە بدەین کە کەسی سەرەکی بێ ئاگایە لەو پێوەندییانە، ئەم تێگەیشتنەمان وا دەکات کە کەسایەتییە سەرەکییەکان دەکاتە قوربانی درامایەکی تەنزئامێزانە. نموونەیەک لەو پێوەندییە گرێدراوە شاراوانە لە بەرجەستەکردنی ئەو وێنە جێگیرەدا لەلای یۆن گابریێل بۆرکمان دەدۆزینەوە لەو شێوەیەدا کە ناوبراو وەسفی کانزا دەکات لە پێوەندیدا بە ئاتاجی لاوانەوە بە ئازادی. لێرەدا دەتوانین ئەو دیالۆگە بە نموونە بهێنینەوە کە لە نێوان یۆن گابریێل و فریدا فولدالی کچە پیانۆژەنی لاودا لە سەرەتای بەشی دووەمی شانۆنامەکەدا ڕوو دەدات:

**بۆرکمان:**

بزانم دەزانن من بۆ یەکەم جار لە کوێ گوێم لەم تۆنانە بووە؟

**فریدا:**

(سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری دەکات). نەخێر، جەنابی بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

لە خوارەوە لە کانگە(١٠).

**فریدا:**

(تێ ناگات). ها؟ لە خوارەوە لە کانگە؟

---

(١٠) کانگە: بەجێگەیەکی وا دەڵێن، کە سروشت کانزای وەک زێڕ و زیو و بەردی نرخداری تێدا دروست کردبێ. ئەو جێگەیە کون دەکرێ و کانەکانی لێ دەردەهێنرێ.



**بۆرکمان:**

من لە تایەفەی بێرگمانەکانم، ئێوە ئەوە دەزانن. یان لەوانەیە نەیزانن؟

**فریدا:**

نەخێر، جەنابی بۆرکمان.

**بۆرکما:**

لە تایەفەی بێرگمانم.(١١) باوکم جاروبار منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ کانگەکان – لەوێ کانزاکان گۆرانی دەڵێن.

**فریدا:**

ها، کانزاکان گۆرانی دەڵێن؟

**بۆرکمان:**

(سەر دەلەقێنێ). کاتێک دەردەهێنرێن. بە چەکوشکاری، دەردەهێنرێن، – ئەو چەکوشکارییە وەک زەنگی کاتژمێری نیوە شەو، لێ دەدا و ڕزگاریان دەکات. لەبەرئەوە کانزاکان – لەخۆشیانا– بە شێوەی خۆیان گۆرانی دەڵێن.

**فریدا:**

بۆچی وا دەکەن، جەنابی بۆرکمان؟

**بۆرکمان:**

چونکە دەیانەوێ بێنە دەرەوە بۆ ناو ڕووناکی و خزمەتی مرۆڤ بکەن. (بەشی دووەم)

---

(١١) بێرگمان: بەو کرێکارە دەگوترێ کە لە کانگەی دەرهێنانی کانزادا کار دەکات.

لە نێوان پیانۆ لێدانەکەی فریدا و یادەوەرییەکانی یۆن گابریێلدا لەبارەی گۆرانی کانزاکان لە کانگەدا پێکەوە پێوەستییەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە، وە هەتا ئێرە لەوانەیە ئامەژەکردنی یۆن گابریێل بە کانزا لەم خاڵەدا پێویستی بە هیچ هاندەرێکی زیادە نەبێت.

بەڵام دوو شتی سەیر هەیە لەوەی کە یۆن گابریێل دەیڵێ. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو تۆنانەی فریدا بە پیانۆ لە پارچە مۆسیقای سەمای مەرگی سانت – سانس دا دەیانژەنێ، خۆشحاڵی دەربڕینی کانزاکان دێنێتەوە یادی یۆن گابریێل، کانزاکان لە قووڵای و تاریکیدا بەندکراون، وە چەکوش پیاکێشانەکان واتە کردنەوەیان و هێنانە دەرەوەیان بۆ ناو ڕووناکی. گرێدانی – گۆرانی ئازادی کانزاکان بەمۆسیقای سەمای مەرگەوە لەلایان کوڕی کرێکاری ناو کانگەکانەوە، لە خۆیدا دژ و پێچەوانەیە.

دووەمیشیان ئەوەیە کە کانزاکان بە نیوەشەو گۆرانی دەڵێن. ئایە ئەمە مانای ئەوەیە کە کاتێک یۆن گابریێل لەگەڵ باوکیدا چووە بۆ کانگە، لە نیوەشەودا بووە و باوکی بەشەو کاری کردووە؟ یان باسکردنی زەنگی کاتژمێری نیوەشەو تەنیا مانایەکی مێتافۆڕیانەی هەیە، بەو مانایەیی کە ئەو کانزا گیرخواردووە لە تاریکیدا بوونی هەیە، وە کە مەبەست لە ئازادی ئەو کانزایانە لە تاریکی هاتنە دەرەوەیانە بۆ ڕووناکی ڕۆژ؟ لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هێند گرینگ نەبێت. ئەوەی کە لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ناوهێنانی ئەو کاتە دیاریکراوەی نێوان شەو و ڕۆژە " نیوەشەو"، هەمان وەختە کە ڕووداوەکانی کۆتاییی شانۆنامەکەشی تێدا ڕوو دەدات. ئەوەی کە کانزاکان لە لێدانی زەنگی کاتژمێری نیوەشەودا گۆرانی ئازادی دەچڕن، هاوتەریبە لەگەڵ سەفەری ئەرهارت و یاوەرەکانی کە لە



دەوروبەری نیوەشەودا– خۆی لە خێزانەکەی ئازاد دەکات و بەرەو دنیای دەرەوە دەڕوات. ئەوە هەر بەتەنیا تاریکی شەو نییە کە پێوەندییەکان پێکەوە گرێ دەدات؛ شتێکی تریش هەیە. زەنگی کاتژمێری نیوەشەو لە ئێستای دراماکەشدا سەرلەنوێ لێ دەداتەوە. لە سەرەتای بەشی کۆتاییی شانۆنامەکەدا ئەو سێ کەسە بەتەمەنە لەو شەوی زستانەدا لەدەرەوە وەستاون، دوای ئەوەی کە ئەرهارت لە کۆتاییی بەشی سێیەمی شانۆنامەکەدا لەگەڵ وێلتۆن خانمدا خواحافیزبوونیان کردووە و ڕۆیشتوون. ئەو بەتەمەنانە چاوەڕوانن کە ئەرهارت لە ڕێگە سەرەکییەکەوە بە بەردەمیاندا تێپەڕێ و پاشان لە پایتۆنە سکی دارەکەی وێلتۆن خانمدا، لەگەڵ دوو ئافرەتەکەدا بەرەو دنیای دەرەوە بڕوات. گودهیلد بیر لەوە دەکاتەوە هاوار بکا بۆ ئەوەی ئەرهارت لەو سەفەرەی بوەستێنێ و بیگەڕێنێتەوە، بەڵام گودهیلد لەوە دڵنیایە کە ئەرهارت زۆر بە توندی هۆگری وێلتۆن خانم بووە و، بەحاڵیش گوێی لە هاوارەکەی نابێت. لە پڕێکدا لە ئارامی ئەو شەوەدا گوێیان لە زرینگانەوەیەک دەبێت:

**گودهیلد:**

نەخێر، گوێی لێ نابێ. (گوێ دەگرێ.) هش! ئەوە چییە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(ئەویش گوێ دەگرێ). وەکو دەنگی زەنگۆڵەبێ وایە –

**گودهیلد:**

(بە هاوارێکی هێواشەوە). ئەوە پایتۆنەکەی ئەو خانمەیە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

یان لەوانەیە هی یەکێکی تر بێ –

**گودهیلد:**

نەخێر، نەخێر، ئەوە پایتۆنەکەی ویڵتۆن خانمە! من دەنگی زەنگۆڵە زیوییەکانی دەناسمەوە! گوێ بگرە! ئێستا لە گردەکەوە بەرەوخوار – بەبەر ئێرەدا تێ دەپەڕن!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(خێرا). گودهیلد، ئەگەر دەتەوێ هاوار بکەی بە دوایدا، ئێستا هاواری لێ بکە! لەوانەیە ئەو–!

(لە نزیکەوە دەنگی زرینگەی زەنگۆڵە دێ، لە دارستانەکەوە.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

گودهیلد، خێراکە! ئەوان ئێستا لە خوار ئێمەوەن!

**گودهیلد:**

(ساتێک بێ قەرار ڕادەوەستێ؛ پاشان ڕەپ بێجووڵە ڕادەوەستێ، تووڕە و سارد). نەخێر. هاواری لێ ناکەم. لێگەڕێ با ئەرهارت بۆرکمان بە جێم بهێڵێ، دوور، دوور بۆ ئەو شوێنەی ئەو ناوی دەنێ ژیان و بەختەوەری.

(دەنگەکە لە دووربوونەوەدا ون دەبێ.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(پاش کەمێک). ئێستا ئیتر دەنگی زەنگۆڵەکان نایەنە گوێ.

**گودهیلد:**

پێم وایە وەک زەنگی مردوو[١٢] دەهاتنە گوێ.

(١٢) وەک نەریتێک لە کاتی گوێزانەوەی مردوو لە کەنیسەوە بۆ بەخاکسپاردنی، لە کەنیسەکەوە زەنگ لێ دەدرێ.



**بۆرکمان:**

(بە پێکەنینێکی وشک و، لەسەرخۆوە). ئەها، هێشتا زەنگ بۆ من لێ نەدراوە!

**گودهیلد:**

بەڵام بۆ من. وە بۆ ئەوەی کە منی بەجێ هێشت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە سەر دەلەقێنێ). گودهیلد، کێ دەڵێ ئەوە  زەنگی ژیان و بەختەوەری ئەو نیە.

**گودهیلد:**

(دەڕواتە سەرەوە؛ بە تووڕەیییەوە سەیری دەکات). دەڵێی، ژیان و بەختەوەری!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەکی کورت.

**گودهیلد:**

تۆ ژیان و بەختەوەری بەو ڕەوا دەبینی،– لەگەڵ ئەو خانمەدا؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(گەرم و لە ناخەوە). بەڵێ، لە هەموو ڕوحمەوە، ئەوەی پێ ڕەوا دەبینم!

**گودهیلد:**

(بەساردییەوە). کەواتە تۆ دەبێ لە توانای خۆشەویستیدا لە من، دەوڵەمەنتربیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دوور سەیری بەردەمی خۆی دەکات). لەوانەیە ئەوەی کە ئەو توانایە وا بەرز ڕادەگرێ تاسەی خۆشەویستی بێ.

**گودهیلد:**

(چاوەکانی تێ دەبڕێ). ئەگەر ئاوها بێ،– ئەوا بێگومان منیش بەم زووانە هەروەکو تۆ دەوڵەمەند دەبم، ئێلە. (بەشی چوارەم).

ئەو زرینگانەوەیەی کە دێتە بەربیستی بۆرکمان و ئێلە و گودهیلد لەو زەنگۆڵانەوەی کە بە ئەسپەکانەوە کراون، ئەو ئەسپانەی کە لەو شەوە هەوا سارد و تاریکەدا بە ڕێگەکەی خوارەوەی پێش موڵکەکانی ڕێنتهایم دا ئەو پایتۆنە سکیدارە ڕادەکێشن کە گەنجەکانی تێدا دانیشتوون، بە شێوەیەکی ڕەمزی پێوەستە بە یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی بۆرکمانەوە، یادەوەری لێدانی زەنگی کاتژمێری نیوەشەوی کانگەکان، باوەڕهەبوون بە گۆرانی ئازادی کانزاکان.[١٣]

ئەرهارتی گەنج و ئەو دوو ئافرەتەی کە ئەو بووەتە هاوپەیمانیان،

(١٣) Brian Johnston زۆر لەسەر خاڵی زرینگانەوە زەنگۆڵەکان لە ڕووداوەکەدا دەوەستێ و، وە هەم بەدیمەنی سەرەتای دەستپێکی شانۆنامەکەوە و، کە دەنگی زەنگۆڵە دێتە گوێ، وە هەم بەهێزی کانزاکانیش لەسەر یۆن گابریێلەوەی گرێ دەدات. وە یۆنستۆن ئەوە وکو بەشێکی "میتاڵ" لە شانۆنامەکەدا وەسف دەکات، وە زەنگی زەنگۆڵەکانیش وەکو هێمایەک بۆ ململانێی نێوان ژیان و مردن.
" It is the metallic sound of sleigh bells that opens the play, bringing a brief spasm of life to the Borkman home and this same sound of bells signals the escape of Erhart and his companions south converting the metallic death forces of Borkman into the life force of Mrs. Wilton." (Johnston, 1975, 146)



خۆیان لە کۆنەواری ڕەها دەکەن و، لە ڕێگەدان بەرەو دنیای دەرەوە و، لە هۆڵە داخراوە بێ بەرهەمەکانی ناو ماڵەکانیان ڕزگاریان بووە.

لەوانەیە ئیبسن لە ناونانی ئەرهارت–ی کوڕی بۆرکمان–دا بیری لە Ertzی ئەڵمانی کردبێتەوە کە بەمانای کانزا دێ. وشەی زرینگەی زەنگۆڵە زیوینییەکان فرەمانایە، وەکو ئەو مۆسیقایەی سەردەمی منداڵی دەهێنێتەوە یادی یۆن گابریێل لە کانگەکاندا. بۆ کانزا هەتا ئێستا بەکار نەبراوەکان، وەکو بڵێی بۆ کەسایەتییە گەنجەکانی ناو شانۆنامەکە، ئەو زەنگۆڵانە گۆرانیی خۆشحاڵییە؛ بەڵام بۆ کەسایەتییە پیر و پەککەوتەکانیش وەکو زەنگی بەگۆڕستان سپاردن دێتە گوێ، یان وەکو سەمای مەرگ.

دایکی ئەرهارت و وە بە تایبەتی پووریشی توانستێکی وایان هەیە لەوە تێ بگەن کە ئەو هێزگەلەی ئەرهارت–ی گەنجیان لێ زەوت دەکات کامانەن. ئێلە لە وزەیدا هەیە هیوای خۆشی بۆ ئەرهارت بخوازێ، وە گودهیلد–یش ئاماژە بەوە دەدات کە ئەویش دەخوازێ بگاتە هەڵوێستێکی خۆنەویستانەی لەو چەشنە. کەواتە بڕیارەکەی ئەرهارت بەتەواوەتی بەلای ئەوانەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە.

لەو دیمەنانەدا بۆرکمان ـ ی پیر سەرنج و لێدوانی زۆری نییە. چونکە کاتێک کە گەنج بووە، توانیویەتی بەبۆنەی چەکوشکاری کرێکارانی کانگەکانەوە، ئاتاجی کانەکان بە ئازادی بکات بە خەون و خەیاڵی خۆی.

ئێستا دەتوانێ گوێی لە دەنگی زەنگۆڵە زیوینییەکان بێ، بەڵام لە حاڵ و بارێکدا نییە پێویستی بە ئازادی هەبوون بناسێتەوە.

بەڕاستی لە نێوان گۆرانی ئازادی کانەکان و ئەرهارت ـ دا

جیاوازی هەیە. یۆن گابریێل بەم شێوەیە لە کانەکان تێگەیشتووە، ئاواتەخوازن بێنە دەرەوە  بۆ ناو ڕووناکی ڕۆژ هەتا خزمەتی مرۆڤەکان بکەن. بەڵام ئەرهارت پێش هەموو شتێ دەیەوێ لەبەر خاتری خۆی بچێتە دنیای دەرەوە : "... ئەو بەختەوەرییەیە کە من دەمەوێ! من گەنجم! دەمەوێ بژیم، بژیم، بژیم! " (بەشی سێیەم)

لەم شانۆنامەیەدا گەنجێتی ئەسەری هۆش و بیری خزمەتخوازانەی تێدا نییە؛ گەنجایەتی گوێ ناداتێ و ڕێزی لەلا نییە. نەخۆش و بەتەمەنەکان بەلاوە دەنرێن، هەتا بە مانای وشە بەلاوە دەنرێن. کاتێک ویلهێلم فوڵداڵ، کە دێتە بەردەمی ماڵی هاوڕێ کۆنەکەی، سەرەرای ئەوەشی کە لە نێوانیاندا لە هەمان ڕۆژدا ڕووی داوە، "...بەسەر قاچی چەپیدا زۆر دەشەلێ." (بەشی چوارەم). لەبەرئەوەی وەکو خۆی دەڵێ، بووە بەژێر پایتۆنێکی سکیداری دوو ئەسپی خێراوە بێ ئەوەی پایتۆن ئاژووەکە لەخۆی ببورێت و بۆ دەقیقەک بووەستێ.

ویلهێلم هیچ لەو بارەیەوە نازانێ کە ئەو پایتۆنە هەمان پایتۆنە کە کچەکەی دەگوێزێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات، هەتا ئەو کاتەی یۆن گابریێل لەو بارەیەوە زانیاری پێ دەدات. زۆر خۆشحاڵبوونی ویلهێلم بەو هەواڵەی کە ئێستا دەرفەتێکی زۆر بۆ فریدا هاتووەتە پێش هەتا زیاتر فێری مۆسیقا ببێ، کەم نابێتەوە.: (دەست دەدابەیەکدا). بیر لەوە بکەرەوە کە فریدا بچکۆلانەکەی من لە ناو ئەو پایتۆنە قەشەنگەدا دانیشتبوو! (بەشی چوارەم)

هەم یۆن گابریێل و، هەم گودهیلد و، هەم ئێلەش هەریەکەیان بۆ



خۆی، بێهوودە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ئەرهارت بەشداری بکات لەو خەونەی کە هەریەک لەوان دەیەوێ بە ئەنجامی بگەیەنێ. فوڵداڵ لەو چەشنە باوکانەیە کە گیانی لەخۆبووردنیان تێدایە. پرۆژەکەی ئەو خۆپەرستانە نییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی بەدیهێنانی (تەحقیقکردنی) ئەو پرۆژەیە لە ڕێگەی سەفەری کچەکەیەوە بۆ دنیای دەرەوە هەیە:

**فوڵداڵ:**

(بەبێ جوڵانەوە). ئایا ئەوە سەیر نییە، کە چۆن چۆنی بەختەوەری خۆی پێشکێشی مرۆڤێک دەکات! ئەوە – ئەوە ئەو تۆزە بەهرە شاعیرانەیەی منە کە لەلای فریدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە مۆسیقا. وە لەگەڵ ئەوەشدا کەواتە شاعیربوونی من  بێهوودە نەبووە. چونکە ئێستا با ئەو سەفەر بکات بۆ ئەو دنیا گەورە و، فراوانەی، کە من جارێک لە جاران زۆر خۆش خەوم بە بینینییەوە دەبینی. با لە پایتۆنی سکیداری داخراوی، تاخم _ و کەرەستەی زینی ئەسپ زەنگوڵەداری زیوینەوە، فریدای بچکۆلە سەفەر کات – (بەشی چوارەم)

یۆن گابریێل توانای ئەوەی نەبووە لە پێناوی ئەوانی تردا بژی، ئەگەرچی ئەو لەبارەی ئەوەوە قسەی کردووە کە پرۆژە پیشەسازییەکانی باشترین پرۆژە دەبوون لە پێناوی خەڵکدا. دروست ئەوە بە ئێلە دەڵێ لە باسکردنێکیدا لەبارەی کاتی خۆیەوە  لە بەشی دووەمی شانۆنامەکەدا:

من دەمویست هەموو سەرچاوەکانی قوودرەت لەم وڵاتەدا بخەمە ژێر دەستی خۆمەوە. دەمویست چ دەوڵەمەندییەک لە

زەوی و چیا و دارستان و دەریادا هەیە بخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆم و هەیمەنەی خودی خۆمەوە و، لە ڕێگەی ئەو هەیمەنەیەشەوە دۆخێکی خۆشگوزەرانی بۆ گەلێ لەوان، هەزاران هەزار ئەوانی تر بخولقێنم. (بەشی دووەم)

ڕۆڵی کەسایەتی – فولْدالٚ لە دراماکەدا ئەوەیە کە فیگورێکی – پێچەوانەیی (ناهاوچوونیەک)ی هەبێ و یارمەتیدەربێ بۆ پێبەخشینی قەوارە و ئەندازە راستەقینەکان بە خەوە مەزنەکانی کەسایەتی سەرەکی. فەرمانبەری زیادە و شاعیری هەوەسخواز ویلهێلم فولْدالٚ کە لەلایانی خۆیەوە بەهەمووشتێک ڕازییە و وە بە خۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی پاشەڕۆژی کچەکەیەتی؛ یۆن گابرییێل بۆرکمان باس لەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تر سوود و قازانجیان پێ دەگەیشت ئەگەر بهاتایە و کۆششە مەزنەکەی ئەو بهاتایەتە دی و سەری بگرتایە، بەڵام بەرزفڕی ئەو لە ڕاستیدا تەنیا لەبەر خاتری خۆ پیشاندان و پلەوپایەدایە.

لە دیمەنی کۆتاییی شانۆنامەکەدا پاش ئەوەی کە گەنجەکان دەڕۆن، ژنەکەی دەچێتەوە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەگەرمەکەی خۆی و فولْداڵیش بەشەلەشەل بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دڵنەوایی ژنەکەی بداتەوە کە لەبەر سەفەرکردنی کچەکەی لە ماڵەوە دانیشتووە و دەگری، ئەوەی کە زۆر سەیرە لە یۆن گابرییێل دا دووبارە ڕەتکردنەوەیەتی بۆ چوونە ژوورەوە بۆ ناو ماڵەکە:

**بۆرکمان:**

(ماوەیەکی کورت دەوەستێ و گوێ دەگرێ: پاشان بەخێرایی بەرەو خوارەوە بۆ بەردەمی حەساری کێڵگەکە دەڕوات).



من ئێستا لە دەرەوەی دیوارەکانم، ئێلە! ئیتر هەرگیز لەمە زیاتر منیان بۆ زیندانی ناکرێ!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەڕواتە خوارەوە بۆ لای). بەڵام خۆ تۆ لە ژوورەوەش پیاوێکی سەربەستیت، یۆن. دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت بێیت و بچیت.

**بۆرکمان:**

(هیواش، وەکو بترسێ). هەرگیز جارێکی تر ناچمەوە ژێر سەقف! بەشەو لە دەرەوەبوون لێرە_ زۆر خۆشە. بێتو ئێستا بچمەوە هۆڵەکە – سەقف و دیوار پێکەوە دێنەوە یەک. گوشارم بۆ دێنن. وەکو مێش دەمفلیقێننەوە – ( بەشی چوارەم)

ئەوێک کە ئەوەندە ساڵە چوونە دەرەوەی ڕەتکردووەتەوە، ئێستا بەبێ هیچ هۆیەکی هۆشەکی تەواو بڕیارێکی پێچەوانانە دەدات. بە هەموو کێشە و ناخۆشییە زاتەکییەکانەوە ئەو کاردانەوەیەیی یۆن گابرییل هاوشێوەیەکی چاوەڕواننەکراوە لەگەڵ سەفەرە تەندروستە ژیانویستەکەی کە ئەرهارت بۆ خۆی دەخوازێت. ئێمە لێرەدا دەتوانین بە ڕوونی قسە لەسەر حاڵەتێکی کلاوستروفۆبی(١٤) بکەین، وەکو یەکێک لە حاڵەتە هەرە کتوپڕە دەرکەوتووەکان دەتوانرێ ئەم چەشنە نەخۆشی عەسابە، لە یەکێک لە کەسایەتییە دراماییەکانی ئیبسن دا پیشان بدرێت.

(١٤) Klaustrofobi: کلاوسترو فۆبیا ترسێکە دەکەوێتە بەر یەکێک لە ژوورێکی داخراودا. لە لێدوانێکدا ئایڤیند تۆننەلاند تەشخیسی حاڵەتی کلاوستروفبیا لەم شوێنەی شانۆنامەکەدا دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی دەم بۆ دەرکەوتنەی بەلایەنی تری شانۆنامەکەوە ببەستێتەوە. (تۆننەلاند، ١٩٩٣، ١١٣).

ئەو کەسەی کە بەلایەوە گرینگە هۆی ئەوە بزانێت کە بۆچی بەڕێوەبەری بانق، سەرەڕای سەرماوسۆڵەی ئەو شەوی زستانە و، تاریکی، لە ناکاو هەست بە پێویستییەکی نەخۆش ئاساییانە دەکات بۆ لە دەرەوە مانەوە، بێگومان دەبێ بیر لە ١٦ ساڵ مانەوەی ئەو بکاتەوە لە ناو چوار " دیوار" دا، کە بە بیر و بۆچوونی ئێمە ئەو سالانە پێویستییەکی توندوتیژی چەپێنراوی بۆ ئازادییەکی بەدەنی بێ سنوور خولقاندووە. پێوەست بە جۆری ڕۆنانی داراماکەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە جێگەی خۆیدایە پاش تەواوبوونی ئەو ململانێ گرژە، ئاماژە بۆ پێویستبوونی کۆتایی هاتنێکی دیار و، ڕەوانبێژیانەی پرکارێگەر_ بکرێت. وازهێنان لە بەجێهێشتنی ماڵەوەی ئەرهارت لەگەڵ یاوەرانی و، وەستانی ئەو سێ بەتەمەنەش لەسەر پلیکانەی بەردەمی ماڵەکە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو پێوەندییە سێکوچکەییە چارەسەر نەکراوە هەر وەکو جاران لە دۆخی ڕاوەستاوی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەسەرهاتی فولدالی بەژێر پایتۆنەوە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێچەوانەوە دڵخۆش، هێشتا ناکرێ ببێتە نمایندەیەکی قبوولکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دراماکە. سەرئەنجامێک پێویستە بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو ڕوانگە تەسفیەنەکراوەی یۆن گابریێل لە نێوان ئەو دوو خوشکە دووانەیەدا. _

لە پێکهێنان و دروستکردنی ئەم سەرئەنجامەدا ئیبسن مامەڵەیەکی تر لەگەڵ دیکۆرکێشی دیمەنەکاندا دەکات کە ئێمە پێشتر لە داراماکانیدا ئەو چەشنە مامەڵەکردنە نابینین. ئاشکرایە کە دیمەنی ناوچەی بەردەمی خانووەکە جێگەی مانەوە نییە؛ ئەو شوێنە خاڵی پێکگەیشتنی دوو جولانەوەیە؛ یان چوونە ژوورەوە، یان بەجێهێشتنی ئەو شوێنە. ئەوەی کە لە بەردەمی دەرگەی پێش چوونە ژوورەوەی




ماڵەکەدا ڕاوەستێ، مانای ئەوەیە کە هێشتا لە نێوان ئەو دوو جولانەوەیەدا ئیختیاری نەکردووە.

لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێلەدا کە لە یۆن گابریێل دەپرسێ بۆ کوێ دەچێت کاتێک کە دەزانێ مەحاڵە دووبارە ئەو بەرێتەوە_ ژوورەوە، لە وەڵامدا یۆن گابریێل دەڵێ: " تەنیا بڕۆم و بڕۆم و بڕۆم. ببینم دەتوانم جارێکی تر بگەمە ئازادی و ژیان و مرۆڤ. ئێلە، حەزەکەی لەگەڵمدا بێیت؟ " (بەشی چوارەم). پاش کەمێ دوودڵی ئێلە بڕیار دەدات کە لەگەڵیدا بڕوات، وە بەرەو لای چەپ دەڕۆن و، لە خانووەکەی کە لەلای ڕاستەوە دیارە دوور دەکەونەوە. لێرەدا دارامانووس وەسفی ناباوی (مەبەست داهێنانێکی تازە و لەمەو پێش نەبینرا و باو نەبووە. وەرگێڕ) ئەو دیمەنە دەکات کە ئەو دووانە تێیدا دەجولێن:

(هێدی هێدی بەلای ڕاستدا دەگەنە دارستانێکی بچووک. وردە وردە لە چاو ون دەبن،_ تا دیار نامێنن، خانووەکە و حەساری کێڵگەکەش لە چاو دیار نامێنن. دیمەنەکە، بە دارچنار و گرد و بەرزایی، بەبەردەوامی هێواش هێواش لە گۆڕاندایە و شوێنەکە سەخت و کێویتر دێتە بەرچاو.) (بەشی چوارەم).

لە هەمان کاتدا کە دیکۆری دیمەنەکە دەگۆڕدرێت بە دیمەنێکی تر و، وە ئەو دوو کەسایەتییە لە مەودای بینین دەچنەدەرەوە، هەردووکیان پێکەوە قسە دەکەن کە قسەکانیان لەبارەی ئەو پرسیارەوەیە کە ئایە زەرورییە هێندە بەرەو بەرزایی بچن. ئەو ئاخێوەرانە لەم قۆناغەدا وەکو " دەنگی ئێلە ڕێنتهایم" و " دەنگی بۆرکمان" ڕاگەیەندراون، وە دەنگەکان جارێک لەلای "ڕاستی دارستانەکەوە " و جارێک لە " سەرەوە بەرزتر "– دێنە گوێ؛ پاشان دەنگەکان " نزیکتر" دەبنەوە،

بەڵام " هێشتا " دیارنین، هەتا " لە ناو دارەکانەوە" دەردەکەون، یەکەم جار بۆرکمان و پاشان ئێلەش بە دوایدا. لێرەدا گۆڕانکاری دیکۆری دیمەنەکە دەوەستێ، وە شوێنی کۆتایی هاتنی ئەو ڕووداوانە بەم جۆرە دێتە وەسفکردن:

(گەیشتوونەتە بەردەمی دەشتێکی کەمێک بەرزی بەردەم کراوە، لە دارستانکەدا. گردێکی پان لە پشتیانەوە بەرز بووەتەوە. لەلای ڕاستەوە، قووڵ بەرەوخوار، دیمەنێکی بەربڵاو لە بەرزایی و ئاودڕی تەنک و باریک و درێژ و، زنجیرە گردی لەسەریەکی دوور. لە تەختاییەکەی لای چەپدا، دارچنارێکی وشک بوو کورسییەکی لە ژێردایە. بەفرێکی زۆر دەشتەکەی داپۆشیوە.) (بەشی چوارەم).

بەرهەمهێنانی شانۆنامەکە پاش ئەو ڕێنوێنییانە بۆ دیکۆرسازی دیمەناکانی، ئامێر و کەرەستەیەکی هیجگار زۆر لەو شانۆیەی کە بەو کارە هەڵدەستێت داوا دەکات[١٥]. ئیبسن لەلای خۆیەوە ئەو دیمەنەی

(١٥) لە ٢٥ جانیوەری ١٨٩٧دا ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی کریستیانیا (ئۆسلۆ) پێشان درا. مێژوونووس لە بواری شانۆدا ت. بلانک لە نووسینێکیدا لەبارەی مێژووی هۆنینەوەی دیمەنە ئەپسنییەکان وە، باسی چۆنێتی چارەسەرکردنی دیکۆر کێشی ئەو شانۆیە دەکا بۆ بەشی چوارەمی دراماکە: "لە ناو ئەو کەرەسەی دیکۆراتەی کە بەدەستهێنرابوون، شتێکیشیان تێدا بوو کە پێی دەوترێ «پەردەی سەیار» بۆ بەکارهێنانی لە دیکۆر ڕازاندنەوەی بەشی چوارەمدا – جۆرە دیکۆر سازییەک بوو، کە لەو بوارەدا یەکەم جار بوو لەسەر شانۆی شانۆی کریستیانیا بەکار بهێنرێ. دیمەنەکانی ئەم بەشە لە گرێفسنئۆسنەوە (ناوچەیەکی پڕ گردوو دارستانە لە ئۆسلۆ. وەرگێڕ) لە نزیک کریستیانیاوە بەهرەی لێ وەرگیرابوو وە بە ئاستێکی بەرز زۆر گاریگەری هەبوو" (بلانک، ٦٧، ١٩٠٦).



وا بەرجەستە کردووە کە سروشتی دیمەنەکە بەبەرچاوی بینەرانەوە گۆڕانکاری بەسەردابێت، وە ئەوەش ناتوانرێ بەشێوەیەکی تر جگە لە بەکارهێنانی پەردەی سەیار و – تێکنۆلۆجیا، یان سوود وەرگرتن لە شانۆی سووڕاو کە بەهێواشی دەخرێتە گەڕ (مەبەست لەو جۆرە شانۆیانەیە کە بەهۆی تەکنەلۆجیاوە دەجوڵێ و دەسووڕێ. وەرگێڕ). بهێنریتە دی، بەجۆرێک کە کارێکی وا بکرێت بەشی ڕاڕەوی چوونە ژوورەوەی بەردەمی ماڵەکە پاڵی پێوە بنرێت بۆ لای ڕاست، لە کاتێکدا کە لەلای چەپیشەوە شوێنی تازە لە دیمەنەکەدا دێنە بەرچاو. دەشێ ئیبسن لەبارەی شیانی ئەو جۆرە تێکنیکانەی خوێندبێتەوە کە دروست لەو سەردەمەدا لە ژێر گەشەکردندا بوون.

یەکەم شانۆی سووڕاو لە ساڵی ١٨٩٦ دا لە شانۆی Munchens Residenztheater (مونشێن ڕێزیدێنستیاتر) لەلایان Karl Lau-tenschlager وە دروست کرا.[١٦]

ئەڵتەرنەتیڤێکی تر بۆ گواستنەوەی پلە بەپلەی دیمەنێکی دەرەکی لەم شێوەیەدا بۆ دیمەنێکی تر، دەبوو لەسەر شێوەی نەریتی شانۆی باو بێت، وە ئەم شێوە نەریتە باوەش شانۆنامەکەی لەبریتی چواربەش دەکرد بە پێنج بەشەوە. (واتە ئەوسا دەبوو لەو دیمەنەدا دووبارە پەردە دابدرێتەوە و ئامادە بکرێ بۆ پەردەیەکی تر. وەرگێڕ). کە ئیبسن، ئەو جۆرە چارەسەرکردنەی لێرەدا هەڵنەبژاردووە، ڕاستەوخۆ پێوەندی بەوە وە هەیە کە ئەوسا دوو بەشەکەی کۆتاییی شانۆنامەکە بە شێوەیەکی سەیر کورت دەبوون (ئەگەر شانۆنامەکە بکرایە بە پێنج

(16) Jfr Carlquist och Carlsson (red.) : Svensk uppslagsbok, 2. utg., Malmo 1955, bd. 31, under oppslagsordet Vridscen, sp. 781.

بەش ئەوا بەشی چوارەم و پێنجەم زۆر کورت دەبوون. وەرگێڕ)؛ بەشی دوایەمینی شانۆنامەکە کە دەکاتە بەشی چوارەم، ١٤ لاپەڕەیە لە چاپی سەد ساڵەکەدا. بەبەراوردکردن لەگەڵ بەشی سێیەمی شانۆنامەکەدا کە ١٨ لاپەڕەیە؛ نسبەتەن کورتە.

بۆ تێگەیشتن لەو دیمەنە شانۆییە گەڕۆکە بە جۆرکی تر ئەوەیە کە ئەو دیمەنە وا بەستەی ئەو تیۆرییە بکەین کە لەبارەی دەستپێکردنی تەرزێک لە ئێکسپرێشونیزمەوە دەدوێت لە دوا نووسینەکانی ئیبسن دا. ئەمەش لەلایان بنیامین بێنێت ـ ە وە Benjamin Bennett ئەنجام دەدرێت، کە بەراوردی دراماکانی ئیبسن و سترینبارى دەکات لە ساڵەکانی ١٨٩٠ دا.

سترینبارى لەو ساڵانەدا زۆر لە ئیبسن زیاتر سەرقاڵی کاری ئەزموونگەری بووە لە کاری شانۆییدا، بەڵام بە تێگەیشتنی بێنێت کارکردن بۆ بەهێزکردنی ئەو تەرزە لەلای ئیبسنیش دەبینرێتەوە:

In John Gabriel Borkman, by contrast with an obtrusively strict temporal continuity, space which is ordinarily less flexible than time in drama) suddenly becomes fluid in the last scene, when Borkman takes his walk; and this relaxation of theatrical conventions is evidently a projection of the internal change taking place in Borkman (Bennett, 1990, 22).

بیرێکی جەربەزە ئامێزانەیە وێنەنیانکردنی ئەوەی کە ئیبسن لە کۆتایی پیشەی درامانووسینیدا، پاش ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر توانیویەتی فۆڕمی درامایەک گەشە پێ بدات کە دەوڵەمەند بووە بە کاری جۆراوجۆر و، بووەتە مایەی بەردەوام سەرکەوتنی، لەپڕێکا پێویستی بەوە بێ کە لە تەوەری شێوازیکی تردا ببزوێت و کار بکات. لە خۆیدا کاری خستنەگەڕی تەختەی شانۆ یان سووڕاندنی،



دەتوانرێت وەکو خواستی ئەزموونگەری لێک بدرێتەوە، وەک شتێکی یەکسان لەگەڵ ئەوەی کە سترینبارى پێنج ساڵ دوای ئەوە بە جۆرێکی زۆر بەرفراوانتر لە شانۆنامەی " یاری خەونێک" دا، بەرجەستەی دەکات، لەو شانۆنامەیەی سترینبارى دا چەند جارێک دیمەنەکان دەگۆڕدرێن بەبێ ئەوەی دیالۆگەکان و نیمایشتکردنەکە ڕابگیرێن. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان دراماى بە ناو " دراماى – من" ی سترینبارى و شانۆنامەیەکی وەک یۆن گابریێل بۆرکماندا هەیە. ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بەشی کۆتاییی شانۆنامەکەی ئیبسن دا لە شکڵی کەسایەتی بۆرکماندا جێگەی خۆی دەبینێتەوە، ئاشکرایە کە بە جۆرێکی نەریتییانە ڕوو دەدات، لە ڕێگەی جوڵانەوە و– وتووێژە– وەیە. سەرەتایەکە بۆ ئەو شتەی کە ئێمە دەتوانین بە ڕێنوێنییەک بۆ شانۆی سووڕخواردووی ئایندەی تێ بگەین، کە بەشی خۆی گیروگرفتی کردەیی بۆ وەستای ئامێرەکانی ناو شانۆکانی دەورووبەری کۆتاییی ئەو سەدەیە دروست کردووە[١٧]، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە شانۆ دەبێتە جێگەی دووبارەبوونەوەی وێنەی سروشتی ڕوحی بەڕێوەبەری بانق.

هەروەها مانای ئەوەش ناگەیەنێت کە ئەو سروشتەی یۆن گابریێل و ئێلە خۆیانی تێدا دەبینەوە لە دوای هاتنە دەرەوەیان لە دارستانەکە، ناتوانرێ بە جۆرێکی ڕەمزییانە بخوێندرێتەوە:

(١٧) لە نامەیەکدا کە ئیبسن بۆ بەڕێوەبەری نەتەوایەتی لە بێرگن، ئۆلاف هانسونی ناردووە، کە ویستوویەتی شانۆنامەی یۆن گابریێل بۆرکمان پێشکێش بکا، دەنووسێ کە ئەم شانۆنامەیە "... گەلێ کێشەی گەورەی نائاساییانە دروست دەکا هەم لە ڕووی هەبژاردنی ئەکتەری دەورەکانەوە و هەم لە دیکۆرسازی و بەکارهێنانی ئامێرەکاندا".

**بۆرکمان:**

(پەنجە ڕادەکێشێ). دەبینیت چەند ئازاد و کراوە نیشتمان لە بەردەماندا پان و بەرین – ڕاکشاوە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

جاران هەمیشە لەویادا لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشتین،– وە هێشتا دوور، دوور بەردەوام  تەماشای دنیامان دەکرد.

**بۆرکمان**

دنیایەکی خەیاڵی بوو ئەو دنیایەی ئێمە ئەوسا تەماشامان دەکرد.

**ئێلە ڕێنتهایم**

(سەر دەلەقێنێ). دنیای خەوەکانی ژیانمان بوو، بەڵێ. ئێستا ئەو دنیایە بە بەفر داپۆشراوە. –وە  درختە کۆنەکەش مردووە. (بەشی چوارەم).

لە بەردەوامی ئەو دیالۆگەدا دەردەکەوێت کە ئەو دوو کەسە بە هەمان شێوە ئەزموونی ئەو شتانە ناکەن کە لە بەردەمیاندا ڕاوەستاون. ئێلە لە بەفرەکەدا هیماکانی ژیان نابینێت و بە ژیانێکی بەفیڕۆچوو و مردووی دەنرخێنێت. یۆن گابریێل گوێی لێ ناگرێ. ئەو ئیدیعای ئەوە دەکات کە لە ئاودڕەکەدا دووکەڵی پاپۆڕە بووخارییەکان دەبینێ، وە لە خوارەوە لە گوێ ڕووبارەکە گوێی لێیە کە کارگەکان خەریکی کاری شەون. نە هاتووچۆی پاپۆڕی بوخاری و نە کاری کارگەکان لە واقیعدا بەرهەستن – ئێلە لەو شتانە تێ ناگات: "یۆن، وا بزانم تۆ هەڵەیت." ئەوە جۆرێکە لە خەیاڵ، یۆن گابریێل دووبارە خۆی دەداتەوە دەست خەونەکانی هەڕەتی لاوێتی. باسی نیشتمانەکەی



خۆی دەکا، کە خەریکە بەدەستی دەهێنێتەوە، کاتێک خەونەکەی بە جەڵدەیەک هەرەس دەهێنێ. ئێلە لەو نیشتیمانەوە هەست بە هەوایەکی تەزیو دەکات، بەڵام ئەو هەوایە بۆ بەڕێوەبەری بانقی پیر وەکو هەوای ژیان وایە. ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە ئەو "میلۆنەهایەی ژێر زەوی" و، دەماری کانەکان، لە دەربڕینێکی خۆشەویستیانەدا. ئێلە، کە تووڕەیە لەوەی کە ئەو هەم ئەوسا و هەم ئێستاش خۆشەویستی بۆ ئەو کانزا گیرخواردوانەی ژێر زەوی هەبووە و هەیە، "... دڵی مرۆڤێک لە پێناوی تۆدا گەرم و، زیندوو، ترپەی دەهات و لێی دەدا" (بەشی چوارەم). ئێلە سکاڵای کوشتنی خۆشەویستی لێ دەکات و وە پێشبینییەکەشی "بەدەستی بەرز کراوەوە" دەربارەی ئەوەیە کە ئەو (بۆرکمان) بە هۆی ئەو کوشتنەوە هەرگیز سەرکەوتوو نابێ لە نیشتمانە سارده تاریکەکەیدا،  دوای ئەوە یەکسەر بۆرکمان دووچاری جەڵدە دەبێ:

**بۆرکمان:**

(بە هاوارێکەوە، توند سنگی خۆی دەگرێ). ئاه–! (شەکەت.) ئێستا بەری دام.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(ڕای دەوەشێنێ). یۆن، ئەوە چی بوو!

**بۆرکمان:**

(پاڵدەداتەوە بەپشتی کورسییەکەوە). ئەوە دەستێکی وەک سەهۆڵ سارد بوو کە دڵمی گووشی.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

یۆن!  ئێستا هەستت بە دەستێکی سەهۆڵین کرد!

**بۆرکمان:**

(بە ورتە ورتەوە). نەخێر. –دەستی سەهۆڵین نەبوو.– دەستێکی کانزایی بوو. (لەسەر کورسییەکە بەلادا دێ.) (بەشی چوارەم).

توێژینەوە لەبارەی هۆکاری مردنەکەی (بۆرکمان)ەوە، کە ئایە بەهۆی دەستێکی وەک سەهۆڵ ساردەوە بوو یان دەستێکی کانزایی، لە بارەی ئەوەوەی کە ئایە سەرماوسۆڵە هۆکار بوو یان کانزا گیرخواراردووە دەرنەهێنراوەکانی ناو خاک، یان دەماری کانزا– ڕزگارنەکراوەکان بوون کە بوونە هۆی کوشتنی یۆن گابرێل، پێویست ناکات بکرێتە گیروگرفتی چۆنێتی لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئەو حاڵەتە.

ساتەوەختی مردنەکە وەکو بەندکردن ئەزموون دەکرێ؛ دڵی بۆرکمان لە هێزگەلێکەوە دەگووشرێت کە ئەو ناتوانێ خۆی لە دەستیان ڕزگار بکات. ئێلە بە خوشکەکەی دەڵێ کە "دەستێکی سەهۆڵینی کانزایی، دڵی گووشی. (بەشی چوارەم). کۆتاییی شانۆنامەکە پێکهاتنەوەی (ئاشتبوونەوەی) ئەو دوو خوشکە دەگرێتە خۆی، کە پێکەوە هەمان پیاویان خۆشویستووە و، وە ئێستا وەکو دوو سێبەر دەژین. ئەو کۆتاییە سوونەتئامێزەی کە هەردوو خوشکەکە دەستی پێکەوە تەوقەکردن، بەسەر مردووەکەدا بۆ یەکتری درێژ دەکەن، وەکو تابلۆیەک وایە کە کارێگەرییەکی مەزنی هەیە. ئەو تابلۆیە زۆر لە سەرنجدانی ڕووداوە گرینگەکانی سەرەتای بەشی چوارەمی شانۆنامەکە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ئەرهارت لەگەڵ دوو ئافرەتەکەیدا، بە ڕێگەی ژیان و ئازادیدا بەرەو دنیای دەرەوە دەڕوات.



بابەتی ئەم درامایەی ئیبسن لەمەڕ لە ژوورەوە قەتیسمان و خەونی ئازادییەوەیە، ئەشێ دژایەتییەکانی ناو ئەم شانۆنامەیە تاوگیرانەتر و، ناتەباتر و توندوتیژترانە بێنە بەرچاو، بە بەراوردکردن لەگەڵ دژایەتییەکانی ناو هەندێک لە بەرهەمە پێشینەترەکانی ئیبسن دا– لە نێوان ساردی و گەرمیدا، لە نێوان دابڕان و کرانەوەدا، لە نێوان گوێپێنەدان و_ گیان فیداکردندا، لە نێوان پیری و گەنجیدا، لە نیوان کینە و خۆشەویستیدا، لە نێوان ژیان و مردندا. وە دیمەنسازی شانۆنامەکە سیستەمێکی بێکەموکووڕییە لە زمانڕەوانی وێنەسازی و ڕێکخستندا. یان بە مانایەکی تر ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لە دراماکانی ئیبسن کە بە تەرز و شێوەیدا ناسراوە و – یەکێکە لە شانۆنامە بێ کەموکووڕییەکانی سالانی ١٨٩٠ دەکان.

Asbjørn Aarseth[18]

وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە

هاودەم ساڵح جاف

(18) Asbjørn Aarseth: Ibsns smtidsskuespill. En studie i glasskapets dramaturgi. Universitetsforlaget 1999.

# یۆن گابریێل بۆرکمان

شانۆنامەیەک لە چوار بەشدا

کەسایەتییەکان:

یۆن گابریێل بۆرکمان: بەڕێوەبەری پێشووی بانق.

گودهیلد[١٩] خانم بۆرکمان: هاوسەری یۆن گابریێل بۆرکمان

خوێندکار ئەرهارت بۆرکمان: کوڕی گودهیلد خانم و یۆن گابریێل بۆرکمان.

خاتو ئێلە ڕێنتهایم: خوشکی دووانەی گودهیلد خانم.

فەنی ویلتۆن خانم.

ویلهێلم فۆلدال: فەرمانبەری زیادە لە یەکێک لە نووسینگەکانی میریدا.

فریدا فۆلدال: کچی ویلهێلم فۆلدال

کچێکی ئیشکەر لە ماڵەکەی گودهیلد خانمدا

(ڕووداوەکە لە ئێوارەیەکی زستاندا لە کێڵگەکەی خێزانی ڕێنتهایم لە دەرەوەی پایتەخت ڕوو دەدات.)

---

(١٩) کە ناوی کەسایەتییەکی شانۆنامەکەیە، دەکەین بە گودهیلد کە هەمان مانا دەبەخشێ لە زمانی نەرویجیدا، لەبەر ئاسانکاریکردنی بۆ ئەکتەرە کوردەکان. وەرگێڕ.



## بەشی یەکەم

(هۆڵی دانیشتنی ڕۆژانەی گودهیلد خانم، کە تەیارە بە بڕێکی زۆر کەرەسەی کۆنی ڕەنگ کاڵبووەوە. دەرگەیەکی کراوە لە دیواری دواوە (دەرگەیەک کە بەلای ڕاست و چەپدا دەکرێتەوە و دادەخرێت. وەرگێڕ) دەباتە ناو هۆڵێک کە بەشی دواوەی دەرگە و پەنجەرەی جامخانەییە و دەڕوانێ بەسەر دیمەنی باخچەیەکدا و، لە جامخانەکەوە دیارە کە لەو دەمەو ئێوارەیەدا چ بەفر و کڕێوەیەکە. لە دیواری لای ڕاستەوە دەرگەیەک لە ڕاڕەوی پێش هۆڵەکەوە هەیە بۆ هاتنە ژوورەوە. بەشی پێشەوەی هەمان دیوار، زۆپایەکی کۆنی لە ئاسن دروستکراوی داگیرساوی تێدایە. بە لای چەپدا، کەمێک بۆ دواوە، دەرگەیەکی ساکاری بچووکتر دەبینرێت. هەر لە پێشەوەی لای چەپدا پەنجەرەیەک هەیە، کە پەردەیەکی ئەستووری پیاداگیراوە. لە نێوان پەنجەرە و دەرگەکەدا قەنەفەیەک دانراوە کە بەرگێکی لە مووی ئەسپ چنراوی تێگیراوە و مێزێکیشی لە بەردەمدایە کە سەرمێزێکی بەسەردا دراوە. مێزەکە چرایەکی کڵاوداری داگیرساوی لەسەرە. کورسییەکی قۆڵداری پشت درێژ لە بەردەم زۆپاکەدایە.)

(گودهیلد خانم قولاپی جل چنینی بەدەستەوەیە و لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە. گودهیلد خانم ئافرەتێکی ساردی،

ڕوخسار جوانی_ بەتەمەنە، ڕەپ و قیتە و سیمای دەموچاوی بێ جوڵەیە. قژە پڕەکەی زۆر ماش و برنجی بووە. دەستەکانی جوان و شووشەیین. کراسێکی ئاوریشمی ڕەشی ئەستوری لەبەردایە، کە دیارە بە تازەیی کراسێکی جوان بووە، بەڵام ئێستا هەندێک کۆن بووە و ڕەنگی چووەتەوە. شاڵێکی خوری بەسەر شانەکانییەوەیەتی.)

(ماوەیەک قیت بەبێ جوڵە دانیشتووە و قولاپی چنینەکەی بەدەستەوەیە. لە دەرەوە دەنگی زەنگۆڵەی پایتۆنێکی سکیدار(٢٠) دێتە گوێ، کە بە بەر ماڵەکەدا تێ دەپەڕێت.)

**گودهیلد خانم:**

(گوێ ڕادەگرێ؛ چاوەکانی لە خۆشیاندا گەش دەبنەوە، وە یەکسەر لەبەر خۆیەوە دەچرپێنێت) ئەرهارت! سەرئەنجام!(هەڵدەستێتە سەرپێ و لە درزی پەردەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. وەک ئەوەی کە نائومێد بووبێت، دووبارە بەدیار ئیشەکەیەوە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێتەوە.)

(پاش کەمێک کچەئیشکەرەکە لە ڕاڕەوەکەوە بەسینییەکی بچووکەوە کە کارتێکی سەردانیکردنی لەسەرە دێتە ژوورەوە.)

**گودهیلد: خانم:**

(خێرا) قوتابی هات؟

(٢٠) سکی: بریتییە لە دووپارچە داری تەنکبڕاوی سافولوسکراو کە لە ناوچە بەفراوێکاندا خەلک دەیکەنە پێیان بۆ هاتوچۆکردن بەسەر بەفردا.
پایتۆنی سکیدار: ئەو گالیسکەیەیە کە لە جیاتی پێچکە سکی لێ دەبەسترێت و بەهۆی ئاژەڵی وەک ئەسپ و سەگەوە بەسەر بەفردا ڕادەکێشرێت. وەرگێڕ.



**کچەئیشکەرەکە:**

نەخێر، خانم. بەڵام ئافرەتێک لە دەرەوەیە –

**گودهیلد:**

(شیش و قولاپی چنینەکە دەخاتە ئەولاوە) ئێ، کەواتە ویلتۆن خانمە –

**کچەئیشکەرەکە:**

(نزیکتر دەبێتەوە) نەخێر، ئافرەتێکی غەریبە –

**گودهیلد: خانم:**

(دەست دەبا بۆ کارتەکە). با سەیری بکەم – (دەیخوێنێتەوە؛ بەخێرایی هەڵدەستێتە سەرپێ و زەق تەماشای کچەئیشکەرەکە دەکا.) ئێوە دڵنیان لەوەی کە ئەمە بۆ منە؟

**کچەئیشکەرەکە:**

بەڵێ، من وا تێگەیشتم کە ئەوە بۆ خانمە.

**گودهیلد خانم:**

ئەو خۆی وتی  دەیەوێت لە گەڵ مندا قسە بکا؟

**کچەئیشکەرەکە:**

بەڵێ، وای وت

**گودهیلد خانم:**

(کورت؛ بە دڵنیاییەوە) چاکە. کەواتە پێی بڵێ کە من لە ماڵەوەم.

(کچەئیشکەرەکە دەرگەکە بۆ ئافرەتە غەریبەکە دەکاتەوە و خۆی دەچێتە دەرەوە.)

(خاتو ئێلە ڕێنتهایم دێتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵی دانیشتنەکە.
خاتوو ئێلە ڕێنتهایم بە ڕوخسار هەر لە خوشکەکەی دەچێت؛ بەڵام ڕوخساری ئەو زیاتر ئەندێشەی پێوە دیارە _تا تووڕەیی. هەتا ئێستاش مۆرکی جوانییە زۆرەکەی ساڵانی زووی لە ڕوخساریدا هەڵگرتووە. قژە پڕە هەر بەسروشت لوولەکەی لە ناوچەوانییەوە بەرەوژوور هەڵچووە و ڕەنگەکەی تا ڕادەیەک سپییەکی زیوینییە. بەرگێکی قەدیفەیی ڕەش و پاڵتۆیەکی فەرودار لە هەمان قوماشی پۆشیوە و شەپقەیەکیشی لەسەردایە.)

(ماوەیەک هەردوو خوشکەکە بێدەنگ دەوەستن و لەیەکتری ورد دەبنەوە. دیارە هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە چاوەڕێی ئەوی ترە یەکەم جار قسە بکات.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(کە لە نزیک دەرگەکەوە ڕاوەستاوە) بەڵێ، گودهیلد، تۆ بەسەر سوڕمانەوە سەیرم دەکەیت.

**گودهیلد:**

(بەبێ جوڵە لە نێوان قەنەفە و مێزەکەدا بە پێوە ڕاوەستاوە و سەری پەنجەکانی دەستی خستووەتە سەر ئەو قوماشەی وەک سەرمێز بەسەر مێزەکەدا دراوە) بە هەڵە نەهاتووی؟ دەزانی، بەڕێوەبەر لە بیناکەی تەنیشت ئێرەوە دەژیی.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەمڕۆ نامەوێت لەگەڵ بەڕێوەبەردا قسە بکەم.



**گودهیلد:**

کەواتە شتێکت لە من دەوێت؟ کەواتە ئیشکت بە من هەیە

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ. من دەبێت چەند قسەیەکت لەگەڵ بکەم.

**گودهیلد: خانم:**

(دێتە پێشەوە) ئاوها، کەواتە دانیشە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

سوپاس؛ دەتوانم بە پێوە بووەستم.

**گودهیلد: خانم:**

خۆت چۆنت پێ خۆشە وا. بەڵام هیچ نەبێ پاڵتۆکەت داکەنە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(قۆپچەی پاڵتۆکەی دەکاتەوە) بەڵێ، ئێرە زۆر گەرمە –

**گودهیلد: خانم:**

من هەمیشە سەرمامە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەستی دەخاتە سەر پشتی کورسییە قۆڵدارەکە و ماوەیەک ڕادەوەستێ و سەیری دەکات) بەڵێ – گودهیلد، بەم زووانە دەبێت بە هەشت ساڵ لەمەوبەر کە دوا جار ئێمە یەکتریمان بینی.

**گودهیلد:**

(بەساردییەوە) بەهەرحاڵ لەو کاتەوەی کە پێکەوە قسەمان کرد.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ڕاسـتره، بڵێم قسـەمـان کرد، بەڵێ. بێگومـان تۆ جـاروبار منت بینیوە، ئەو کـاتانەی کە ساڵانە بەسـەفـەر بۆ ئێرە دەهاتم بۆ لای سەرپەرشتیاری کارگێڕی موڵکەکانم.

**گودهیلد:**

وا بزانم جارێک یان دووان.

**ئێله ڕێنتهایم:**

منیش یەک دوو جار لەو پەنجەرەیەوە تارماییی تۆم بینیوە.

**گودهیلد:**

دەبێ لە پشتی پەردەکانەوە بووبێت. چاوەکانت تیژن. (بەڕەقی و بەدەنگی بەرز) بەڵام دواجـار کە ئێمـە پێکەوە قسـەمـان کـرد، لێرە بوو لەلای من لەم هۆڵەدا

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەبەرگریکردنەوە) بەڵێ، بەڵێ، گودهیلد، دەزانم!

**گودهیلد:**

هەفتەیەک پێش ئەوەی ئەو، پێش ئەوەی ئەو بەربێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەرەولای سەرووی ژوورەکە دەچێت) ها، دەس لەو مەسەلەیەوە مەدە!

**گودهیلد:**

(پێداگرانە، بـەڵام بەدەنگی نزم) پێش ئەو هەفـتـەیەی کە ئەو،– بەڕێوەبەری بانق بەرەڵابوو.





**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەرەو پێشـەوە) ئا، بەڵێ، بەڵـێ، بەڵێ! من ئەو سـاتەم هەرگـیز لە بیـر ناچێـتـەوە! بیـرکردنەوە لـەو سـاتەوەخـتـە زۆر دڵتـەنگم دەکات. ئەگەرچی بۆ ساتێکی کورتیش بێت – ئۆهـ!

**گودهیلد:**

(بەنزمی) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز بیرەکان ناتوانن بچنە تەوەرەی شـتـێکی ترەوە!(لە پڕ؛ دەسـتـەکـانی پێکەوە دەدا بەیەکدا) نەخـێر، من لەوە تێ ناگـەم! هەرگـیز! تێ نـاگـەم کـە شـتێکی ئاوها– شتێکی هێندە مەترسیدار بەسەر خێزانێکی سادەدا بێت! ئینجا، بیرکەرەوە،– خێزانەکەمان! لە خەیاڵدا نەبوو کـە خـێزانێکی هێندە نەجـیـبزادەی وەک ئـەم خـێزانەی ئێمە! دووچاری شتێکی وا ببێت!

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئۆ، گودهیلد،– زۆربوون، گەلێ زۆربوون ئەو خێزانانەی کە وەک خێزانەکەی ئێمە هەمان زەبریان پێ گەیشت.

**گودهیلد:**

وایە؛ بەڵام من زۆر گـوێ بە خـێزانەکانی تـر نادەم. لەبەرئەوەی گرفتـەکانی ئەوان یان پارە – یان چەند پارچەکاغەزێک بوو – کە بەسەریاندا شکایەوە. بەڵام بـۆ ئێمـە –! بۆ من! بۆ ئەرهارت لەو کاتەدا کە ئەو منداڵبوو!(هێدی هێدی لەگەڵ بەرزبوونەوەی باری تـووڕەییـدا) حـەیا چوونی ئێـمـە، دووانـی بێ تـاوان! ئابڕووتکـان! ئابڕووتکانێکی ناشـرین و زراوتۆقـێن! لـەگـەڵ ئەوەشدا تەواو نابووت بوون!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(لەسەرخۆ) گودهیلد، پێم بڵێ – ئەو، ئەو حاڵ و بارەی بە لاوە چۆنە؟

**گودهیلد:**

مەبەستت، ئەرهارتە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر،– ئەو خۆی. وەزعەکەی بە لاوە چۆنە؟

**گودهیلد:**

(بەتەنزەوە هەناسەدانێ) لە تۆ وایە من لەو شتانە دەپرسم؟

**ئێلەڕێنتهایم:**

پرسیار؟ تۆ پێویستت بە پرسیارکردن نییە –

**گودهیلد:**

(بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەکا) هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبیت کە من هاتوچۆی دەکەم ؟ یان لەگەڵ ئەو پێکەوە بێن و بچین؟ یان بیبینم؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

هاتوچۆی یەکتری ناکەن!

**گودهیلد:**

(هەمان شێوەی پێشوو)

ئەو، کە پێنج ساڵ کرایە ژوورەوە! (بە دەستەکانی دەموچاوی دادەپۆشێت) ئۆ، شوورەییەکی ئاوها تێکشکێنەرانە! (لەپڕ هەڵدەسێتە سەرپێ) ئینجا بیر لەوە بکەرەوە جاران ناوی یۆن



گابریێل بۆرکمان چ مانایەکی هەبوو!– نەخێر، نەخێر، نەخێر،– هەرگیز نامەوێت بیبینم!– هەرگیز!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(ماوەیەک سەیری دەکات) گودهیلد، چەند دڵ ڕەقیت.

**گودهیلد:**

بەرامبەر ئەو، بەڵێ

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئەو مێردتە

**گودهیلد:**

لە بەردەمی دادگادا نەیوت کە هۆی نابووتبوونی ئەو من بووم؟ لەبەرئەوەی من دەست بڵاو بووم و پارەم زۆر بەفیڕۆ دەدا–؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەهێواشی). بەڵام ئەی تا ڕادەیەک ئەو قسەیە ڕاست نەبوو؟

**گودهیلد:**

بەڵام ئەی ئەو خۆی وای نەدەویست! هەموو شتێک هەر دەبووایە بێ مانایانە مایەی خۆشگوزەرانی بووایە –

**ئێله ڕێنتهایم:**

باش دەزانم. هەر لەبەر ئەوە دەبووایە تۆ لە پارە سەرفکردندا دەستت بگرتایەتەوە. بەڵام تۆ ئەوەت نەکرد.

**گودهیلد:**

من ئەوسا نەمدەزانی کە ئەوە پارەی خۆی نییە،– ئەو پارانەی کە ئەو دەیدامێ سەرفیان کەم؟ ئەو پارانەی کە ئەو خۆشی دە

جاران لە من خراپتر! تەخش و پەخشی دەکردن.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە هێـــمنیـــیـــەوە). ئێ، من لەو باوەڕەدام، بەشـــێکی زۆری پارەسەرفکردنی ئەو پێوەندیی بە ئیشەکەیەوە هەبوو.

**گودهیلد:**

(بەتەنزەوە) بەڵێ، بەو ناوەوەی گوایە کە ئێمە پێویستە هەمیشە" نموونەیی بین". بەڵێ ئینجا بەڕاستی ئەو_ نموونەی سوود و قازانج بوو! بە پایتۆنی چوار ئەسپی هاتوچۆی دەکرد_ هەروەک پاشا. کارێکی کرد خەڵک سەریان دانەوێنن و کوڕنووشی بۆ بەرن هەروەک چۆن بۆ پادشایەک کوڕنووش دەبەن.(پێ دەکەنێ) هەروەها – لە سەرانسەری وڵاتدا– بەناوی یەکەمێوە بانگ دەکرا، تەواو هەروەک ئەوەی خۆی پاشا بێت. "یۆن گابریێل"، "یۆن گابریێل". هەموو کەس دەیانزانی کە " یۆن گابریێل" چ پلەوپایەیەکی بەرزی هەبوو!

**ئێلەڕێتهایم:**

(لە دڵەوە) ئەو ئەوسا پلەوپایەیەکی بەرزی هەبوو، وا نییە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، وا دیار بوو. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەرگیز بە تاقە وشەیەکیش تێی نەگەیاندم کە باری ئابووری چۆنە. هەرگیز باسی ئەوەی نەکرد ئەو شتانەی لە کوێوە بۆ دەهات.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نەخێر، نەخێر،– خەڵکی تریش خۆ ئەوەیان نەدەزانی.



**گودهیلد:**

ئەوە وتمان خەڵکی تر قەیناکە. بەڵام ئەرکی سەرشانی بوو ڕاستی بە من بڵێ. هەرگیز ڕاستی پێ نەوتم! لە درۆ زیاتر، – درۆی زۆر بێ سەروبەریی بۆ کردم –

**ئێلەڕینتهایم:**

(بەقسەپێبڕینەوە). بێگومان ئەو درۆی نەکردووە، گودهیلد! لەوانەیە ئەو قسەی نەدرکاندبێت. بەڵام بێگومان درۆی نەکردووە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، بەڵێ، چی ناو دەنێی بینێ. فەرق ناکات. – تازە ئیتر شتەکان هەموویان پێکەوە بەسەریەکا دارِمان. دواجاریش ناو و ناوبانگ.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(لەگەڵ خۆیدا) بەڵێ، هەموو شتەکان پێکەوە لەو تێکچوونەوە،– وە لەوانی تریش.

**گودهیلد:**

(بە هەڕەشەوە هەڵدەستێتە سەرپێ). ئێلە، وا پێت دەڵێم، من هێشتا واز ناهێنم! من دەزانم کە هەقی بە ناڕەوا تاوانبارکردنم بەدەست دەهێنمەوە. با لەوە دڵنیابی!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەقەتیس مانەوە) هەقی بە ناڕەوا تاوانبارکردن! مەبەستت لەوە چییە؟

**گودهیلد:**

مەبەستم لەوە! بایەخگێڕانەوەیە بۆ ناو و ئابڕوو و خۆشگوزەرانیم! بەدەستهێنانەوەی مافی بەناڕەوا تێکدانی تەواوی  چارەنووسی ژیانمە. بابزانی، من یەکێک شک دەبەم، من. – یەکێک، کە جوان هەموو ئەوەی کە – کە بەڕێوەبەری بانق پیسی کردووە، ئەو پاکی بکاتەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

گودهیلد! گودهیلد!

**گودهیلد:**

(بەهەڵسانەوە) یەکێک هەیە تۆڵە بکاتەوە! یەکێک کە دەخوازێ دووبارە هەموو ئەوەی کە کاتی خۆی باوکی لە منی تێک داوە چاک بکاتەوە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

کەواتە ئەو یەکە ئەرهارتە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، ئەرهارت،– کوڕە جوامێرەکەم! هەڵبەتە ئەو دەزانێت چۆن بایەخ بۆ نەوە و، ماڵ و، ناوبانگ بگێڕێتەوە. وە بۆ هەموو ئەوەی کە بشێ بایەخی بۆ بگێڕدرێتەوە و.–  بگرە زیاتریش.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە بە بڕوای تۆ ئەمە بە چ شێوەیەک دەبێت؟

**گودهیلد:**

چۆن هاو  با وا بێت. من نازانم چۆن چۆنی دێت. بەڵام ئەوە



دەزانم کە جارێک هەر دێت ئەوەی تێدا ڕوو بدا. (بەپرسیارەوە لێی دەڕوانێت) – بەڵێ – ئێلە،– بەو بۆنەیەوە ئایا تۆش هەر لە کاتی منداڵی ئەرهارتەوە  بیرت لە هەمان شت نەکردووەتەوە ؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نەخێر، ناتوانم بڵێم با.

**گودهیلد:**

وا نییە؟ ئەی بۆچی ئەو کاتەی ڕەهێڵە بەسەرماندا – بەسەر ئەم ماڵەدا داباری هەستای بە بەخێوکردنی؟.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ خۆت ئەو کاتە لە تواناتدا نەبوو، گودهیلد.

**گودهیلد:**

ئا نەخێر، – من خۆم نەم دەتوانی. و باوکی پاساوی یاسایی هەبوو، ئەو لەوێ بوو– جوان گیرابوو–

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەتووڕەییەوە) ئای لە تۆ، کە ئەم جۆرە وشانە لە زارت دێنە دەرێ –! تۆ!

**گودهیلد:**

(بە خۆ دەربڕینێکی ژەهراوییانەوە) و کە تۆ توانیت خۆت ئاسوودە بکەیت بەوەی کە ئاگەداری یەکێک بیت،– منداڵێکی یۆن گابریێل !بەتەواوی هەر وەک ئەوەی ئەو منداڵە هی خۆت بێت –. لە منی بسێنیت،– و بیبەی بۆ ماڵی خۆت. وە لەلای خۆت بیهێڵیتەوە، ساڵ لە دوای ساڵ. هەتا کوڕەکە گەورە بوو.

(بە گومانەوە سەیری دەکا) بەڕاستی تۆ لەبەرچی ئەوەت کرد، ئێلە؟ بۆچی ئەوت لەلای خۆت هێشتەوە؟

**ئێلەڕێتهایم:**

من هێندە بە دڵ و بەگیان ئاگەداری بووم –

**گودهیلد:**

لە دایکی خۆی، – لە من زیاتر!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە خۆ لە مەسەلە دزینەوەوە) ئەوە نازانم. بەڵام ئەرهارت کەمێک لە گەورەبوونیدا سستبوو–

**گودهیلد:**

ئەرهارت – سستبوو!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، بەهەرحاڵ ئەوسا من پێم وابوو،–. پاشان تۆ ئەوە دەزانیت، هەوا لەوێ لە ڕۆخ دەریایی ڕۆژئاوا زۆر لە هەوای ئێرە خۆشترە.

**گودهیلد:**

(بەتووڕەییەوە زەردەخەنە دەیگرێت). هەمم. بەڕاست ئەوێ وایە؟ (بە قسەپێبڕینەوە) بەڵێ، بەڕاستی تۆ زۆرت بۆ ئەرهارت کردووە، تۆ. (جۆری قسەکردنەکەی دەگۆڕێت) ئێستا، ئاشکرایە، تۆش ئەوەت لە توانادا هەبوو.(بەزەردەخەنەوە) تۆ، ئێلە زۆر بەختەوەر بوویت. توانیت هەموو شتەکانی خۆت ڕزگار بکەیت.



**ئێلە ڕێنتهایم:**

(هەست بریندارانە). لەوە دڵنیات دەکەمەوە، من لە پێناوی ئەو مەسەلەیەدا هیچ هەنگاوێکم نەناوە. من – هەتا ماوەیەکی زۆر، زۆر پاش ئەو مەسەلەیەش – هیچ ئاگا و خەبەرم لەوە نەبوو کە ئەو کاغەزانەی بەناوی منەوە لە بانقدا دانرابوون،– پارێزراوبوون –

**گودهیلد:**

بەڵێ، بەڵێ؛ من لەو جۆرە شتانە تێ ناگەم! بەس دەڵێم کە تۆ بەختەوەر بوویت. (بە پرسیار لێکردنانەوە تەماشای دەکا) بەڵام کاتێک تۆ سەربەخۆ گرینگیت دا بە پەروەردەکردنی ئەرهارت – بۆ من–؟ مەبەستت چی بوو؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تەماشای دەکا). مەبەستم –؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، دەبێ تۆ مەبەستێکت هەبووبێت. مەبەستم ئەوەیە، دەتویست بیکەیت بە چی؟ چی لێ دروست بکەیت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(لەسەرخۆ) من دەمویست ڕێگە بۆ ئەرهارت ئاسان بکەم تا لە دنیادا ببێتە مرۆڤێکی بەختەوەر.

**گودهیلد:**

(بەهەناسەدانەوە) پیە، – خەڵک لەو حاڵ و بارەی ئێمەدا بەشی خۆی شتی تری هەیە پێوەی خەریک بێت تا ئەوەی بیر لە بەختەوەری بکاتەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

مەبەستت ـ چییە؟

**گودهیلد:**

(بە جدی تەماشای دەکات) پێش هەموو شتێ ئەرهارت دەبێت ئاگای لەوەبێت کە لە ئایندەدا دەشێ ئەو بگاتە ئەو ئاستەی هێندە بەرز و هێندە بەرین بەهەموو لایەکدا بدرەوشێتەوە کە هیچ مرۆڤێک لەم نیشتمانەدا ئیتر ئەو سێبەرە نەبینێت کە باوکی خستووەیەتییە سەر من – و کوڕەکەم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەسەرنج لێگرتنەوە) پێم بڵێ، گودهیلد، – ئایە ئەو داخوازییە ئەوەیە کە ئەرهارت خۆی لە ژیانیدا دەیەوێت–؟

**گودهیلد:**

(بەرامانەوە) بەڵێ، هیوادارم!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

– یان بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەمە داخوازییەک نییە کە تۆ لەوی داوا دەکەیت؟

**گودهیلد:**

(بەکورتی) من و ئەرهارت پێکەوە هەمیشە هەمان داخوازیمان هەیە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تونگ و بەهێواشی) گودهیلد، کەواتە تۆ ئەمەندە لە کوڕەکەت دڵنیایت.



**گودهیلد:**

(بە هەست بەسەرکەوتنێکی شاردراوانەوە.) بەڵێ، سوپاس بۆ خوا، من لە کوڕەکەم دڵنیام. تۆ دەبێت شانازی بەوەوە بکەیت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

پێم وایە تۆ بەو بۆنەیەوە دەبێ هەست بە بەختەوەری بکەیت. سەرەڕای هەموو شتەکانی تر.

**گودهیلد:**

منیش هەر وا هەست دەکەم. هەتا ڕادەیەک. بەڵام ئیتر،– هەموو ساتێک، دەبینیت،– شتەکانی تر کارا و بەدەستوبرد وەک باوبۆرانی کەشێکی ناخۆش دێنە ژوورەوە بۆم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە گۆڕانێک لە تۆنی دەنگیدا). پێم بڵێ – بەڕاستی بابێینەوە سەر مەسەلەکە. چونکە لە ڕاستیدا من هەر لەبەر ئەوە ـبۆ لای تۆ هاتووم –

**گودهیلد:**

کام مەسەلە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

شتێک کە من پێم وایە دەبێت لەبارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەم. – پێم بڵێ،– خۆ ئەرهارت لەلای – لەلای خەڵکی تر ناژی.

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییـیـەوە) ئەرهارت ناتوانێت لە دەرەوەی شار لێرە لەلای من بژی. ئەو دەبێت لە ناو شار بژی –

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئەو ئەوەی بۆ نووسیبووم.

**گودهیلد:**

لەبەر خاتری خوێندنەکەی دەبێت وا بکات. بەڵام هەموو ئێوارەیەک تاوێک دێت بۆ لام.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵێ، کەواتە لەوانەیە منیش چاوم پێی بکەوێت؟ وە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەم؟

**گودهیلد:**

هێشتا نەهاتووە. بەڵام من دەقە بەدەقە چاوەڕوانی هاتنی ئەوم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

با، گودهیلد،– ئەو دەبێت هاتبێت. چونکە من گوێم لە هاتووچۆیەتی لە سەرەوە.

**گودهیلد:**

(بە تەماشاکردنێکی خێراوە). سەرەوە بۆ هۆڵە گەورەکە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵێ. هەر لەو کاتەوەی هاتووم گوێم لەهاتووچۆیەتی لەسەرەوە.

**گودهیلد:**

(ڕووی لێ وەردەگێڕێت) ئێلە، ئەوە ئەو نییە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(ڕادەمێنێت) ئەوە ئەرهارت نییە؟ (بە هەست ڕاگرتنەوە) ئەی



ئەوە کێیە؟

**گودهیلد:**

بەڕێوەبەری بانقە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(لەسەرخۆ، بە ئازارێکی خۆگرانەوە) بۆرکمان. یۆن گابرییێل بۆرکمان!

**گودهیلد:**

ئاوها، هەر لە بایەنییەوە هەتا ئێوارە سەروخوار دەکات. شەو و ڕۆژ. دێت و دەچێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەراستی من یەک دوو قسەم بیستووە–

**گودهیلد:**

لەو باوەڕەدام. بێ گومان لە دەرەوە قسە هێجگار زۆر لە بارەی ئێمەوە دەکرێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئەرهارت لە نامەکاندا باسی ئەوی کرد بوو.. کە باوکی زووربەی وەخت بۆ خۆی بەتەنیا،– لە سەرەوەیە، – وە تۆش بەتەنیا بۆ خۆت لێرە لە خوارەوەی.

**گودهیلد:**

بەڵێ، – ئێلە، ئێمە ئەوە حاڵمانە. لەو کاتەوەی بەرەڵایان کرد و ناردیانەوە ماڵێ بۆ من. – لە ماوەی هەموو ئەو هەشت ساڵە دوورودرێژەدا.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵام من هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات کە ئەوە شتێکی ڕاستبێت. کە ئەوە شتێکی مومکین بێت –!

**گودهیلد:**

(سەر دەلەقێنێت) ڕاستە. و هەرگیز ناگۆڕێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(سەیری دەکات) ئەمە دەبێت ژیانێکی ناخۆش بێت، گودهیلد.

**گودهیلد:**

لە ناخۆشی چووەتە دەرەوە، ئێلە. ئیتر تەحەموول ناکرێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

باش تێ دەگەم.

**گودهیلد:**

بەردەوام گوێت لە هەنگاوەکانی ئەو بێت لە سەرەوە. هەر لە بایەنی زووەوە هەتا شەو درەنگانێک.– ئینجا لێرەش لە خوارەوە چونکە قەپات گوێت لە هەموو شتێکە!

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵێ، ئێره هێجگار بەربیستە.

**گودهیلد:**

زۆربەی جار وا هەست دەکەم کە من گورگێکی نەخۆشم لە قەفەسدا لە هۆڵەکەی سەرەوە هەیە کە ڕێک بە سەر سەرمەوە بەردەوام دێت و دەچێت.(گوێ ڕادەدێرێت و دەچرپێنێت.) تۆ، بەس گوێ بگرە! بۆ پێشەوە و بۆ دواوە، جرتوفرت



گورگەکە هەر دێت و دەچێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەهێواشی) گودهیلد، نەدەکرا ئەم حاڵە بە جۆرێکی تر بووایە؟

**گودهیلد:**

(بەنکوڵی لێکردنەوە) ئەو هەرگیز هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ ئەوەی ئەم حاڵە بەجۆرێکی تربێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵام ئەی تۆ خۆت نەتدەتوانی هەنگاوی یەکەم بنێیت؟

**گودهیلد:**

(هەڵدەسێتە سەرپێ) من! پاش ئەو هەموو شتەی ئەو بە دژی من کردی!– نەخێر سوپاس! واز بێنە با گورگەکە هەر لە شوێنی خۆیدا بێت و لە سەرەوە بەوناوەدا بێت و بچێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئێرە بۆ من گەرمە. دەبێت ڕێگەم بدەن پاڵتۆکەم داکەنم.

**گودهیلد:**

بەڵێ، من لە پێشا لێم پرسیت –

(ئێلە ڕێنتهایم پاڵتۆ و شەپقەکەی لەسەر کورسییەک لەلای دەرگەی هاتنەژوورەوەکەوە _دادەنێت.)

**ئێله ڕێنتهایم:**

هەرگیز ڕێ ناکەوێت لە دەرەوە بیبینیت؟

**گودهیلد:**

(بەپێکەنینێکی تووڕانەوە). مەبەستت، لەئاهەنگ و میوانداریدا؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

مەبەستم ئەوەیە کاتێک کە دەچێتە دەرەوە بۆ پیاسەکردن و هەوای پاک وەرگرتن. لە توولە ڕێگەکانی ناو دارستانەکەدا، یان –

**گودهیلد:**

بەڕێوەبەری بانق هەرگیز ناچێتە دەرەوە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

هەتا بە تاریکیش ناچێتە دەرەوە؟

**گودهیلد:**

هەرگیز.

**ئیلەڕێنتهایم:**

(بە جوڵەوە). ناتوانێت ئەوە بکات؟

**گودهیلد:**

ناتوانێت. دەزانیت، پاڵتۆ بێ قۆڵە گەورەکەی و شەبقە لبادەکەی ئەوەتا لە ناو کەنتۆری دیوارەکەدا هەڵواسراون. کەنتۆری دیوارەکەی ناو ڕاڕەوەکە –

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەبەرخۆیەوە)– ئەو کەنتۆرەی کە بە منالی، یاریمان تێدا دەکرد –

**گودهیلد:**

(سەر دەلەقێنێت) وە هەندێک جار،– شەو درەنگ،– گوێم لێیەتی کە دێتە خوارەوە – تا خۆی بگۆڕێت و بچێتە دەرەوە.



بەڵام لە ناوەڕاستی پلیکانەکاندا ڕادەوەستێت و،– دەگەڕێتەوە. دووبارە دەڕواتەوە سەرێ بۆ هۆڵەکە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(هێواش) هەرگیز کەس لە هاوڕێ کۆنەکانی نایەن بۆ لای؟

**گودهیلد:**

هیچ هاوڕێی کۆنی نییە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

زۆری هەبوو– جاران.

**گودهیلد:**

همم! زۆر بە جوانی هەوڵی دا هەتا ئەو هاوڕێیانەی لە خۆی بتەکێنێتەوە. لەسەر هاوڕێکانی، هاوڕێیەکی زۆر گران کەوتەوە– ئەو، یۆن گابریێل.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئا بەڵێ، تۆ ڕاست_دەکەیت، گودهیلد.

**گودهیلد:**

(بە حەماسەوە) ئا بەڕاست دەبێت من ئەوەش بڵێم کە خراپی و سووکی و بێکەڵکی و پیسکەییە کە ئەمەندە بایەخ بەو تۆزقاڵە زەرەرە بدرێت کە ئەوان بەهۆی ئەوەوە دووچاری بوون. ئەو زەرەرە تەنیا زەرەری پارەبوو، هیچی تر نا.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە). کەواتە ئەو لەوێ لە سەرەوە بە تەواوەتی بە تەنیا دەژی. تەنیا بۆ خۆی.

**گودهیلد:**

بەڵێ، ئاوها دەژی. گوێم لێیە جاروبار وەک بڵێی کە کۆنە فەرمانبەرێکی بچکۆلە یان کاتبێک دێتە سەرەوە بۆ لای.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئێ ئاوها؛ بێگومان ئەوە ئەو کەسەیە کە ناوی فۆڵداڵە. چونکە من دەزانم کە هەردووکیان هاوڕێی سەردەمی گەنجێتین.

**گودهیلد:**

بەڵێ، وا بزانم وایە، بەڕاستی من ئەو ناناسم. چونکە ئەو هەرگیز نەدەهاتە ناو بازنەی ئاهەنگ و میوانداریيەکانی ئێمەوە. ئەوسا کە ئێمە شتێکمان هەبوو–

**ئێلە ڕێنتهایم:**

کەواتە ئێستا ئەو دێت بۆ لای بۆرکمان؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، وا دیارە کە کەسێکی بەپەڵپوبیانوو نییە. بەڵام، دیارە ئەو هەر بە تاریکی دێت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەم فۆڵداڵە – ئەمیش یەکێکە لەوانەی کە زەرەرمەندبوو کاتێک بانقەکە ئیفلاسی کرد.

**گودهیلد:**

(بەگوێ پێنەدانەوە) بەڵێ، وا بزانم بیرم دێتەوە کە ئەویش هەندێ پارەی تێدا چوو. بەڵام بێگومان ئەو پارەیە شتێکی هێندە گرینگ نەبوو–



**ئێلە ڕێنتهایم:**

(کەمێک بە توندی) هەموو ئەوەی ئەو خاوەنی بوو، ئەوەندەبوو.

**گودهیلد:**

(زەردەخەنەدەیگرێت) دەتوخوا، – ئەوەی ئەو خاوەنی بوو، بەڕاستی ئەمەندە کەم بوو تا ڕادەی گوومبوون، تۆش. هەر هیچ نییە تا قسەی لەبارەوە بکرێت.

**ئێلەڕێتهایم:**

لەوێش خۆ هەر قسە لەبارەی ئەو پارەیەوە نەکرا،– لەلایان فۆڵداڵەوە،– لە کاتی دادگایکردنەکەدا.

**گودهیلد:**

وە، بۆ یەکجار، دەتوانم پێت بڵێم کە ئەرهارت زۆر زیاد لە ئەندازەی خۆی قەرەبووی ئەو بڕە پارە لە باس نەهاتووەی کردووەتەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەسەرسوڕمانەوە) ئەرهارت! چۆن چۆنی ئەرهارت توانی ئەوە بکات؟

**گودهیلد:**

ئەرهارت ئاگەداری کچە بچکۆلەکەی فۆڵداڵ دەکا. وانەی پێ دەڵێتەوە،– هەتا بەشکم جارێ لە جاران ببێت بە شتێک و بتوانێت خۆی بژێنێت. سەیرکە،– ئەوە زۆر زیاترە لەچاو ئەوەی کە باوکی خۆی بۆی کردووە، ها.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئا، باوکی، لەو باوەڕەدام ئەو، لە بارودۆخێکی ئابووری خراپدایە.

**گودهیلد:**

وه ئەرهارت بۆی ڕێکخستووه هەتا فێری موزیک ببێت. ئەو ئێستا ئەوەندە لە پیانۆژەنیندا زیرەکبووە کە دەتوانێت بێتە سەرەوە بۆ لای – بۆ لای ئەو لە هۆڵەکەی سەرەوە و پیانۆی بۆ بژەنێت.

**ئێلەڕێنتهایم:**

کەواتە ئەو هەتا ئێستاش هەر حەزی لە موزیکە؟

**گودهیلد:**

ئا بەڵێ، هەر خەریکە. ئەو پیانۆیەی لایە لە سەرەوە کە تۆ ناردت بۆ ئێرە – پێش بەربوونی –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

کەواتە ئەو کچە لەسەر ئەو پیانۆیە موزیکی بۆ دەژەنێت؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، ئاوها جاروبار بە ئێواران. ئەوەش هەر ئەرهات ڕێکی خستووە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام ئەو کچە فەقیرە، دەبێت ئەو ڕێگە دوورە ببڕێت بۆ ئێرە؟
وە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لە ناو شار؟

**گودهیلد:**

نەخێر، پێویست ناکات وا بکات. ئەرهارت بەجۆرێک وای ڕێکخستووە، ئەو لەلای ئافرەتێک کە لەم نزیکانە دەژی بمێنێتەوە. لای خانمێک لە خێزانی ویڵتۆن.–



**ئێلە ڕێنتهایم:**

(زیندووانە). ویڵتۆن خانم!

**گودهیلد:**

ئافرەتێکی هێجگار دەوڵەمەندە. تۆ نایناسیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من وا بزانم، گوێم لەو ناوە بووە. فەنی ویڵتۆن خانم –

**گودهیلد:**

بەڵێ، ڕاستە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەرهارت چەند جارێک لە بارەی ئەو خانمەوە بۆمی نووسیبوو.– لەم نزیکانە دەژی؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، ڤێلایەکی لێرە بەکرێ گرتووە. ماوەیەک لەمەوبەر لە شار گواستییەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(کەمێک بە هەڵوێستەیەکەوە). خەڵک، دەڵێن، لە مێردەکەی جیابووەتەوە.

**گودهیلد:**

مێردەکەی چەند ساڵێک لەمەوبەر مرد.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، بەڵام جیابووبوونەوە –. مێردەکەی لێی جیابووبووەوە –

**گودهیلد:**

مێردەکەی بە جێی هێشت، وازی لێ هێنا. بێگومان خەتای ویلتۆن خانم نەبووە.

**ئێلەڕێنیهایم:**

گودهیلد، تۆ لە نزیکەوە دەیناسیت؟

**گودهیلد:**

ئا بەڵێ تۆزێک. لەم نزیکانە دەژی. وە هەندێ جار دێت سەرم لێ دەدات.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە تۆ لەوانەیە بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکەیت؟

**گودهیلد:**

ئەو زۆر لە ڕادەبەدەر تێگەیشتووە. لە هەڵسەنگاندندا بەشێوەیەکی زۆر عەجیب ئاشکرا و ڕوونە.

**ئێلەڕێنیهایم:**

مەبەستت، لە هەڵسەنگاندنی مرۆڤدا؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، بە زۆری لەبارەی مرۆڤەوە. ئەو تا ڕادەیەک ئێستا ئەرهارتی بە جۆرێکی ڕاست هەڵسەنگاندووە – تەواو قووڵ چووەتە ناو ڕوحییەوە – وە هەر لەبەرئەوە ئەو ئەرهارت دەپەرستێت – ڕاستە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(کەمێک مەکربازانە). کەواتە لەوانەیە ئەو هێشتا ئەرهارت لە تۆ باشتر بناسێت؟



**گودهیلد:**

بەڵێ، ئەرهارت زۆربەی جار لە شار ئەوی دەبینی، پێش ئەوەی ئەو بیگوێزێتەوە بۆ ئێرە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بێ ئانقەست). وە سەرەڕای ئەوەش ئەو خانمە هەر لە شار گواستییەوە؟

**گودهیلد:**

(چاو زەق دەکاتەوە و بەهەڕەشەوە تەماشای دەکات). سەرەڕای ئەوەش! تۆ مەبەستت چییە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەخۆدزینەوەوە). ها، خوای گەورە، – مەبەستم –؟

**گودهیلد:**

تۆ بە شێوەیەکی سەیر وتت سەرەڕای ئەوەش. مەبەستت شتێک بوو لەوێدا، ئێلە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(قووڵ سەیری چاوەکانی دەکات). بەڵێ، گودهیلد، وا بوو. بەڕاستی مەبەستم شتێک بوو.

**گودهیلد:**

ئێ، ئیتر ڕیک و ڕاست بیڵێ!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

پێش هەموو شتێ دەمەوێت پێت بڵێم، کە منیش پێم وایە حەقم بەسەر ئەرهارتەوە هەیە. یا لەوانەیە بەلای تۆوە وا نەبێت؟

**گودهیلد:**

(تەماشای ژوورەکە دەکات) خوا بمانپارێزێت. پاش ئەو برە پارەیەی کە تۆ لەودا خەرجت کردووە، ئیتر –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

هەرگیز لەبەر ئەوە نییە، گودهیلد. بەڵام لەبەرئەوەی من ئەوم خۆشدەوێت –

**گودهیلد:**

(بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە پێهاتنانەوە). کوڕەکەی منت خۆشدەوێت؟ تۆ دەتوانیت ئەوت خۆشبوێت؟ تۆ؟ سەرەڕای ئەو هەمووە؟

**ئێلەڕینتهایم:**

بەڵێ، من دەتوانم. سەرەڕای هەموو شتێ. وە خۆشیشم دەوێت. ئەوەندەی بتوانم لەم کاتەدا، لەم تەمەنەمدا مرۆڤێکم خۆشبوێت. ئەرهارتم خۆش دەوێت.

**گودهیلد:**

ئێ بەڵێ، بەڵێ، باوابێت؛ بەڵام –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە هەر لەبەرئەوە، دەبینیت، چەند نیگەران دەبم هەرکە هەست دەکەم کەسێک هەڕەشەی لێ دەکات.

**گودهیلد:**

هەڕەشە لە ئەرهارت دەکات! بەڵێ، بەڵام چ شتێک هەڕەشە لەو دەکات؟ یان کێ هەڕەشەی لێ دەکات؟



**ئێلە ڕێنتهایم:**

هەیە پێش هەموو شتێ تۆ، – بە شێوەی خۆت –

**گودهیلد:**

(بە هاوارەوە). من!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

– وە هەروەها ئەو ویلتۆن خانمەش – من ترسم لێی هەیە.

**گودهیلد:**

(ماوەیەک بەبێ ئامانج تەماشای دەکات). وە تۆ لەبارەی ئەرهارتەوە باوەڕێکی ئاوهات هەیە! لەبارەی کوڕەکەی منەوە! ئەو، کە ئەرکێکی گەورەی لەسەرشانە هەتا بە ئەنجامی بگەیەنێت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بێ پەروایانە). ئۆ چی، ئەرک –!

**گودهیلد:**

(بەتووڕەییەوە) وە تۆ جەسارەت دەکەیت ئاوها بە گاڵتەپێکردنەوە قسە بکەیت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ لەو باوەڕەدای کە مرۆڤێکی گەنج، لە تەمەنی ئەرهارت دا،– تەندروست و دڵخۆش،– تۆ لەو باوەڕەدایت کە ئەو خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو – لە پێناو شتێکی وەک "ئەرک" دا!

**گودهیلد:**

(بەهێز و پتەو). ئەرهارت ئەوە دەکات! من باش دەزانم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(سـەر بادەدا). گـودهیلد، تۆ نە ئەوە دەزانیت و نە باوەڕیشت بەوە هەیە.

**گودهیلد:**

باوەڕم بەوە نییە!

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئەوە تەنیا شتێکە کە تۆ دێیت و دەچیت و خەوی پێوە دەبینیت. چونکە تۆ ئەوە باش دەزانیت ئەگەر ئەرهارت نەبووایە تۆ تووند خۆتی پێوە هەڵواسیت، ئەوا دەبووایە تۆ تەواو بێ هیوا بوویتایە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، ئەوسا دەبوو بەتەواوەتی بێ هیـوا بوومایە.(بەتووندی)ەوە لەوانەیە تۆ چاوەڕێی ئەوە بکەیت، ئێلە!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(سـەری بەرز کـردووەتەوە). بەڵێ، من زیاتر چاوەڕێی بێ هیوابوونی تۆم– لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت بە شێوەیەکی تر خۆت ئازاد کەیت وە ئازادبوونیشت بەو شێوەیە زیاتر بەسەر ئازادی ئەرهارت دا دەشکێتەوە.

**گودهیلد:**

(بەهەڕەشـەکردنەوە). تۆ دەتەوێ بەینمـان تێک بدەیت! بەینی دایک و کوڕ! تۆ!

**ئێله ڕێنتهایم:**

من دەمەوێت ئەو لە دەسەڵاتی تۆ ڕزگار کەم،– لە تووندوتیژی تۆ،– لە زاڵبوونی تۆ.



**گودهیلد:**

(بەهەست بە سەرکەوتنەوە). تۆ لەوە زیاتر ناتوانیت شتی وا بکەیت! ئەو هەتا پانزە ساڵی لە چنگی تۆدا بوو–. بەڵام من سەرکەوتم لە دووبارە هێنانەوەی ئەو بۆ لای خۆم_، دەبینیت!

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئینجا منیش دووبارە دەمەوێت ئەو لە تۆ بەرمەوە!(بەدەنگێکی گڕ؛ بە نیوە چرپەیەک.) ئێمە هەردووکمان، لەمەوپێش لەسەر مرۆڤێک شەڕی ژیان و مردنمان کردووە، ئێمە، گودهیلد!

**گودهیلد:**

(بەکەشخەییکردنی بردنەوەی کەسێک بەسەر کەسێکی تردا تەماشای دەکات). بەڵێ، من لەو شەڕەدا بردمەوە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە) هێشتا پێت وایە ئەو سەرکەوتنە مانای بردنەوەی تۆیە؟

**گودهیلد:**

(ڕەشبینانە). نەخێر؛– تۆ زۆر ڕاست دەکەیت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

تۆ دیسان ئەم جارەش نایبەیتەوە.

**گودهیلد:**

ئایە ئەوە بردنەوە نییە، کە دەسەڵاتێکی دایکانەت هەبێ بەسەر ئەرهارت دا!

**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر؛ چونکە تۆ دەتەوێت تەنیا دەسەڵاتت بەسەر ئەودا هەبێت.

**گودهیلد:**

ئەی تۆ!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەگەرمییەوە). من بیروهۆشی خۆشەویستانەیم دەوێت،– ڕوحیم دەوێت،– تەواوی دڵیم دەوێت –!

**گودهیلد:**

(لەناکاو و بەتووڕەییەوە). تۆ هەرگیز لەم دنیایەدا بەوە ناگەیت!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(تەماشای دەکات). لەوانەیە تۆ هەوڵی ئەوەت دابێت من بەوە نەگەم؟

**گودهیلد:**

(بەزەردەخەنەوە). بەڵێ، بەڕاستی من ڕێگەم بەخۆم دا هەوڵی ئەوە بدەم. ئەی تۆ لەو نامانەی کە ئەو بۆی دەناردیت ئەوەت نەدەبینی؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

(لەسەرخۆ سەر دەلەقێنێت). بەڵێ. لەم دواییانەدا نامەکانی ئەو هەمووی هەر تۆ بوویت.

**گودهیلد:**

(بە ئەزییەت دانەوە، تووڕەکردنەوە). من سوودم لەو هەشت ساڵە وەرگرت – کە ئەوم لە بەرچاو بوو، دەبینیت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(خۆڕاگرانە). چیت لەبارەی منەوە بە ئەرهارت وتووە؟ دەکرێ



پێم بڵێیت؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، زۆر چاک دەکرێت پێت بڵێم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

کەواتە فەرموو پێم بڵێ!

**گودهیلد:**

من تەنیا ڕاستیم پێ وتووە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئێ دوایی؟

**گودهیلد:**

من هەمیشە و بەردەوام ئەوم فێر کردووە کە باش ئەوەی لەبیر بێت کە ئێمە دەبێت لە پێناوی ئەو ژیانەی کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین سوپاسی تۆ بکەین. بەهەموو شتێکییەوە_.

**ئێله ڕێنتهایم:**

هەر ئەوە و هیچی تر!

**گودهیلد:**

ئۆ، وەکو دەرزی بەگیانمدا بکەن، ئاوا هەست دەکەم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵام ئەوە تەقریبەن هەر ئەوەیە کە ئەرهارت لەمەوپێش دەیزانی.

**گودهیلد:**

ئەوسا کە ئەو دووبارە گەڕایەوە ئێرە بۆ لای من، لەو باوەڕەدا

بوو کە هەموو ئەوەی تۆ کردووتە بە دڵێکی پاکەوە بووە.(بەخۆشحاڵی بوون بە ئازاردانییەوە تاماشای دەکات.) ئێستا ئەو چی تر لەو باوەڕەدا نییە، ئێلە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەی ئەو ئێستا لە چ باوەڕێکدایە؟

**گودهیلد:**

ئەو باوەڕی بەوەیە کە ڕاستە. لێم پرسی ئایا ئەو لەبارەی ئەوە_ی کە پوورە ئێلە هەرگیز نایەت بۆ ئێرە بۆ سەردانمان چ ڕوونکردنەوەیەکی هەیە–

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەقسەپێبڕینەوە). ئەو لەوەوپێش ئەوەی دەزانی!

**گودهیلد:**

ئەو ئێستا باشتر ئەوە دەزانێت. تۆ وات لەو گەیاندبوو کە ئەوە لە پێناوی پاراستنی من و ئەوەی سەرەوەدا بووە – ئەوەی کە لە سەرەوە لە هۆڵەکەدا هەر دێت و دەچێت –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئێ هەر واش بوو.

**گودهیلد:**

ئەرهارت ئێستا ئیتر زەرەیەک باوەڕی بەوە نییە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ ئێستا وات لەو کردووە کە لەبارەی منەوە لەچ باوەڕێکدا بێت؟



**گودهیلد:**

ئەو لەو باوەڕەدایە، کە لە ڕاستیشدا هەر وایە، کە بەهۆی ئێمەوە_ تۆ هەست بە شەرمەزاری دەکەیت،– بە چاوی سووکەوە سەیرمان دەکەیت. وا نییە ئێلە؟ کەڕەتێکیان بیرت لەوە نەکردبووەوە کە بەتەواوەتی ئەوم لێ دوور بخەیتەوە؟ بیهێنەرەوە بیری خۆت، ئێلە. بێگومان تۆ بیرتە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەنکوڵی لێکردنەوە). ئەوە لە خراپترین کاتی کارەساتەکەدا بوو. ئەوکاتەی کە کێشەکە کەوتبووە دادگاوە.ـ من ئێستا ئیتر وا بیر ناکەمەوە.

**گودهیلد:**

ئەوەشت بکردایە هیچ سوودێکی نەدەبوو بۆت. چونکە ئەوسا لەوێ ئەرکەکەی سەرشانی ئەو چی لێ دەهات! نەخێر سوپاس، ئێلە! ئەرهارت پێویستی بە من هەیە،– نەک بە تۆ. وە هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو بۆ تۆ وەکو مردوو وایە! وە تۆش بۆ ئەو!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(سارد، بڕیاردەرانە). بابزانین. چونکە من ئیتر لێرە دەمێنمەوە.

**گودهیلد:**

(لێی مۆردەبێتەوە). لێرە لەم کێڵگەیەدا؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، لێرە.

**گودهیلد:**

لێرە – لەلای ئێمە؟ هەموو ئەمشەو؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەگەر پێویست بەوە بکات من باقی ڕۆژەکانی ژیانم لێرە دەمێنمەوە.

**گودهیلد:**

(تێ دەگات). بەڵێ، بەڵێ، ئێلە،– تۆ خۆت خاوەنی موڵکەکەیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ها چی!

**گودهیلد:**

هەمووی هی خۆتە. ئەو کورسییەی کە لەسەری دانیشتووم، هی تۆیە. ئەو قەرەوێڵەیەی لەسەری پاڵدەکەوم و بێ ئەوەی خەو بچێتە چاومەوە و تلی لەسەر دەدەم، هی تۆیە. ئەو خواردنەی کە ئێمە دەیخۆین لە ڕێگەی تۆوە پێمان دەگات.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ناکرێ، ئەوە بە جۆرێکی تر ڕاست بکەینەوە. بۆرکمان ناتوانێ موڵکی خۆی هەبێت. چونکە یەکسەر چەند کەسێکی لێ ڕاست دەبنەوە و موڵکەکەی دەبەن بۆ خۆیان.

**گودهیلد:**

چاک دەزانم. ئێمە دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین لەسەر ڕەحم و بەزەییی تۆ بژین.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەساردییەکەوە). گودهیلد، من ناتوانم نەهێڵم تۆ لەو لایەنەوە



سەیری ئەو مەسەلەیە بکەیت.

**گودهیلد:**

نەخێر، تۆ ناتوانیت.– دەتەوێت کەی ئێمە لێرە بڕۆینە دەرەوە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تەماشای دەکات). لێرە بڕۆنە دەرەوە؟

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییەوە). بەڵێ، تۆ هەرگیز وا تێ نەگەیت کە من دەمەوێ لێرە لە ژێر سەقفێکدا لەگەڵ تۆ دا بژیم!–. نەخێر،_ بۆ من – ماڵی هەژاران یان سەرشەقام باشترێکە لەوە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

باشە. کەواتە ئەرهارتم بەرێ –

**گودهیلد:**

ئەرهارت! کوڕەکەی خۆم! منداڵەکەم!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ – چونکە ئەوسا یەکسەر دەگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆم.

**گودهیلد:**

(پاش بیرکردنەوەیەکی کورت؛ پتەو) با ئەرهارت خۆی لە بەینی هەردووکماندا یەکێک هەڵبژێرێت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە شک و گومانەوە سەیری دەکات). ئەو یەکێکمان هەڵبژێرێت؟ ها، – گودهیلد، دەوێریت ئەوە بکەیت؟

**گودهیلد:**

(بەقاقالێدانێکی ڕەقەوە). دەوێرم! وازبێنە با کوڕەکەم لە بەینی دایکی خۆی و تۆدا یەکێکمان هەڵبژێرێت! بەڵێ، بە دڵنیاییەوە من دەوێرم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەگوێگرتنەوە). وا بزانم یەکێک هات؟ گوێم لێیە –

**گودهیلد:**

کەواتە ئەوە ئەرهارت–ە –

(بە پەلە لە دەرگەی هۆڵەکە دەدرێت، پاشان دەرگەکە ڕاستەوخۆ دەکرێتەوە. ویڵتۆن خانم، جلوبەرگی چوونە سەر ئاهەنگ و پاڵتۆیەکی پۆشیوە و، دێتە ژوورەوە. لە دوای ئەوەوە کچەئیشکەرەکە دەردەکەوێت، کە لەبەر فریانەکەوتنی ڕاگەیاندنی هاتنی ئەم میوانە پەشۆکاو دیارە. دەرگەکە بەنیوە کراوەیەی دەمێنێتەوە. ویڵتۆن خانم ئافرەتێکی سەرنج ڕاکێشی شۆخ و لەشولار جوانە لە تەمەنی سی ساڵیدا. لێوەکانی پڕ و، سوور و، بەزەردەخەنەن. چاوەکانی گەش و قژەکەی ڕەش و پڕە.)

**ویڵتۆن خانم:**

ئازیزم خانمی بۆرکمان، ئێوارەت باش!

**گودهیلد:**

(بە وشکییەوە). ئێوارەت باش، خانم.(بە کچەئیشکەرەکە؛ پەنجە بۆ هۆڵی سەرباخچەکە ڕادەکێشێت.) چراکەی ئەوێ بەرەو داگیرسێنە.



(کچەئیشکەرەکە– چراکە دەهێنێ و لەگەڵ خۆی دەیباتە دەرەوە.)

**ویڵتۆن خانم :**

(سەیری ئێلە ڕێنتهایم دەکات). ئۆ، داوای لێبووردن دەکەم،–- کەسی بێگانە لێرەیە –

**گودهیلد:**

هەر خوشکەکەمە، بەسەفەر هاتووە –

(ئەرهارت بۆرکمان تەواو دەرگەی هۆڵە نیوەکراوەکە دەکاتەوە و بەپڕتاو خۆی دەکا بەژووردا. ئەرهارت کوڕێکی گەنجە دووچاوی گەشی پڕ متمانەی بێ ترسی پێوەیە. جوانپۆشە. تازە سمێڵی بۆر کردووە.)

**ئەرهارت برۆکمان:**

(بە خۆشحاڵییەکی گەشەوە؛ لە ناو دەرگەکەدا). ئەوە چییە! پوورە ئێلە هاتووە؟ (بەرەو ڕووی دەچێت؛ دەستەکانی دەگرێت.) پوورێ، پوورێ! نەخێر، شتی وا دەبێت! ئەوە لێرەیت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەست دەکاتە ملی). ئەرهارت کوڕە ئازیزە میهرەبانەکەم! نەء، چەند گەورە بوویت! ئۆ، چەند خۆشە دووبارە بینینەوەی تۆ!

**گودهیلد:**

(توندوتیژانە). ئەوە مانای چی، ئەرهارت!– لە ناو دەرگەی ڕاڕەوەکەدا_ وەستاویت و خۆت دەشاریتەوە؟

**ویڵتۆن خانم:**

(خێرا). ئەرهارت – بۆرکمان لەگەڵ مندا بوو پێکەوە هاتین.

**گودهیلد:**

(لە سەرەوە تا خوارەوە سەیری ئەرهارت دەکات). ئا تێگەیشتم، ئەرهارت. تۆ یەکەم جار نایەیت بۆ لای دایکی خۆت؟

**ئەرهارت:**

هەردەبووایە تۆزێک بچمە لای ویلتۆن خانم،- بۆ ئەوەی فریدای بچکۆلە بهێنم بۆ ئێرە.

**گودهیلد:**

ئەو خاتوو فریدایەشتان لەگەڵدایە؟

**ویلتۆن خانم:**

بەڵێ، ئەومان لە دەرەوە لەپێش دەرگەکەدا ڕاگرتووە.

**ئەرهارت:**

(لە دەرگەکەوە قسە دەکات). فریدا، بچۆرە سەرەوە.

(ماوەیەک وەستان. ئێلە ڕێنتهایم چاودێری ئەرهارت دەکات. ئەرهارت شەرمن وبێ ئارام دیارە؛ ڕوخساری گوزارەیەکی گرژ و ساردتر پیشان دەدا.)

(کچەئیشکەرەکە چرا داگیرساوەکە دەهێنێتەوە ناو هۆڵی سەرباخچەکە و، دووبارە دەچێتەوە دەرەوە و دەرگەکە لە دوای خۆیەوە دادەخات.) .

**گودهیلد:**

(بە ئەدەبێکی ناچارانەوە). بەڵێ، ویلتۆن خانم،– ئەگەر ئێوەش دەخوازن ئەمشەو لێرە بن، ئەوا–



**ویلتۆن خانم:**

نەخێر زۆر سوپاس، خانمی ئازیز. من بەهیچ کلۆجێ ناتوانم لێرە بمێنمەوە. ئێمە ئیشێکی ترمان هەیە. دەمانەوێ بچین بۆ لای پارێزەر هینکێل.

**گودهیلد:**

(تەماشای دەکات). ئێمە؟ ئێوە، مەبەستان کام ئێمەیە؟

**ویلتۆن خانم:**

(بەپێکەنینەوە). ئێ، من لە ڕاستیدا مەبەستم تەنیا هەر خۆمە. بەڵام لە خانمانی ماڵەکەوە ئەرکێکم پێ ڕاسپێردراوە ئەگەر بەڕێکەوەت چاوم بە بۆرکمانی قوتابی کەوت، لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ ئەوێ.

**گودهیلد:**

وە وەک دەبینم، تۆ ڕێکەوتی ئەوت کردووە.

**ویلتۆن خانم:**

بەڵێ. خۆشبەختانە. چونکە ئەو ئەوەندە میهرەبان بوو هات سەری لێ دام، – بەهۆی فریدای بچکۆلەوە.

**گودهیلد:**

(وشک). ئەرهارت، تۆ– من نەمدەزانی کە تۆ ئەو خێزانە دەناسیت – ماڵی هینکێل.

**ئەرهارت:**

(بەتووڕەییەوە). نەخێر، لە ڕاستیدا منیش نایانناسم. (بەبێ ئارامییەوە تۆزێک دەخاتە سەر قسەکانی.) بێگومان تۆ خۆت

باشتر دەزانیت، دایکە، من کێ دەناسم و کێ ناناسم.

**ویڵتۆن خانم:**

هیچ نییە! مرۆڤ زوو دەبێ بە ئاشنای ئەو ماڵە! خەڵکێکی دڵخۆش و، بەزەوق و، میواندۆستن. پڕە لە ئافرەتی گەنج.

**گودهیلد:**

(بە حەماسەوە). لە ڕاستیدا ویڵتۆن خانم، من کوڕی خۆم باش بناسم، ئەوە شوێنی ئەو نییە.

**ویڵتۆن خانم:**

بەلام بۆ خوا، خانمی ئازیز، ئەویش گەنجە!

**گودهیلد:**

بەڵێ بەختەوەرانە ئەو گەنجە. ئەگینا پاساوی تر نییە.

**ئەرهارت:**

(بێ تەحەمولی خۆی دەشارێتەوە). بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، دایکە،– شتێکی ئاساییە ئەم ئێوارەیە من ناچم بۆ ماڵی هینکێل. بێگومان من لێرە لەلای تۆ و پوورە ئێلە دەمێنمەوە.

**گودهیلد:**

من لەوە دڵنیابووم، ئەرهارتە ئازیزەکەم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نەخێر، ئارهات،– لەبەر من پێویست ناکات تۆ هیچ ڕێگە لە خۆت بگریت –

**ئەرهارت:**

با بەدڵنیاییەوە، پووری ئازیز؛ ئیتر لەسەری ناڕۆین.



(بەگومانەوە سەیری ویڵتۆن خانم دەکات.) بەلام چۆن بتوانین ئەوە بکەین؟ شتی وا دەبێت؟ ئێوە بەناوی منەوە – وەلامتان داوەتەوە و وتوتانە بەڵێ ئەو دێت.

**ویڵتۆن خانم:**

(بە دڵخۆشییەوە). ئەو قسەیە چییە! بۆچی نابێت؟ کاتێک دەگەمە ئەو سالۆنە ڕووناکە ئاهەنگ نەوازەی ئەوێ،– بەتەنیا و بەجێهێڵراو– بیرکەرەوە! ئینجا من بەناوی ئێوەوە وەلام دەدەمەوە و دەڵێم نەخێر ئەو– نایەت.

**ئەرهارت:**

(بەبێزارییەوە). بەڵێ، مادام ئێوەش لەو باوەڕەدان کە شتی وا دەبێت، کەواتە–

**ویڵتۆن خانم:**

(ڕەوان و بە سەلیقە). من چەندەها جار وەلامم داوەتەوە هەم بە بەڵێ و هەم بە نەخێر– بەناوی خۆمەوە. وە ئێوە دەتانەوێت ئێستا پوورتان بەجێ بهێڵن، کە هەر ئێستا گەیشتووە؟ ئای، موسیۆ ئەرهارت،– دروست ئەوە ڕەفتارێکی فەرزەندانە نییە لە ئێوەوە؟

**گودهیلد:**

(خراپ کاری تێ کردووە). فەرزەندانە–؟

**ویڵتون خانم:**

بەڕاستی، رەفتاری فەرزەند بەرامبەر دایەنەکەی. خانمی بۆرکمان.

**گودهیلد:**

بەڵێ، دایەنەکەی بۆ زیاد بکەن.

**ویلتۆن خانم:**

ئەی من پێم وایە مرۆڤ دەبێت زۆر سوپاس گوزاری دایەنێکی باش بێت زیاتر لە دایکی ڕاستەقینەی خۆی.

**گودهیلد:**

ئێوە خۆتان ئەوتان تاقی کردووەتەوە؟

**ویلتۆن خانم:**

ئۆ خوایە باشتر کە تاقیم نەکردووەتەوە،– من دایکی خۆمم زۆر کەم دەناسی. بەڵام منیش، ئەگەر دایەنێکی ئەوەندە باشم هەبووایە،– لەوانە بوو من ئەوندە وا نەبوومایە – ئەوەندە خراپ، وەک خەڵک دەڵێن (ڕوو دەکاتە ئەرهات.) بەڵێ، کەواتە مرۆی جوان لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و پووریدا دەمێنێتەوە – و چا دەخواتەوە، جەنابی قوتابی! (ڕوودەکاتە خانمەکان.) خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ، خانمی ئازیز! خوات لەگەڵ، خاتوون!

(خانمەکان بەبێدەنگی خواحافیزی لێ دەکەن. ویلتۆن خانم بەرەو دەرگەکە دەڕوات.)

**ئەرهارت:**

(بەدوایدا دەڕوات). کەمێک لەگەڵتاندا نەیەم –؟

**ویلتۆن خانم:**

(لە ناو دەرگەکەدا بە بەرلێگرتنەوە). هەنگاوێک لەگەڵمدا نایەن. من زۆر چاک ڕاهاتووم بەتەنیا بە ڕێگەی خۆمدا بڕۆم. (لە ناو



دەرگەکەدا ڕادەوەستێت، تەماشای دەکا و سەر دەلەقێنێت.) بەڵام ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەرهارتی قوتابی؛– من هەر ئەوەتان پێ دەڵێم!

**ئەرهارت:**

بۆچی دەبێت ئاگام لە خۆمبێت؟

**ویلتۆن خانم:**

(بە زەوقەوە). با، چونکە کاتێک من بە ڕێگەکەدا بەرەو خوار دەبمەوە،– تەنیا و بەجێهێڵراو، وەکو باسکرا،– ئەوسا من هەوڵ دەدەم بزانم دەتوانم بەدواتاندا ڕوونە[٢١] هەوڵ بدەم.

**ئەرهارت:**

(پێ دەکەنێت). ئاها، ئاوها! ئێوە دەتانەوێت دووبارە هەوڵی ئەوە بدەنەوە.

**ویلتۆن خانم:**

(نیوە جدی). بەڵێ، ئاگاتان لە خۆتان بێت. کاتێک من بەرێگەکەدا بەرەو خواردەبمەوە، ئەوسا لە ناخمەوە دەڵێم،– بەڕاستی لە ناخی ویست و خواستمەوە دەڵێم: ئەرهارت بۆرکمانی قوتابی،– هەرئێستا شەپقەکەتان لەسەر کەن!

**گودهیلد:**

ئینجا ئێوە لەو باوەڕەدان، ئەو ئەوە بکات؟

(٢١) روونە پیتی ئەلف و بێی تیتۆنیای کۆنە کە لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیدا بەکار دەهێنرا ١٠٠ی دوای لە دیکوبوونی مەسیح، ئەم پێتانە بۆ سیحر و تێفریسمان لە کەسێک لەسەر بەرد هەڵدەکۆڵران و دوای ناو هێنانی ئەو کەسە بەردەکان هەڵدەدران. وەرگێڕ.

**ویڵتۆن خانم:**

(بەپێکەنینەوە). خوا بمانپارێزێت؛ ئەو یەکسەر پەلاماری شەپقەکەی دەدات و ئینجا ئەوسا منیش دەڵێم : جوان پاڵتۆکەشتان لەبەرکەن، ئەرهارت بۆرکمان! وە کالۆشەکانیش[٢٢] لە پێ کەن، کالۆشەکانت لەبیر نەچێت! وە بەدوامدا وەرن! گوێڕایەڵانە، گوێڕایەڵانە، گوێڕایەڵانە!

**ئەرهارت:**

(بە شادمانییەکی زۆر لەخۆکردوانەوە). بەڵێ، ئێوە دەتوانن متمانە بەوە بکەن.

**ویڵتۆن خانم:**

(بەپەنجەی هەڕەشە لێ بەرزکردنەوە). گوێڕایەڵانە! گوێڕایەڵانە!ـ شەوباش!

(ویڵتۆن خانم پێ دەکەنێت و سەر بۆ ژنەکان دەلەقێنێت و دەرگەکە لە دوای خۆیەوە دادەخات.)

**گودهیلد:**

بەڕاستی ئەو ئافرەتە خەریکی ئەو جۆرە هونەرەیە؟

**ئەرهارت:**

نا، هەرگیز. چۆن تۆ باوەڕ بەوە دەکەیت؟ ئەوە تەنیا بۆ گاڵتە بوو.(بە قسەبڕینەوە) بەڵام لێگەڕێ با ئێمە ئێستا باسی ویڵتۆن خانم نەکەین.

(٢٢) کالۆش: جۆرە پێڵاوێکە بەسەر پێڵاوی چوونەدەرەوەدا لە پێ دەکرێ لە کاتی بەفرباریندا بۆ پاراستنی پلوپێ لە تەڕبوون. وەرگێڕ.



(زۆر لە ئێلە ڕێنتهایم دەکات هەتا لەسەر کورسییە قۆڵدارەکەی تەنیشت ئاگردانەکەوە دانیشێت.)

**ئەرهارت:**

(ڕادەوەستێت و کەمێک سەیری دەکات). نا، بەڵام تۆ پوورە ئێلە! بەم زستانە، ئەو سەفەرە دوورودرێژەت کرد؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەرهارت، دوا جار ئەم سەفەرە بۆ من گرینگبوو.

**ئەرهارت:**

ئاوها؟ بۆچی ئەو سەفەرە بۆ تۆ گرینگ بوو؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من هەر دەبووایە بهاتمایە بۆ ئێرە و جارێک قسەم لەگەڵ دوکتۆرەکاندا بکردایە.

**ئەرهارت:**

ئێ، شتێکی باشت کردووە !

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەزەردەخەنەوە). لەو باوەڕەدایت ئەوە شتێکی زۆر باشبێت؟

**ئەرهارت:**

مەبەستم ئەوەیە، کە تۆ دواجار بڕیاری خۆت دا .

**گودهیلد:**

(لەسەر قەنەفەکە، بەساردییەوە). نەخۆشی، ئێلە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەتووڕەییەوە سەیری دەکات). تۆ باش ئەوە دەزانیت کە من

نەخۆشم.

**گودهیلد:**

ئەێ نەخـــۆشی ئاوها، وەک ئەوەی تۆ ئەم چەند ســـاڵە هەر هەتبووە –

**ئەرهارت:**

ئەو ماوەیەی من لەلای تۆ بووم، هەمیشە زۆرم پێ دەوتیت کە تۆ دەبێت لەگەڵ دوکتۆردا قسە بکەیت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ها، لەوێ لەلای منەوە کەس نییە کە من بەڕاستی باوەڕی پێ بکەم. وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوسا ئەوەندە هەستم بە خراپی نەدەکرد.

**ئەرهارت:**

ئێستا خراپتریت، پوورێ؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئا بەڵێ، کوڕی خۆم؛ من ئێستا تۆزێک خراپترم.

**ئەرهارت:**

بەڵێ، بەڵام مەترسیشی نییە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئێ، کەوتووەتە سەر ئەو کەسە خۆی.

**ئەرهارت:**

(بە حەماسەوە). ئا بەڵام دەزانی چی، پوورە ئێله،– تۆ نابێ دووبارە زوو بگەڕێیتەوە.



**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر، منیش شتی وا ناکەم.

**ئەرهارت:**

تۆ دەبێت لێرە لە شار بمێنیتەوە، چونکە لە شار ئەو هەموو دوکتۆرە باشە هەیە کە تۆ دەتوانیت لە ناویاندا هەڵبژێریت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵێ، منیش هەر بیرم لەوە دەکردەوە بۆیە سەفەرم کرد.

**ئەرهارت:**

وە هەروەها تۆ دەبێت بەڕاستی شوێنێکی باش بۆ مانەوەی خۆت بدۆزیتەوە– شوێنێکی وا، شوێنێکی گەرم، جێگەیەکی ئارام.

**ئێله ڕێنتهایم:**

من چوومەوە بۆ جێگە کۆنەکەی پێشان لێی دەژیام.

**ئەرهارت:**

ئێ باشە، ئەوێ بۆ تۆ خۆشە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

بەڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەوێ نامێنمەوە.

**ئەرهارت:**

ئێ؟ بۆچی نا؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر، من کە هاتم بۆ ئێرە ڕام گۆڕی.

**ئەرهارت:**

(بەسەرسوڕمانەوە).کەواتە –؟ تۆ ڕای خۆتت گۆڕیوە –؟

**گودهیلد:**

(بەدەم چنینەوە؛ بێ ئەوەی چاو لەسەر ئەوەی دەیچنێت لابەرێت). پوورت دەیەوێت لێرە لە کێڵگەکەی خۆیدا بژی، ئەرهارت.

**ئەرهارت:**

(لەمابەینی هەردووکیاندا نیگای لەمیانەوە بۆ ئەویان دەگوێزێتەوە). لێرە! لەلای ئێمە! لەگەڵ ئێمەدا!– پوورێ، ئەوە بەڕاستە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، من ئێستا بڕیاری ئەوەم داوە.

**گودهیلد:**

(هەروەک جاری پێشوو). تۆ دەزانیت، ئێرە هەمووی موڵکی پوورتە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەرهارت، ئیتر من لێرە دەبم. هیچ نەبێت لە سەرەتادا. هەتا کاتی دیاریکراو. لەوێ لە بەشی کارگێڕان – جێگەی خۆم دەکەمەوە.

**ئەرهارت:**

بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەیت. لەوێ هەمیشە ژووری چۆڵ هەیە.(لەپڕێکا بە شەوقەوە). بەڵێ پوورێ، ئەوە وایە – باشە تۆ لە دوای سەفەرەکەت زۆر ماندوو نیت؟



**ئێلە ڕێنتهایم:**

با من تۆزێک ماندووم.

**ئەرهارت:**

ئێ، بەڕاست من وا بزانم تۆ دەبێت زوو بچیتە ناو جێگەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەزەردەخەنەوە تەماشای دەکات). منیش دەمەوێت زوو بچمە ناو جێگەوە.

**ئەرهارت:**

(بە حەماسەوە). چونکە ئێمە دەتوانین سبەینێ زیاتر پێکەوە قسە بکەین – یان ڕۆژێکی تر، وا نییە. لەبارەی هەموو شتێکەوە. بەچاک و خراپ. تۆ و دایکم و من. ئەوە چاکتر نییە، پوورە ئێلە؟

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییەوە؛ لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێت). ئەرهارت، – من لە تۆدا ئەوە بەدی دەکەم کە دەتەوێت بە جێم بهێڵیت!

**ئەرهارت:**

(بە داچڵەکانەوە).مەبەستت چییە!

**گودهیلد:**

تۆ دەتەوێ بڕۆیت – بچی بۆ ماڵی پارێزەر هینکێل!

**ئەرهارت:**

(بێ خود). ئێ ئاوها! (دادەنیشێت). باشە تۆ پێت وایە کە من دەبێ لێرە دانیشم و تا شەو درانگانێک پوورە ئێلە بهێڵمەوە و

نەهێلم بنوێت؟ دایکە، پوورە ئێلە نەخۆشە. بیر کەرەوە.

**گودهیلد:**

تۆ دەتەوێ بچیت بۆ ماڵی هینکێل. ئەرهارت!

**ئەرهارت:**

(بێ ئارامانە). ئێ باشە خوای گەورە، دایکە،– پێم وایە نابێت نەچم. یان تۆ دەڵێی چی، پوورێ؟

**ئێلە ڕینتهایم:**

ئەرهارت، تۆ دەبێت بە تەواوی ئازادی خۆتەوە مامەڵە بکەیت.

**گودهیلد:**

(بەهەڕەشە لە ئێلە کردنەوە). تۆ دەتەوێت کوڕەکەم لێ دووربخەیتەوە!

**ئێلە ڕینتهایم:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ) بەڵێ بەڕاستی ئەوەم دەوێت ئەگەر بتوانم، گودهیلد!

(مۆسیقایەک دێتە گوێ کە لە سەرەوە لێ دەدرێت.)

**ئەرهارت:**

(خۆی لوول دەکات وەک ئازاری هەبێت). ئۆ من بەرگەی ئەمە ناگرم! (سەیری دەورووبەری دەکات.) کوا شەپقەکەم! (ڕوو دەکاتە ئێلە) دەزانی ئەو مۆسیقایەی کە لە هۆڵەکەی سەرەوە لێ دەدرێ چییە؟

**ئێلە ڕینتهایم:**

نەخێر. چ مۆسیقایەکە؟



**ئەرهارت:**

سەمای مەرگە[٢٣]. سەمای مردن. پوورێ، سەمای مردنت گوێ لێ نەبووە؟

**ئێلە ڕینتهایم:**

(بەزەردەخەنەیەکی قورسەوە). هێشتا گوێم لێی نەبووە، ئەرهارت.

**ئەرهارت:**

(ڕوو دەکاتە گودهیلد). دایکە،– من زۆر جوان داوات لێ دەکەم،– ڕێگەم بدە با بڕۆم!

**گودهیلد:**

(بە دڵڕەقانەوە سەیری دەکات). ڕێگەت بدەم دایکت بەجێ بهێڵی؟ ئەوەت دەوێت؟

**ئەرهارت:**

من دووبارە دێمەوە بۆ ئێرە – لەوانەیە سبەینێ بێمەوە!

**گودهیلد:**

(بە تووڕەبوونێکی سۆزدارانەوە). تۆ دەتەوێت لێم دوورکەویتەوە! دەتەوێت لەلای خەڵکی بێگانە بی! لەلای – لەلای؛ نەخێر، هەر نامەوێت بۆ تەنیا جارێکیش بەبیرمدا بێت!

**ئەرهارت:**

لەوێ ئێستا مۆمێکی زۆر داگیرسێنراون و دەموچاوەکان گەنج و شادمانن وە ئێستا بەزمی مۆسیقایە لەوێ، دایکە!

---

(٢٣) سەمای مەرگ: سوینێیکی کۆمپۆنیستی فەرەنسی (کامی سانت– سانس)ە ١٨٣٥ – ١٩٢١ وەرگێڕ.

**گودهیلد:**

(پەنجە بۆ سەقفەکە ڕادەکێشێ). ئەرهارت، لە سەرەوە لەوێش دەنگی مۆسیقا دێت.

**ئەرهارت:**

بەڵێ بەڕاستی ئەو مۆسیقایە،– ئەوەیە کە من لەم ماڵە دەردەپەڕێنێت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەو تۆزە خۆ لەبیرکردنە بە باوکی خۆت ڕەوانابینیت؟

**ئەرهارت:**

با، پێی ڕەوا دەبینم، هەزار جاریش پێی ڕەوادەبینم. بەمەرجێک من خۆم ڕزگارم بێت لە گوێ لێبوونی.

**گودهیلد:**

(بە ئاگەداریکردنەوە تەماشای دەکات). خۆڕاگر بە، ئەرهارت، خۆڕاگر، کوڕی خۆم! هەرگیز لە بیرت نەچێت کە تۆ خاوەنی پەیامێکی گەورەیت!

**ئەرهارت:**

ئۆف دایکە، بەو شێوەیە قسە مەکە! من بۆ ئەوە دروست نەبووم کە پەیامبەربم. – شەوباش، پووری ئازیزم! شەوباش، دایکە!

(بە پەلە لە دەرگەی هۆڵەکەی سەر ڕاڕەوەکەوە دەچێتە دەرەوە.)

**گودهیلد:**

(پاش متبوونێکی کەم). وا بزانم تۆ دووبارە بەم زووانە ئەو دەبەیتەوە بۆ لای خۆت، ئێلە.



**ئێلە ڕێنتهایم:**

خەریکە بوێرم باوەڕ بەوە بکەم.

**گودهیلد:**

بەڵام دەیبینی، زۆر لەلای تۆ نامێنێتەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

مەبەستت، لەبەر تۆ؟

**گودهیلد:**

لەبەر من یان – لەبەر ئەو، ئەوی تر.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

باشترە بۆ ئەو بێت هەتا بۆ تۆ.

**گودهیلد:**

(لەسەرخۆ سەر دەلەقێنێ). تێ دەگەم. منیش هەر هەمان شت دەڵێم. باشترە بۆ ئەو بێت هەتا بۆ تۆ.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

هەرچۆنێک بێت لە کۆتاییدا هەر دەردەکەوێت –

**گودهیلد:**

پێم وایە، هەر ئەوەیە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(پاڵتۆکەی دەدا بەسەر دەستیا). بۆ یەکەم جار لە ژیاندا ئێمەی دووانە خوشک هاوڕاین. – شەوباش، گودهیلد. (لە دەرگەی سەر ڕاڕەوەکەوە دەڕواتە دەرەوە.)

(دەنگی موزیک لە هۆڵەکەی سەرەوە بەهێزتر دێتە گوێ.)

**گودهیلد:**

(ماوەیەک بەبێ جوڵە ڕادەوەستێت، ڕادەچڵەکێت، هەڵدەلەرزێت و ڕاستەوخۆ دەچرپێنێت). گورگەکە دیسان دەلوورێنێت. –- گورگە نەخۆشەکە. (ماوەیەک ڕادەوەستێت، و پاشان خۆی فڕێ دەداتە سەر فەرشی ناو ژوورەکە، تەپاوتل دەدات و خۆی لوول دەکات و بەدەم گریانەوە دەچرپێنێت.) ئەرهارت! ئەرهارت،– پشتم تێ مەکە! بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە و یارمەتی دایکی خۆت بدە! چونکە ئیتر من بەرگەی ئەم ژیانە ناگرم!



## بەشی دووەم

(هۆڵە گەورە کۆنە جوانەکەی بەشی سەرەوەی خانووەکەی خێزانی ڕێنتهایم. دیوارەکانی هۆڵەکە بە فەرشی چنراوی کۆن داپۆشراون، فەرشەکان دیمەنی ڕاوکردنیان لەسەر چنراوە، ڕاوچی کوڕ و ڕاوچی کچ، هەمووی بە ڕەنگێکی چووەوەی کاڵ. لە دیوارەکەی لای چەپدا دەرگەیەکی گەورەی دوو قاپی و نزیکتر بەرەو دواوە پیانۆیەک هەیە. لە سوچەکەی لای چەپی دیوارەکەی دواوە دەرگەیەکی شاراوە. لە ناوەڕاستی دیوارەکەی لای ڕاستدا مێزێکی نووسینی لە داربەڕوو دروستکراو کە گەلێ کتێب و کاغەزی لەسەر دانراوە. کەمێک لە پێشەوەی هەمان لادا قەنەفەیەک و مێزێک و کورسییەک دانراون. کەلوپەلەکان لەسەر شێوازی ئیمپراتۆریانەی ڕێکوپێک (مەبەست لە جۆرە شێوازێکی ئەوروپییە کە شێوازی سەردەمی ڕۆمەکان و ئەنتیکی کردبووە پێشەنگ لە فەڕەنسا لە سەردەمی ناپولیۆندا . وەرگێڕ) دانراون. مێزی نووسینەکە و مێزی بەردەمی قەنەفەکەش چرای داگیرساویان لەسەرە.)

(یۆن گابریێل بۆرکمان دەستی خستووەتە پشتییەوە و لە تەنیشت پیانۆکەوە وەستاوە و گوێ لە فریدا فۆڵداڵ دەگرێت، کە دانیشتووە و دوا بارەکانی کۆتایی هاتنی پارچە مۆسیقای سەمای مەرگ دەژەنێت.)

(بۆرکـمـان پیـاوێکی باڵا مـامـناوەندی، پتەوبەخۆیە لە تەمـەنی شـەست سـاڵیدا. ڕوخـسـارێکی جـوان، پرۆفـیلێکی جـوان نەخشاو، چاوەکانی تیژ و سەروریشێکی ماش و برنجییانەی پڕی هەیە. جلەکـانی بەری ڕەشـن، وە زۆر لەسـەر مـۆدێلی تازەنین و دەسـەسـڕێکی ملی سپی لە ملدایە. فـریدا فـۆڵدال کـچـێکی جـوانی، ڕەنگ پەریوی، پانزە سـاڵەیە کـە هەندێک ماندوو، شەتەک دیارە. لە جلێکی هەژارانەی ڕەنگ کاڵدا خۆی ڕازاندووەتەوە.)

(پارچە مۆسیقاکە هەتا کۆتایی لێ دەدرێت. بێدەنگی.)

**بۆرکمان:**

بزانم دەزانن بۆ یەکەم جار لە کوێ من گوێم لەم تۆنانە بووە؟

**فریدا:**

(سەری بەرزدەکاتەوە و سەیری دەکات). نەخێر، جەنابی بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

لە خوارەوە لە کانگە.

**فریدا:**

(تێ ناگا). ها؟ لە خوارەوە لە کانگە[٢٤]؟

**بۆرکمان:**

من لە تایەفـەی بێرگمـانەکانم، ئێوە ئەوە دەزانن. یان لەوانەیە نەیزانن؟

(٢٤) کانگە: بە جێگەیەکی وا دەڵێن، کە سروشت کانزای وەک زێڕ و زیو و بەردی نرخداری تێیدا دروست کردبێ. ئەو جێگەیە کون دەکرێ و کـانەکانی لێ دەردەهێنرێ.



**فرێدا:**

نەخێر، جەنابی بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

لە تایەفەی بێرگمـانم.[٢٥] وە باوکم جاروبار منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ کانگەکان.– لەوێ کانزاکان گۆرانی دەڵێن.

**فریدا:**

ها،– کانزاکان گۆرانی دەڵێن؟

**بۆرکمان:**

(سـەر دەلەقـێنێ). کـاتێک دەردەهێنرێن. بە چەکـوشکاری، دەردەهێنرێن،– ئەو چەکـوشـکارییـە وەک زەنگی کـاتژمـێـری نیوەشـەو، لێ دەدا و ڕزگاریان دەکات. لەبەرئەوە کانزاکان – لە خۆشییاندا– بە شێوەی خۆیان گۆرانی دەڵێن.

**فریدا:**

بۆچی وا دەکەن، جەنابی بۆرکمان؟

**بۆرکمان:**

چونکە دەیانەوێت بێنە دەرەوە بۆ ناو ڕووناکی و خـزمـەتی مرۆڤ بکەن. (دەستی خستووەتە پشتییەوە و لە یەک بینە بە ناو هۆڵەکەدا دێ و دەچێ.)

**فریدا:**

(کەمێک دادەنیشێ و چاوەڕێ دەکات؛ تەماشای کاتژمێرەکەی دەکات و هەڵدەستێتە سەرپێ). بە یارمەتی خۆت، جەنابی

(٢٥) بێرگمان: بەو کرێکارە دەگوترێ کە لە کانگەی دەرهێنانی کانزادا کار دەکا.

بۆرکمان،– بەداخەوە من دەبێ بڕۆم.

**بۆرکمان:**

(لە بەردەمیدا ڕادەوستێ). هەروا زوو دەتانەوێ بڕۆن؟

**فریدا:**

(نۆتەکانی دەخاتەوە نێو لیڤاکسەکەیەوە). بەڵی هەر دەبێ بڕۆم. (دیارە کە لە ڕوودا داماوە.) چونکە ئەم ئێوارەیە لە جێگەیەکەوە بانگ کراوم بۆ مۆسیقا لێدان.

**بۆرکمان:**

لە جێگەیەکەوە کە ئاهەنگی تێدا دەگیرێ؟

**فریدا:**

بەڵێ.

**بۆرکمان:**

وە ئێوە دەتانەوێت گوێ لە ئاهەنگەکە بگرن؟

**فریدا:**

(لێوی دەکرۆژێت). نەخێر– من مۆسیقای سەماکردنیان بۆ لێ دەدەم.

**بۆرکمان:**

تەنیا بۆ سەماکردن؟

**فریدا:**

بەڵێ؛ دەیانەوێ پاش تەواوبوونی سفرەی ئێوارە، سەما بکەن.

**بۆرکمان:**

(دەوەستێ و تەماشای دەکا). ئێوە حەز دەکەن لەملاو لەولا لە



ماڵاندا؟ مۆسیقای سەماکردن بژەنن؟

**فریدا:**

(پاڵتۆکەی لەبەر دەکات). بەڵێ، کە داوام لێ دەکرێ – هەمیشە کەمێک دەستکەوتیشی تێدایە.

**بۆرکمان:**

(بە پرسیارکردنەوە). ئایا ئێوە زیاتر بیر لەو دەستکەوتە دەکەنەوە کاتێک مۆسیقای هێنانە سەما دەژەنن ؟

**فریدا:**

نەخێر؛ زیاتر بیر لەوە دەکەمەوە کە چەند ناخۆشە من خۆم ناتوانم بڕۆم سەما بکەم.

**بۆرکمان:**

(سەر دەلەقێنێ). دروست دەمویست ئەوە بزانم. (نائارامانە دەست دەکاتەوە بە هاتوچۆ.) بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ،– ئەوەی، کە خۆت بۆت نەبێ بیکەیت، ئەوە لە هەموو شتێک ناخۆشترە.

(ڕادەوەستێ.) بەڵام ئینجا شتێک هەیە لێرەدا کە بایەخی بۆ ئێوە هەیە، فریدا.

**فریدا:**

(بەپرسیارکردنەوە تەماشای دەکات). ئەو شتە چییە، جەنابی بۆرکمان؟

**بۆرکمان:**

ئەو شتە ئەوەیە کە ئێوە لەچاو تەواوی پێکەوە ئامادەبووانی ئاهەنگەکدا دە جار زیاتر، لە ناختاندا خاوەنی هەست بە مۆسیقا کردنن.

**فریدا:**

(بەزەردەخەنەیەکی نکوڵی لێکردنانەوە.) ئەوە هەرگیز ئەوندە ڕاست نییە.

**بۆرکمان:**

(پەنجەی هەڕەشەلێکردنی بەهۆشداری پێدانەوە بەرز دەکاتەوە). هەرگیز ئەوەندە سەرشێت نەبن لە خۆتان بەگومان بن!

**فریدا:**

ئۆ خوای گەورە، کەس ئەوە نازانێت؟

**بۆرکمان:**

تەنیا ئێوە خۆتان ئەوە دەزانن، ئەوەش بەسە.ـ- ئەم ئێوارەیە لە کوێ دەتانەوێ موزیک بژەنن_؟

**فریدا:**

لە ماڵێ پارێزەر هینکێل.

**بۆرکمان:**

(لەپڕ بە مۆنییەوە سەیری دەکا.) وتان، هینکێل!

**فریدا:**

بەڵێ.

**بۆرکمان:**

(بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە). خەڵکی غەریبیش دین بۆ ماڵی ئەو کابرایە؟ ئەو دەتوانێ کارێکی وا بکات خەڵک سەردانی بکەن؟

**فریدا:**

بەڵێ، خەڵکێکی هێجگار زۆر دێن بۆ ئەوێ، بەقسەی ویلتۆن خانم.



**بۆرکمان:**

(بەتوندی). بەڵام چ جۆرە خەڵکێک ! دەتوانیت پێم بڵێی؟

**فریدا:**

(کەمێک بەترسەوە). نەخێر، بەڕاستی من ئەوە نازانم. با،- وایە – من هەر ئەوەندە دەزانم کە ئەم ئێوارەیە،- بۆرکمانی قوتابیش دێت بۆ ئەوێ.

**بۆرکمان:**

(مت دەبێ). ئەرهارت! ئەرهارتی کوڕم؟

**فریدا:**

بەڵێ، ئەویش دەچێ بۆ ئەوێ.

**بۆرکمان:**

لە کوێوە ئەوە دەزانن؟

**فریدا:**

کاتژمێرێک لەمەوپێش ئەو خۆی وتی.

**بۆرکمان:**

ئەرهارت لێرەیە ئەمڕۆ؟

**فریدا:**

بەڵێ، ئەو هەموو پاش نیوەڕۆکەی ئەمڕۆ لەلای ویلتۆن خانم بوو.

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەییەوە). وەک بزانیت بۆ ئێرەش هاتبوو؟ مەبەستم ئەوەیە، ئەو هاتبێت بۆ ئێرە و لە خوارەوە قسەی لەگەڵ یەکێک کردبێت؟

**فریدا:**

بەڵێ، کەمێک چوو بۆ لای خانم.

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەییەوە). ئاوا ،– تێ دەگەم.

**فریدا:**

وا بزانم، ئافرەتێکی غەریبی لەلا بوو.

**بۆرکمان:**

ها؟ بەڕاستی؟ ئێ بەڵێ، جاروبار کەسانێک هێواش هێواش دێن بۆ لای خانم.

**فریدا:**

بە بۆرکمانی قوتابی بڵێم، ئەگەر دوایی بینیم، بێتە سەرەوە بۆ لاتان؟

**بۆرکمان:**

(بەتووڕەییەوە). هیچی پێ مەڵێن! من هەرگیز قبووڵم نییە. ئەو خەڵکانەی کە حەز دەکەن بێنە سەروەـ بم بینن، دەتوانن ڕاستەوخۆ خۆیان بێن. من داوا لە هیچ کەسێک ناکەم.

**فریدا:**

نەخێر، نەخێر، کەواتە هیچ ناڵێم.– شەوباش، جەنابی بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

(خەریکی پرتەو بۆڵەیە). شەوباش.

**فریدا:**

ئا، لەوانەیە ڕێگەم بدەن کە لە پلیکانە پێچاوپێچەکانی دواوە بڕۆمە خوارەوە؟ لەوێوە نزیکترە.



**بۆرکمان:**

لە چ پلیکانەیەکەوە خۆتان دەخوازن ڕاکەن لە دەستم – لەخوا بەزیابێت. شەوتان باش!

**فریدا:**

شەوباش، جەنابی بۆرکمان. (لە دەرگە شاراوە بچکۆلەکەی پشتەوەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە.)

(بۆرکمان بە بیر لێکردنەوەوە دەچێتە لای پیانۆکەوە و دەیەوێت دای خات، بەڵام واز لە داخستنی دەهێنێت و دای ناخات. سەیری بەتاڵی دەورووبەری خۆی دەکات و بە ناو ژوورەکەدا لە سوچی لای پیانۆکەوە بۆ سوچی پشتەوەی لای ڕاست دەست دەکاتەوە بە هاتوچۆ، – بەردەوام قەلەق و بێ ئارام دێت و دەچێت. دواجار بەرەو رووی مێزی نووسینەکەی دەچێت، گوێ لە دەرگە دوو قاپییەکە دەگرێ، خێرا دەست دەداتە پارچە ئاوێنەیەک، تەماشای خۆی لە ئاوێنەکەدا دەکات و دەسەسڕەکەی ملی ڕاست دەکاتەوە.)

(لە دەرگە دوو قاپییەکە دەدرێت. بۆرکمان گوێ دەگرێت، بەخێرایی سەیری دەرگەکە دەکات، بێدەنگ.)

(پاش کەمێک دووبارە لە دەرگە دەدرێتەوە؛ ئەم جارە قایمتر.)

**بۆرکمان:**

(لە تەنیشت مێزی نووسینەکەوە ڕاوەستاوە، دەستی چەپی خستووەتە سەر مێزەکە و دەستی ڕاستی بە سنگییەوە گرتووە). وەرە ژوورەوە!

(ویلهێلم فۆڵداڵ لەسەرخۆ دێتە ناو هۆڵەکەوە. ویلهێلم پیاوێکی

پشت چەماوەی ماندووی چاوشینە و قژە تەنکە درێژە سپییەکەی بەسەرئێخەی پاڵتۆکەیدا هاتووەتە خوارێ. فایلێکی لە بن باڵدایە. شەپقەیەکی بەدەستەوەیە و چاویلکەیەکی زەرەبینی گەورەی لە چاودایە، کە هەر بەهاتنە ژوورەوەی بەرزی دەکاتەوە بۆ سەر ناوچەوانی.)

**بۆرکمان:**

(باری ڕاوەستانەکەی دەگۆڕێ و بە چاوێکی نیوە بێ هیوابوون و نیوە بەلەخۆڕازیبوونەوە تەماشای دەکات) ها، ئەوە تۆیت.

**فۆلدال:**

ئێوارەیەکی باش، یۆن گابرییل. بەڵێ، ئەوە منم.

**بۆرکمان:**

(بە مۆڕەلێکردنەوە) پێم وابێ بەگوێرەی یاسا ئەم کاتە بۆ تۆ درەنگە لە دەرەوە بیت.

**فۆلدال:**

ها، ڕێگەکە هێندە کورت نییە، بەتایبەتی بۆ یەکێکیش کە بەپێ بڕوات.

**بۆرکمان:**

باشە ویلهێلم، تۆ بۆ هەمیشە بە پێ هاتوچۆ دەکەیت؟ پایتۆنەگشتییەکە[٢٦]– لە تەنیشتەوەیە.

(٢٦) پایتۆنی گشتی: بریتییە لە جۆرە شەمەندەفەرێکی گشتی کە میری بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان لە ناو شاردا دابینی کردووە، پێش دۆزینەوەی کارەبا ئەو شەمەندەفەرانە لە ناو شارەکاندا بەهۆی ئەسپەوە لەسەر سکە ڕادەکێشران. وەرگێڕ.



**فۆلدال:**

هاتوچۆکردن، تەندروستترە. وە هەر وا بێتەوە ئەو دە ئۆرە[٢٧]یەشی کە دەبێت بدرێ بە حەقی پایتۆنە گشتییەکەدا، پاشەکەوت دەبێت. – ئێ، فریدا لێرە بوو و پیانۆی بۆ ژەنیت؟

**بۆرکمان:**

ئەمە تۆزێک دەبێت ڕۆیشتووە. نەتبینی لە دەرەوە؟

**فۆلدال:**

نەخێر، من دەمێکە ئەوم نەبینیوە. لەو کاتەوەی چووەتە خانووەکەی ئەو وێڵتۆن خانمەوە.

**بۆرکمان:**

(لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و بە پەنجە هیما بۆ کورسییەک دەکات).

تۆش دەتوانیت دانیشیت، ویلهێلم.

**فۆلدال:**

(لەسەر قەراغی کورسییەکە دادەنیشێت) زۆر سوپاس. (بە پەژارەوە تەماشای دەکات.) ئێ، هەر باوەڕ ناکەیت من چەند هەست بە تەنیایی دەکەم لەو کاتەوەی فریدا لە ماڵەوە ڕۆیشتووە.

**بۆرکمان:**

ئێ چییە،– خۆ تۆ منداڵی ترت هەیە.

**فۆلدال:**

بەڵێ، خوا ئاگەدارە هەمە. پێنجی ترم هەیە. بەڵام بەس تەنیا

(٢٧) بچوکترین یەکەی پارەی نەرویجییە ١٠٠ ئۆرە یەکسانە بە ١ کرۆن.

فریدا تاقە کەس بوو کە تۆزێک تێم دەگەیشت.(بە قورسییەکەوە سەری بادەدات) هەموو ئەوانی تر بەهیچ جۆرێک تێم ناگەن.

**بۆرکمان:**

(مات، سەیری بەردەمی خۆی دەکات و بە قامکەکانی تەپڵ بە مێزەکە لێ دەدات) نەخێر،_ مەسەلەکە ئەو نەفرەتەیە کە وەک بارێک وا بەکۆڵی کەسانی تاکوتەرای هەڵبژاردەی وەک ئێمە وە. برێکی زۆر و زۆربەی خەڵک،ـ بەتێکڕایی خەڵکی ئاسایی هەموو،– لە ئێمە تێ ناگەن، ویلهێلم.

**فۆڵداڵ:**

(بە تەسلیم بوونەوە) مەسەلەی تێگەیشتن بخەرە ئەولاوە. ئەگەر یەکێک کەمێک سەبری هەبێت هەمیشە دەتوانێت چاوەڕوانی ئەوەبێت کە هیوای لێتێگەیشتن هێشتا لەگۆڕێدایە.(بەدەنگێکی گریاناوییەوە.) بەڵام لەوە ناخۆشتر هەیە.

**بۆرکمان:**

(بە حەماسەوە) هێچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە!

**فۆڵداڵ:**

با، یۆن گابریێل، هەیە. هەر ئێستا پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە دیمەنێکی شانۆ ئاسایی لە ماڵەوە ڕووی دا.

**بۆرکمان:**

چۆن؟ بۆچی؟

**فۆڵداڵ:**

(هەناسەیەک دەداتەوە) ئەوان لە ماڵەوە – بە چاوێکی سووک سەیرم دەکەن.



**بۆرکمان:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ) بە چاوێکی سووک سەیرت دەکەن –!

**فۆڵداڵ:**

(چاوەکانی دەسڕێت) دەمێکە هەستم بەوە کردووە. بەڵام ئەمڕۆ بە تەواوەتی بۆم دەرکەوت.

**بۆرکمان:**

(کەمێک بێدەنگ دەبێ) تۆ شتێکی خراپت کرد ژن هێنانت هەڵبژارد.

**فۆڵداڵ:**

بۆ من هەتا ڕادەیەک هیچ ئیختیاری هەڵبژاردنم نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە یەکێک کەوتە ساڵەوە حەز دەکات ژن بهێنێت. منیش ئەوسا نابووت بووبووم و هیچم نەمابوو –

**بۆرکمان:**

(لە تووڕەییدا لەجێگەی خۆی هەڵدەبەزێتەوە) ئەمە گوایە سکاڵاکردنە لە دەست من؟ سەرزەنشتکردنە –!

**فۆڵداڵ:**

(بەترسەوە) نا، بۆ خاتری خوا، یۆن گابریێل –!

**بۆرکمان:**

با، تۆ بیر لەو هەموو بەدبەختییە دەکەیتەوە کە بەسەر بانقەکەدا هات–!

**فۆڵداڵ:**

(بەدڵدانەوەوە) بەڵام خوا ئاگەدارە –! من لەو مەسەلەیەدا

خەتای تۆ ناگرم!

**بۆرکمان:**

(بە بۆڵەبۆڵەوە، دادەنیشێتەوە) ئێ، زۆر چاکە.

**فۆڵداڵ:**

بابزانیت تۆ نابێت لەو باوەڕەدا بیت کە من عوزرخوایی بۆ ژنەکەم دەهێنمەوە. ڕاستە، ئەو بەسەزمانە ئەوەندە خوێندەواری نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی باشە. – نەخێر، منداڵەکانن، منداڵەکان –

**بۆرکمان:**

دەبێت.

**فۆڵداڵ:**

چونکە منداڵەکان،– ئەوان زۆر ڕۆشنبیرترن، ئەوان. وە داواکاری زیاتریان لە ژیاندا هەیە.

**بۆرکمان:**

(بە لارینەبوون لە ڕاکەیەوە سەیری دەکات) وە هەر لەبەر ئەوە منداڵەکان هێندە بەچاوی سووکەوە سەیرت دەکەن، ویلهێلم؟

**فۆڵداڵ:**

(شانەکانی هەڵدەتەکێنێ) وەک دەبینی، من هیچ پلەوپایەیەکم لە ژیانی ئیشکردنم دا بەدەست نەهێناوە. دەبێت دان بەوەدا بنرێت–

**بۆرکمان:**

(لێی نزیک دەبێتەوە و دەست دەخاتە سەر قۆڵی) ئەی ئەوان



نازانن کە تۆ لە ڕۆژانی لاوێتیدا خەمنامەیەکی شانۆییت نووسیوە؟

**فۆڵداڵ:**

با، بێگومان ئەوان ئەوە دەزانن. بەڵام ئەوە کاریگەرییەکی ئەوەندەی نییە لەسەریان.

**بۆرکمان:**

کەواتە ئەوان تێ ناگەن. چونکە خەمنامە شانۆییەکەی تۆ شتێکی چاکە. ئەمە ڕای تەواو و جێگیری منە لەو بارەیەوە.

**فۆڵداڵ:**

(بە ڕوونکردنەوەوە) بەڵێ، یۆن گابریێل، پێت وا نییە ئەوە شتێکی زۆر باش بێت؟ هەر بۆ خوا، کە من بۆ تەنیا جارێک توانیم شتێکی وا دابنێم – (بە گەرموگوڕییەوە دەست دەکات بەکردنەوەی فایلەکە و هەڵدانەوەی پەڕەکانی.) سەیرکە! ئێستا من شتتێکت پیشان دەدەم کە گۆڕیومە –

**بۆرکمان:**

هێناوتە لەگەڵ خۆت؟

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، لەگەڵ خۆم هێناومە. زۆر دەمێک لەمەوبەر بۆم خوێندویتەوە. بیرم کردەوە لەوانەیە خەم ڕەوێنبێت بۆت گوێ لە بەشێک یان دووانی بگریت –

**بۆرکمان:**

(بە ڕەتکردنەوە، هەڵدەسێتە سەرپێ) نا، نا، لێی گەڕێ بۆ جارێکی تر.

**فۆڵداڵ:**

ئێ، ئێ، خۆت چۆنت پێ باشە وا.

(بۆرکمان دەست دەکاتەوە بە هاتوچۆ لە ژوورەکەدا. فۆڵداڵ دووبارە دەقەکەی دەخاتەوە ناو فایلەکەوە.)

**بۆرکمان:**

(لە بەردەمیدا دەوەستێت) تۆ لەوەدا ڕاست دەکەیت کە تازە وتت،- کە تۆ هیچ پلەوپایەیەکت لە بواری ئیشکردنتدا ڕۆنەناوە. بەڵام من بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم، ویلهێلم، کە جارێک لە جاران کاتی قەرەبووکردنەوەم هات –

**فۆڵداڵ:**

(دەیەوێت هەستێتە سەرپێ) ئۆ، سوپاس بۆ تۆ–!

**بۆرکمان:**

(بەدەست ڕاوەشانەوە) دانیشە جارێ.(هیواش هیواش تووڕە دەبێت) کاتێک کاتی قەرەبووکردنەوەم هات –. کاتێک ئەوان دەبینن کە ناتوانن دەستبەرداری من بن –. کاتێک ئەوان دێنە سەرەوە بۆ ئەم هۆڵە بۆ لام و کوڕنووش دەبەن بۆ خاچ و لێم دەپاڕێنەوە هەتا دووبارە جڵەوی بانق بگرمەوە دەست ـ! ئەو بانقە نوێیەی، کە دایان مەزراندووە و – بۆیان نابرێت بەڕێوە – (لە تەنیشت مێزی لەسەر نووسینەکەوە ڕادەوەستێت پێش ئەوەی بەسنگی خۆیدا بکێشێت.) ئالێرەدا دەوەستم و پێشوازییان لێ دەکەم! وە لە سەرانسەری وڵاتدا دەبیسترێتەوە و پرسیار دەکرێت ـکە یۆن گابریێل بۆرکمان چ مەرجێکی داناوە بۆ ئەوەی کە ـ (لەپڕێکدا دەوەستێت و لە فۆڵداڵ



دەڕوانێت.) تۆ زۆر بە گومانەوە سەیرم دەکەیت! لەو باوەڕەدا نیت کە ئەوان بێن؟ کە ئەوان دەبێت، دەبێت، دەبێت جارێک لە جاران بێن بۆ لام؟ تۆ لەو باوەڕەدا نیت؟

**فۆڵداڵ:**

با یۆن گابریێل، خوا ئاگای لێیە من لەو باوەڕەدام.

**بۆرکمان:**

(دووبارە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێتەوە) من باوەڕێکی زۆر پتەوم بەوە هەیە. دەزانم بە دڵنیاییەکی تەواوەوە – کە ئەوان دێن. – ئەگەر بهاتایە و ئەو دڵنیاییەم نەبووایە،– ئەوا زۆر دەمێکبوو فیشەکێکم نابوو بەسەری خۆمەوە.

**فۆڵداڵ:**

(بەترسەوە) نا، بۆ خاتری خوا –!

**بۆرکمان:**

(بەهەست بە سەرکەوتنەوە) بەڵام دێن! هەر دێن! ئاگات لێ بێت! هەموو ڕۆژێک، هەموو کاتژمێرێک من لێرە چاوەڕوانیانم. تۆ دەمبینیت چەند ئامەدەم بۆ پێشوازی لێکردنیان.

**فۆڵداڵ:**

(بەهەناسەساردییەوە) بەس هەر زوو بهاتنایە.

**بۆرکمان:**

(نائارامانە) بەڵێ، کات دەڕوات؛ ساڵ لەخۆیەوە دەڕوات؛ ژیان، – ئۆ نەخێر– ناوێرم بیر لەوە بکەمەوە! (تەماشای دەکات) دەزانیت من لەم کاتەدا چۆن هەست بە خۆم دەکەم؟

**فۆڵداڵ:**

چۆن؟

**بۆرکمان:**

وەک ناپلیۆنێک کە هەر لە یەکەم جەنگیدا پێکابێتیان و تووشی شەلەل بووبێت.

**فۆڵداڵ:**

(دەست دەخاتە سەر فایلەکەی) منیش ئەو هەستە دەزانم چۆنە

**بۆرکمان:**

ئا بەڵێ، ئەوەی تۆ بەهایەکی کەمتری هەیە.

**فۆڵداڵ:**

(بە ڕەوان بێژییەوە) یۆن گابریێل، دنیای بچکۆلانەی شیعرم بەهایەکی گەورەی بۆ من هەیە.

**بۆرکمان:**

(بەتووندی) بەڵێ، بەڵام من، کە دەمتوانی ملیۆنەها خەلق بکەم! هەموو کارخانەکانی کانزا دەرهێنان، کە من دەمویست بیانخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە! کانگە لە بن نەهاتووەکان! تاڤگەکان! جێگەکانی بەرد برین! ڕێگەی بازرگانی و ڕێگەی کەشتیوانی تەواوی ئەو دنیا فراوانەی دەرەوە. هەمووی، هەمووی من بەتەنیا دەبووایە بم خستایەتە گەڕ!

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، باش دەزانم. ئەوە شتێک نەبوو تۆ لێی بگەڕێیتە دواوە.

**بۆرکمان:**

(دەستەکانی لەیەکتری دەخشێنێت) ئینجا دەبێت من لێرە وەک



باڵندەیەکی گەورەی خراپ بریندارکراو لێ بکەوم و سەیر بکەم کە چۆن ئەوانی تر_ دێن و پێش من دەکەون و بەش بە بەشیم لێ دەبەن.

**فۆڵداڵ:**

بۆ منیش هەر هەمان شتە.

**بۆرکمان:**

(بێ ئەوەی تەماشای بکات) بیری لێ بکەرەوە. من زۆر لە ئامانجەوە نزیک بووم. تەنیا هەشت ڕۆژ ماوەیان بامایەتێ بیری لێ بکەمەوە. هەموو ڕەهنەکان وەردەگیرانەوە. هەموو ئەو بەهایانەی کە من بەدەستێکی ئازایانە بەکارم هێنابوون، دووبارە دەخرانەوە جێگەی خۆیان، وەک چۆن بوون وا . ئەو کۆمپانیا هاوبەشە گەورە سەرسوڕهێنەرانەش، کاتی خۆی هەروەک چۆن بەتاڵە موویەکەوە هەڵواسرابن وا دەستیان پێ کرد. هیچ کەسێک نە دەبوو فلسێکی سووری لە کیس چێ –

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، خوای گەورە – تۆ کە هێجگار نزیک بوویت –

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەبوونێکی هەناسە لەبەربڕانەوە.) ئینجا خیانەتەکەم لێ کرا! ڕێک لە ناوەڕاستی ئەو کاتەدا کە مەسەلەکان خەریکبوون یەکلا دەبوونەوە! (تەماشای دەکات) تۆ دەزانیت خراپترین تاوان چییە لە لای من کە مرۆڤێک پێی هەڵدەستێت؟

**فۆڵداڵ:**

نەخێر، چییە؟

**بۆرکمان:**

کوشتن نییە. چەتەیی و بە شەو شوێن بڕین نییە. هەتا شایەتی درۆش نییە. چونکە ئەم جۆرە شتانە، زیاتر کەسێک پێیان هەڵدەسێت دژی خەڵکێک کە ئەو کەسە ڕقی لێیان دەبێتەوە، یان کەسێک کە بەلایەوە گرینگ نییە و گوێ بە هیچ نادات.

**فۆڵداڵ:**

بەڵام یۆن گابریێل، خراپترین تاوان چییە؟

**بۆرکمان:**

(بە توندی) خراپترین تاوان خراپ بەکارهێنانی متمانەی هاوڕێیەکە لە لایان هاوڕێیەکی ترەوە.

**فۆڵداڵ:**

(کەمێک بە پارێزەوە) بەڵێ، بەڵام گوێ بگرە –.

**بۆرکمان:**

(بە هەڵچوونەوە) تۆ دەتەوێت چی بڵێیت. من لە تۆدا دەیبینم. بەڵام بێ سوودە. ئەو خەڵکەی سەنەد و کۆمپیالەیان هەبوو لە بانقدا، دەبوایە هەموو شتەکانی خۆیان بۆ بگەڕاندرایەتەوە. بچووکترین شت!– نەخێر، جەناب، – خراپترین تاوان کە کەسێک بیکات، بەد بەکارهێنانی نامەی هاوڕێیەکێتی، پیشاندانی ئەو نامەیەیە بە هەموو دنیا، لە کاتێکدا کە متمانەی لەلامانەوەی ئەو نامەیە هەر بە تاقە کەسێک کراوە، لە بەینی دوو کەسدا، هەروەک چرپەیەک لە ژوورێکی بەتاڵ و تاریک و داخراودا. وە ئەو پیاوەی کە دەتوانێت دەستی بەو جۆرە کەرەستانە بگات، بە خوڕەوشتی ساختەچییانە تەواو ژەهراوی



بووە و دووچاری دەردە تاعون بووە.

من هاوڕێیەکی لەو بابەتەم هەبوو. – وە ئەوە ئەو بوو کە منی تێکشکاند.

**فۆڵداڵ:**

من باش دەزانم تۆ مەبەستت کێیە.

**بۆرکمان:**

هیچ نهێنییەک نییە لە ژیانمدا کە من نەموێرابێت بەکراوەیی بیخەمە بەردەمی ئەو. بەڵام هەر کە فرسەتی بۆ هەڵکەوت، ئەو ڕووی ئەو چەکەی تێ کردم کە من خۆم دابوومە دەستی.

**فۆڵداڵ:**

من هەرگیز تێ نەگەیشتم بۆچی ئەو–. بەڵێ، تا ڕادەیەکی زۆر ئەوسا قسە لەو بارەیەوە هەبوو.

**بۆرکمان:**

لەبارەی چییەوە قسە دەکرا؟ بیڵێ. من هیچ نازانم.

چونکە من یەکسەر چوومە ناو– چوومە ناو لێدابڕانەوە. خەڵک باسی چیان دەکرد، ویلهێلم؟

**فۆڵداڵ:**

دەوترا کە تۆ دەبوایە وەزیربوویتایە.

**بۆرکمان:**

داوام لێ کرا. بەڵام من ڕەتم کردەوە.

**فۆڵداڵ:**

کەواتە ئەو ڕێگر نەبوو.

**بۆرکمان:**

نا نەخێر؛ لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەو خیانەتی لێ کردم.

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، ئیتر بەڕاستی من لەوە تێ ناگەم –

**بۆرکمان:**

من حەز دەکەم پێت بڵێم، ویلهێلم.

**فۆڵداڵ:**

ئێ؟

**بۆرکمان:**

ئەوە – مەسەلەی ئافرەتێک بوو.

**فۆڵداڵ:**

مەسەلەی ئافرەتێک؟ نابێت، یۆن گابریێل –؟

**بۆرکمان:**

(بەقسەپێبڕینەوە) بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ – ئێمە ئیتر زۆر لەبارەی ئەو داستانە کۆنە گێلانە – وە قسە ناکەین. – تازە، نەمن بووم بە وەزیر و نە ئەویش.

**فۆڵداڵ:**

بەڵام ئەو بەرزبووەوە بۆ ئاسمان.

**بۆرکمان:**

وە منیش چووم بەناخی ئەرزدا

**فۆڵداڵ:**

ئۆ، ئەوە شانۆنامەیەکی خەمئامێزانەی سامناکە –



**بۆرکمان:**

(سەری بۆ دەلەقێنێت) من کە بیری لێ دەکەمەوە، پێم وایە_ هەروەک خەمنامە شانۆییەکەی تۆ سامناکە.

**فۆڵداڵ:**

(بە خەجاڵەتییەوە) بەڵێ، بەلایانی کەمەوە وەک ئەو سامناکە.

**بۆرکمان:**

(هێمن پێ دەکەنێت) بەڵام ئەگەر لە لایەکی ترەوە سەیری بکەیت، ئەوە بەڕاستی چەشنە کۆمێدیایەکیشە.

**فۆڵداڵ:**

کۆمێدیایەک؟ ئائەمە؟

**بۆرکمان:**

بەڵێ بەو شێوەیەیی کە ئێستا بواری برەوسەندنی هەیە. چونکە تۆ ئێستا هەر گوێم لێ بگرە –

**فۆڵداڵ:**

ئێ؟

**بۆرکمان:**

ئا، تۆ کە هاتی بۆ ئێرە فریدات نەبینی.

**فۆڵداڵ:**

نەخێر

**بۆرکمان:**

ئێستا کە ئێمە هەردووکمان لێرە دانیشتووین، فریدا لەوێ لەلای ئەو کەسەی کە خیانەتی لێ کردم و ئیفلاسی پێ کردم

دانیشتووە و مۆسیقای خەڵک هێنانە سەما دەژەنێت.

**فۆڵداڵ:**

من هیچ ئاگا و خەبەرم لەوە نییە.

**بۆرکمان:**

بەڵێ، ئەو نۆتەکانی لەگەڵ خۆی بردوو لەلای منەوە چوو – چوو بۆ ماڵی جەنابی پایەدار.

**فۆڵداڵ:**

(بە عوزرهێنانەوە) بەڵێ، بەڵێ، منداڵی نەگبەت –

**بۆرکمان:**

وە بزانم دەتوانیت هەڵی بێنیی کە ئەو مۆسیقا بۆ کێ دەژەنێت – لە نێویاندا؟

**فۆڵداڵ:**

ئێ؟

**بۆرکمان:**

بۆ کوڕەکەم.

**فۆڵداڵ:**

چی!

**بۆرکمان:**

بەڵێ، ویلهێلم، تۆ پێت چۆنە؟ کوڕەکەم ئەم ئێوارەیە لەوێ لە ڕیزی سەماکاراندایە. ئایا ئەوە کۆمێدیا نییە، ئەوەی من دەیڵێم؟



**فۆڵداڵ:**

بەڵی، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو ئەوە نازانێت.

**بۆرکمان:**

چی نازانێت؟

**فۆڵداڵ:**

ئەو بەدڵنیاییەوە نازانێت –ئەمە – چۆنە ئەو ئێ –

**بۆرکمان:**

تۆ دەتوانیت ناوی بهێنیت. من باش بەرگەی ئەوە دەگرم کە گوێم لە ناوی ئەو بێت.

**فۆڵداڵ:**

من دڵنیام لەوەی کە کوڕەکەت لە پێوەندی شتەکان بەیەکترییەوە نازانێت، یۆن گابریێل!.

**بۆرکمان:**

(مۆن، دادەنیشێت و بە مێزەکەدا دەکێشێت) دڵنیام ئەو دەزانێت – هەرچۆن دڵنیام لەوەی کە من ئێستا لێرەدا دانیشتووم.

**فۆڵداڵ:**

بەڵام تۆ هەر بیری لێ بکەرەوە کە ئەو هەوڵی پێوەندیکردنی بەو ماڵەوە داوە!

**بۆرکمان:**

(سەر بادەدات) کوڕەکەم تەماشای شتەکان بە هەمان چاوەوە ناکات وەک من تەماشایان دەکەم. دەتوانم سوێند بخۆم کە ئەو لایانگیری دووژمنەکانی منە! ئەو لەسەرخۆ پێی وایە، وەکو

ئێوە، کە پارێزەر هینکێل تەنیا تاوانی بەنەفرەت بووی خۆی کرد کاتێک چوو خیانەتی لێ کردم.

**فۆڵدال:**

بەڵام، ئەزیزم، کێ ئەو مەسەلەیەی بۆ ئەو ڕوون کردووەتەوە؟

**بۆرکمان:**

کێ؟ تۆ بیرت چووەتەوە کێ پەروەردەی کردووە؟ یەکەم پووری – هەر لەو کاتەوەی کە ئەو تەمەنی شەش – حەوت ساڵان بووە! ئێ پاش ئەوەش – دایکی!

**فۆڵدال:**

من لەو باوەڕەدام تۆ لەمەدا ناهەقییان لێ دەکەیت.

**بۆرکمان:**

(بەتووڕەییییەوە) من هەرگیز ناهەقی لە هیچ کەسێک ناکەم! هەردووکیان ئەویان دژی من هان داوە، خۆ گوێت لێیە!

**فۆڵدال:**

(بە هێواشی) بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، کەواتە ئەوە ڕاستە.

**بۆرکمان:**

(بە ڕقەوە) ئاخ، ئافرەتان! ژیانمان لێ خراپ و دژوار دەکەن! تەواوی چارەنووسمان – تەواوی سەرکەوتنمان تێک دەدەن.

**فۆڵدال:**

هەموویان نا!

**بۆرکمان:**

ئاوها؟ یەکێکم پێ بڵێ تاقە یەکێک کە بەکەڵک بێت!



**فۆڵدال:**

نەخێر، ئەوە مەسەلەکەیە. ئەو ژمارە کەمەی من دەیانناسم، کەڵکیان نییە.

**بۆرکمان:**

(بە تەنزەوە) بەڵێ، ئیتر چ سوودێکی هەیە! کە ئەو جۆرە ئافرەتانە هەبن،– کە کەس نەیانناسێت!

**فۆڵدال:**

(بەگەرمییەوە) با، یۆن گابریێل، سوودی هەیە. ئەوە بەختەوەری و نیعمەتێکی زۆرە بیر لەوە بکەیتەوە کە لە دەرەوە، لە دەوروبەرماندا، دوور لێرەوە، ئەو ئافرەتە حەقیقییە بوونی هەیە.

**بۆرکمان:**

(بێ ئارامانە لەسەر قەنەفەکە جێگەکەی دەگوێزێتەوە) ئێ، واز لەم قسە شاعیرانەیە بهێنە!

**فۆڵدال:**

(قووڵ بە هەست برینداربوونەوە تەماشای دەکات) تۆ بە پیرۆزترین باوەڕی من دەڵێیت قسەی شاعیرانە!

**بۆرکمان:**

(توند) بەڵێ، دەیڵێم! خەتاکە ئا لێرەدایە کە تۆ هەرگیز لە دنیادا بەرەو پێشەوە نەچوویت. ئەگەر تۆ لەم جۆرە شتانە بگەڕێیت، ئەوا من هێشتا دەتوانم یارمەتی هەڵسانەوەت بدەم،– یارمەتی هەڵکشانت بدەم بەرەو ئاسمان.

**فۆڵدال:**

(لە کاتێکدا کە لە ناخەوە قووڵپ دەدات) ها، تۆ ناتوانیت.

**بۆرکمان:**

من دەتوانم، کاتێک کە دووبارە دەسەڵات دەگرمەوە دەست.

**فۆڵدال:**

بەڵام بێگومان ئەوە هێجگار زۆری پێ دەچێت.

**بۆرکمان:**

(بە توندی) تۆ لەوانەیە پێت وابێت کە ئەو کاتە هەرگیز نایەت؟ وەڵامم بدەرەوە!

**فۆڵدال:**

من نازانم چیت وەڵام بدەمەوە.

**بۆرکمان:**

(هەڵدەسێتە سەرپێ. سارد و لووت بەرزانە، دەستی بەرەو دەرگەکە ڕادەکێشێت) کەواتە ئیتر من هیچ ئیشم بە تۆ نییە.

**فۆڵدال:**

(لەسەر کورسییەکە هەڵدەسێتە سەرپێ) ئیشت پێم نییە –!

**بۆرکمان:**

کاتێک کە تۆ ئیتر لەو باوەڕەدا نیت کە چارەنووسی من بگەڕێتەوە –

**فۆڵدال:**

بەڵام من ناتوانم لەو باوەڕەدا نەبم چونکە دژ بە هەموو ژیرییەکە!– کە تۆ دەبێت قەرەبوو بکرێیتەوە –



**بۆرکمان:**

بەردەوام بە! بەردەوام بە!

**فۆڵدال:**

باشە من دواتاقیکردنەوەی ئامادەییم نەداوە؛ بەڵام لە ڕۆژانی ژیانمدا زۆر زۆرم خوێندووەتەوە –.

**بۆرکمان:**

(خێرا) تۆ پێت وایە، مەحاڵە؟

**فۆڵدال:**

هیچ بڕیارێکی یاسایی بۆ ئەو جۆرە شتانە نییە.

**بۆرکمان:**

بۆ مرۆڤە دەراوێتەکان[٢٧] بڕیاری یاسایی پێویست ناکات.

**فۆڵدال:**

یاسا ئەو جۆرە ڕەچاوکردنانە نازانێت.

**بۆرکمان:**

( توند و بڕیاردەرانە) تۆ شاعیر نیت، ویلهێلم.

**فۆڵدال:**

(لەخۆوە دەستەکانی دەکرێنەوە) ئەوە بەڕاستی وا دەڵێیت؟

**بۆرکمان:**

(بەگوێپێنەدانەوە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە) ئێمە کاتی یەکتری بە فیڕۆ دەدەین. باشتر وایە کە تۆ جارێکی تر نەیەیت بۆ ئێرە.

---

(٢٧) دەراوێتە: إستثناء.

**فۆڵدال:**

تۆ دەتەوێت منیش بەجێت بهێڵم؟

**بۆرکمان:**

(بێ ئەوەی تەماشای بکات) ئیتر هیچ پێویستیم بە تۆ نەماوە.

**فۆڵدال:**

(لەسەرخۆ، فایلەکەی هەڵدەگرێت) نەخێر، نەخێر، نەخێر؛ لەوانەیە وابێت.

**بۆرکمان:**

تۆ هەموو کاتێک درۆت لەگەڵدا کردووم.

**فۆڵدال:**

(سەر ڕادەوەشێنێت) یۆن گابریێل، هەرگیز درۆم نەکردووە.

**بۆرکمان:**

تۆ لێرە دانەدەنیشتی و هیوا و بڕوا و متمانەی درۆزنانەت بۆ هەڵدەبەستم؟

**فۆڵدال:**

ئەوە درۆکردن نەبوو هەتا ئەو کاتەی باوەڕت بە قسەکانم بوو. تا ئەو کاتەی تۆ باوەڕت پێم بوو، تا ئەو کاتەی من باوەڕم پێت بوو.

**بۆرکمان:**

کەواتە ئێمە دوولایەنە ناپاکیمان لەیەکتری کردووە. وە لەوانەیە ناپاکیمان لە خۆشمان کردبێت – هەردووکمان.

**فۆڵدال:**

بەڵام ئایە بەو بۆنەیەوە ئەوە هاوڕێیەتی نییە، یۆن گابریێل؟



**بۆرکمان:**

(بە پێکەنینێکی تاڵەوە) با، ناپاکیکردن،– هاوڕێیەتییە. تۆ ڕاست دەکەیت. من جارێک لەمەوبەر ئەوەم تاقی کردووەتەوە.

**فۆڵدال:**

(تەماشای دەکات) هیچ شاعیرنیت. تۆ توانیت زۆر دڵڕەقانە ئەوە بە من بڵێیت.

**بۆرکمان:**

(بە دەنگێکی نەرمترانە) ئێستا ئیتر خۆ من لەو بوارەدا پسپۆڕ نیم.

**فۆڵدال:**

لەوانەیە زیاتربیت لەچاو ئەوەی کە خۆت دەیزانیت.

**بۆرکمان:**

من؟

**فۆڵدال:**

(لەسەرخۆ) بەڵێ، تۆ. چونکە من خۆم بەگومان بووم – جارێک لە جاران، بابزانیت. گومانێکی سامناک – کە من ژیانی خۆم لە پێناوی خەیاڵێکی ئەفسوناوی نادروستدا تێکشکاند.

**بۆرکمان:**

کە تۆ خۆت گومانت هەبوو، ئەوا لەسەر دووپێی لاواز و لەق وەستاویت.

**فۆڵدال:**

بۆیە وام دەزانی، هاتنم بۆ ئێرە و پاڵدانەوەم بە تۆوە بۆ خۆ

ڕاگیرکردنم، مایەیی دڵدانەوەیەکی زۆر و دەوڵەمەندیم بوو.

(شەپقەکەی دادەگرێت) – بەڵام ئێستا تۆ وەک غەریبێک وایت بۆ من.

**بۆرکمان:**

هەروەها تۆش بۆ من.

**فۆڵداڵ:**

شەوباش، یۆن گابریێل.

**بۆرکمان:**

شەوباش، ویلهێلم.

(فۆڵداڵ لەلای چەپەوە دەچێتە دەرەوە.)

(بۆرکمان ماوەیەک ڕادەوەستێت و لە دەرگە داخراوەکەی بەرامبەری دەڕوانێت؛ جوڵەیەک دەکات وەک ئەوەی بییەوێت فۆڵداڵ بانگ بکات بگەڕێتەوە، بەڵام بیر دەکاتەوە و دەستی دەخاتە پشتییەوە و دەست دەکات بە پیاسەکردن بەناو ژوورەکەدا. پاشان لە تەنیشت مێزی بەردەمی قەنەفەکەدا دەوەستێت و چراکە دەکوژێنێتەوە. هۆڵەکە نیوە تاریک دەبێت.)

(پاش کەمێک لە دەرگەکەی دواوەی لای چەپ دەدرێت.)

**بۆرکمان:**

(لەتەنیشت مێزەکەوە، ڕادەچڵەکێت؛ ئاوڕ دەداتەوە و بەدەنگێکی بەرز دەپرسێت) کێیە ئەوە لە دەرگە دەدات؟ (هیچ وەڵام نییە؛ دووبارە لە دەرگە دەدرێتەوە.)

**بۆرکمان:**

(هەر لەجێی خۆی وەستاوە) کێیە ئەوە؟ وەرە ژوورەوە!



(ئێلە ڕێنتهایم مۆمێکی داگیرساوی بەدەستەوەیە و لە دەرگەکەوە دێتە ژوورەوە. هەمان جلە ڕەشەکانی پێشووی لەبەردایە و پاڵتۆکەی داوە بەسەر شانیدا.)

**بۆرکمان:**

(بە حەپەسانەوە سەیری دەکات) کێیە ئەوە؟ چیتان لێم دەوێت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەرگەکە لە دوای خۆیەوە دادەخات و نزیکتر دەبێتەوە) منم، بۆرکمان (مۆمەکە لەسەر پیانۆکە دادەنێت و هەر لەوێشدا دەوەستێت.)

**بۆرکمان:**

(وەک ئەوەی تاسابێت وا ڕاوەستاوە، واق وڕماوانە تەماشای دەکات و بەدەنگێکی گوێ لێبووانە دەچرپێنێت) ئەوە – ئەوە ئێلەیە؟ ئەوە ئێلە ڕێنتهایمە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ. – ئەوە ئێلەکەی " خۆتە"، – هەروەک کاتی خۆی بانگت دەکردم. ئەوسا. ساڵانێکی زۆر زۆر لەمەوبەر.

**بۆرکمان:**

(هەر بەهەمان دەنگ و چرپەوە) بەڵێ. ئەوە تۆی، ئێلە،– ئێستا دەتبینم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

دەمناسیتەوە؟

**بۆرکمان:**

بەڵێ، ئێستا خەریکە –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ساڵەکان سەخت و پایزی بوون لەگەڵم، بۆرکمان. بە ڕای تۆ وا نییە؟

**بۆرکمان:**

(بە زۆر لە خۆکردنەوە) تۆ هەندێک گۆڕاوی. وەک یەکەم جار هەستی پێ دەکرێت –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئێستا قژە ڕەشە لوولە بەسەر شان و مل شۆڕبووەکەم نە ماوە. ئەو قژەی کە تۆ جارێک لە جاران دەستت پێیدا دەهێنا و لە پەنجەکانتەوە دەئاڵان.

**بۆرکمان:**

(بەخێرایی) ڕاستە! دەیبینم، ئێلە. تۆ تەسریحەکەت گۆڕیوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە زەردەخەنەیەکی خەمناکانەوە) ئاوها. کەواتە ئەوە خەتای تەسریحەکەمە.

**بۆرکمان:**

(دەیەوێ بابەتەکە بگۆڕێت) من بەوەم نەدەزانی کە تۆ لێرە لەم ناوەیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

منیش تازە هاتووم.

**بۆرکمان:**

بۆچی هاتوی بۆ ئێرە،– ئێستا، بەم کاتی زستانە؟



**ئێلە ڕێنتهایم:**

دوای گوێت لێ دەبێت بۆ هاتووم.

**بۆرکمان:**

هیچت لە من دەوێت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

لە تۆش. بەڵام ئەگەر قسە لەو بارەیەوە بکەین، ئەوا من دەبێ زۆر بگەڕێمەوە بۆ دواوە و لەوێوە دەست پێ بکەم.

**بۆرکمان:**

تۆ بە دڵنیاییەوە ماندوویت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، من ماندووم.

**بۆرکمان:**

ناتەوێت لەویا لەسەر قەنەفەکە – دانیشیت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

با، سوپاس. پێویستم بە دانیشتن هەیە.

(دەچێ بۆ لای ڕاست و لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت. بۆرکمان لە تەنیشت مێزەکەوە وەستاوە و دەستی خستووەتە پشتییەوە و تەماشای دەکات. بێدەنگییەکی کورت.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بۆرکمان، هەر لە باسکردن نایە کە چەند دەمێکە ئێمە هەردووکمان ڕوو بە ڕوو یەکترمان نە بینیوە.

**بۆرکمان:**

(مـۆن) زۆر، زۆر دەمــێکە. ئەو هەمـوو نـاخـۆشـیـیـە هـاتووەتە نێوانمانەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تەواوی ژیانی مرۆڤێک کەوتووەتە نێوان. ژیانی وێرانی مرۆڤێک.

**بۆرکمان:**

(بە گرژییەوە سەیری دەکات) وێران!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئا، بێ گومان وێران. بۆ ئێمە هەردووکمان.

**بۆرکمان:**

(بە دەنگێکی ساردی بازرگانییانەوە) من هێشتا سەیری ژیانم وەکو وێرانەیەک ناکەم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئێ، بەڵام ئەی ژیانی من؟

**بۆرکمان:**

لەوێدا تۆ خۆت خەتاباریت، ئێلە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە جوڵانەوەیەکی خێراوە) تۆ وا دەڵێیت!

**بۆرکمان:**

تۆ بە بێ من دەتوانی زۆر باش بەختەوەر بیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

لەو باوەڕەدایت؟



**بۆرکمان:**

ئەگەر تۆ خۆت بتویستایە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە تووڕەیییـەوە) بەڵێ، من باش دەزانم کە یەکێکی تر ئامادە ڕاوەستابوو پێشوازیم لێ بکات –.

**بۆرکمان:**

بەڵام تۆ ئەوت ڕەت کردەوە –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، من ئەوم ڕەت کردەوە.

**بۆرکمان:**

جار لە دوای جار تۆ ئەوت ڕەت کردەوە. ساڵ لە دوای ساڵ –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە تەنزەوە) –مەبەستت ئەوەیە، ساڵ لە دوای ساڵ بەختەوەریم لە خۆم دوور دەخستەوە؟

**بۆرکمان:**

تۆ زۆر چاک دەتوانی لەگەڵ ئەویشدا بەختەوەر بیت. وە ئـەوسا من ڕزگارم دەبوو.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ–؟

**بۆرکمان:**

بەڵێ، تۆ ئەوسا منت ڕزگار دەکرد، ئێلە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

چۆن چۆنی بە بڕوای تۆ؟

**بۆرکمان:**

ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە من لە پشت ڕەتکردنەوەکانی تۆوە بووم، – لە پشتی ڕەفزە ئەبەدییەکانی تۆوە. تۆڵەی خۆی کردەوە. چونکە تۆڵەکردنەوە_ بۆ ئەو ئاسان بوو،– ئەو، کە هەموو نامە ئاشکرا و پڕمتمانە نووسراوەکانی منی لەبەر دەستدا بوون. ئەو نامانەی بەکار هێنا،– وە ئەوەش ئاوای لە من کرد. سەیرکە، ئێلە، ئەوە هەمووی خەتای تۆی تێدایە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تەماشاکە، تەماشاکە، بۆرکمان،– کاتێک ئەو مەسەلەیە دێتە پێشەوە، – لەوانەیە لە ئاستی تۆدا من خەتابار و قەرزاربم.

**بۆرکمان:**.

وەکو دیارە. من هەموو ئەو شتانەی کە دەبێت سوپاسی تۆی تێدا بکەم باش دەزانم. تۆ بوویت کە لە کاتی مەزادکردنەکەدا وات کرد هەتا ئەم حەسارەی ئێرە و، هەموو موڵکەکان بکرێن بە ناوتەوە. خانووەکەت تەواو خستە خزمەتی من و – خوشکەکەتەوە. تۆ ئەرهارتت بردە لای خۆت – وە بەهەموو جۆرێک مشووریت خوارد –

**ئێلە ڕێنتهایم:**.

– هەتا ئەو کاتەی ڕێگەم پێدرا بوو–

**بۆرکمان:**.

– لە خوشکتەوە ڕێگەت پێدرا بوو، بەڵێ. من هەرگیز خۆم



تێکەڵاوی ناو ئەو مەسەلانەی ناوماڵ نەکردووە. – من دەمەوێت بڵێم،– من دەزانم تۆ لە پێناوی من و خوشکەکەتدا چ _قوربانییەکت داوە. بەڵام تۆش لە تواناتدا هەبوو ئەوە بکەیت، ئێلە. وە دەبێت تۆ ئەوەشت لە بیربێت من بووم کە تۆم خستە حاڵ و بارێکی واوە بتوانیت ئەوە بکەیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**.

(بە تووڕەییەوە). ئالەویا دا تۆ هەڵەیەکی گەورە دەکەیت، بۆرکمان! ئەوە ناخی من بوو، گەرمترین بیر و دڵ لە پێناوی ئەرهارت و –وە لەپێناوی تۆدا– ئەوە ئەوە بوو کە منی خستە گەڕ!

**بۆرکمان:**

(بەقسەپێبڕینەوە) ئەزیزم، وازبێنە با خۆمان نەدەینە دەست هەستەکان و ئەو جۆرە شتانە. من بێگومان مەبەستم ئەوەیە، کاتێک تۆ بەو شێوەیە مامەڵت کرد وەکو کە کردت، ئەوە من بووم کە ئەو کارامەیییەم دایتێ.

**ئێلە ڕۆینتهایم:**

(بەزەردەخەنەوە). همم، کارامەیی، کارامەیی –

**بۆرکمان:**

(بە هەڵچوونەوە). بەڵێ، دروست کارامەیی! کاتێک ئەو گورزە یەکلایکەرەوەیە هاتە پێش، – کاتێک کە من نەمتوانی نە خزم و نە هاوڕێیان پاشەکەوت بکەم،– کاتێک من دەبووایە شتێکم بکردایە – وە کە کردیشم بەرامبەر ئەو میلۆنەهایەی کە لە متمانەی مندا بوون،– ئەو کاتە هەموو ئەوەی کە هی تۆ بوون پاشەکەوتم کردن، هەموو ئەوەی تۆ خاوەنی بویت و هەتبوو،

بێگومان من دەمتوانی – وەکو هەموو ئەوەی ئەوانی تر – بیانبەم و قەرزیان بکەم و بەکاریان بهێنم !

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(سارد و ئارام). ئەوە هەقیقەتە و ڕاستە، بۆرکمان.

**بۆرکمان:**.

ئەوە وایە. وە لەبەرئەوە،– کاتێک ئەوان هاتن و گرتیانم،– ئەوان هەموو ئەوەی تۆشیان لە ژێرزەمینی بانقەکەدا بە دەست لێنەدراوی بینی.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تەماشای دەکات). من هەندێ جار بیرم لەوە دەکردەوە، بەڕاستی بۆچی ئەوەی کە هی من بوو هەموویت پاشەکەوت کردبوو؟ وە هەر بە تەنیا ئەوە؟

**بۆرکمان:**

بۆچی؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، بۆچی؟ ئەوەم پێ بڵێ.

**بۆرکمان:**

(ڕەق و تەنزئامێزانە). تۆ لەوانەیە بیرت لەوە کردبێتەوە کە من ئەوەم_ لەبەر خاتری ئەوە بووبێت هەتا من شتێکم هەبێت بگەڕێمەوە سەری – کاتێک ئەگەر شتەکان خراپ کەوتنەوە؟

**ئێلەڕینتهایم:**

ئۆی نەخێر، تۆ، – تۆ بێگومان لەو ڕۆژانەدا بیرت لەوە نەکردبووەوە.



**بۆرکمان:**

هەرگیز! من هێندە بێ کۆمەکردن لەسەرکەوتن دڵنیا بووم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچی –؟

**بۆرکمان:**

(شانەکانی گرژ دەکاتەوە). خوای گەورە، ئێلە– هێندە خۆشنیە بەبیرهاتنەوەی ئەو هۆکارەی کە بیست ساڵێک کۆنە. من تەنیا ئەوەم لە بیرە، کە کاتێک من بەتەنیا دەچووم و بەهێمنی لەگەڵ هەموو ئەو چالاکییە گەورانەدا کە دەبووایە لێرە بخرانایەتە گەڕ تێ دەکۆشام، گەشبینانە دەمتوانی وەکو ناخودایەکی باڵۆنی هەوایی لە شەوە بێخەوەکاندا بیر بکەمەوە. ئینجا چووم باڵۆنێکی زەبەلاحم پڕ کرد و دەمویست بەسەر _ئۆقیانوسێکی بێ ئامان و پڕمەترسی دنیادا بکەومە گەشت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە زەردەخەنەوە). تۆ، کە هەرگیز گومانت لە سەرکەوتن نەبوو؟

**بۆرکمان:**

(بە بێ تەحەمووڵانە) ئێلە، مرۆڤەکان ئاوهان. ئەوان بە هەمان شت هەم گومان و هەم باوەڕیان هەیە. (بە بەر خۆیەوە) وە لەبەر ئەوە بوو کە من نەمدەویست تۆ و ئەوەی تۆش خاوەنی بوویت لە باڵۆنەکەدا لەگەڵما بن.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەگرینگی پێدانەوە). بۆچی، من دەپرسم! بڵێ، بۆچی؟

**بۆرکمان:**

(بەبێ ئەوەی تەماشای بکات). کەس لە گەشتێکی وەهادا بەنرخترین شت لەگەڵ خۆیدا نابات.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ بەنرخترینت لەگەڵ خۆتا برد. خودی ژیانی ئایندەت –

**بۆرکمان:**

ژیان هەمیشە ئەو بەنرخترە نییە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(هەناسەسوارانە). ئەو کاتە بۆ تۆ ئاوها بوو؟

**بۆرکمان:**

پێم وایە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

پێت وایە کە من بەنرخترین شت بووم لەلای تۆ؟

**بۆرکمان:**

بەڵێ، شتێک لەو بابەتە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە لە دوای ئەو کاتەوە بەدڵنیاییەوە ساڵ و ڕۆژ تێپەڕین کە تۆ دەستت بڕیم و– یەکێکی ترت – یەکێکی ترت هێنا!

**بۆرکمان:**

دەڵێیت، دەستم بڕیت؟ بێگومان تۆ باش دەزانیت کە ڕەچاوکردنی بالاتر هەبوو،– ئا، ئیتر ڕەچاوکردنی تر،– کە زۆری بۆ هێنام. بەبێ یارمەتی ئەو من هیچ ڕێگەیەکی ترم نەبوو.



**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە خۆگرتنەوە). کەواتە تۆ لەبەر بەهای بالاتر– دەستی منت بڕی.

**بۆرکمان:**

من نەمدەتوانی دەستبەرداری یارمەتی ئەو ببم. وە ئەو تۆی خستە بری نرخی یارمەتییەکەی.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە تۆ نرخەکەیت دا. هەمووی. بەبێ سەواومامەڵە.

**بۆرکمان:**

هیچ ئیختیارێکی ترم نەبوو. من یان دەبووایە بیبەمەوە یان بیدۆڕێنم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە دەنگێکی لەرزۆکەوە، تەماشای دەکات). ئایە ڕاستە ئەوەی تۆ دەیڵێیت، کە من ئەوکاتە بۆ تۆ بەنرخترین شت بووم لە دنیادا؟

**بۆرکمان:**

هەم ئەوسا و هەم دوای ئەوەش،– زۆر، زۆر دوای ئەوەش.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا تۆ منت گۆڕییەوە. مافی خۆشەویستی خۆتت خستە سەواومامەڵەوە لەگەڵ پیاوێکی تردا. خۆشەویستی منت لە پێناوی – لە پێناوی پۆستی بەڕێوەبەری بەنقدا فرۆشت!

**بۆرکمان:**

(داکەوتوو و ڕەشبینانە). ئێلە، ناچاری زۆری بۆ هێنابووم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەتووڕەیی و هەڵلەرزینەوە لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێتە سەرپێ). تاوانبار!

**بۆرکمان:**

(دادەچڵەکێت، بەڵام خۆی دەگرێت). ئەو وشەیەم لەمەوپێش گوێ لێ بووە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبی کە من مەبەستم لەو قانوون و یاسایانەی وڵات بێت کە تۆ شکاندووتن! یان تۆ چۆن ئەو هەموو کۆمپیالەی هاوبەش و بریکاری قەرزکردنت بەکار هێناوە – یاخۆ نازانم ناویان چییە – پێت وایە من گوێ بەو شتانە دەدەم! تەنیا ڕێگەم پێ بدرایە لە نزیکتەوە بووەستم کاتێک هەموو شتەکان بەسەرتا هەرەسیان هێنا –

**بۆرکمان:**

(بە چاوەڕوانییەوە). چۆن، ئێلە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

باوەڕم پێ بکە، بە خۆشحاڵییەوە لەگەڵ تۆدا دەچوومە ژێر ئەو بارەوە. ئابڕووچوون، داڕووخان،– هەمووی، هەمووی من لە هەڵگرتنیاندا یارمەتیم دەدایت –

**بۆرکمان:**

تۆ دەتویست یارمەتیم بدەیت؟ لەتواناتدا هەبوو یارمەتیم بدەیت؟





**ئێلە ڕێنتهایم:**

هەم دەمویست و هەم دەمتوانی ئەوە بکەم. لەبەرئەوەی ئەوسا من بە تاوانی گەورەی مەترسیداری تۆ ئاشنا نەبووم –

**بۆرکمان:**

کامە! تۆ مەبەستت چییە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من مەبەستم ئەو تاوانەیە کە هیچ لێبووردنێکی نییە.

**بۆرکمان:**

(بەمۆڕەوە تەماشای دەکات) تۆ تێکچوویت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەچێتە نزیکییەوە). تۆ تاونباری بەکوشتن! تۆ بە گەورەترین گوناهی مردن هەستاوی!

**بۆرکمان:**

(بەرەو پیانۆکە دەڕوات). ئێلە، ئەوە تێکچوویت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ ژیانی خۆشەویستیت لە ناو مندا کوشت. (لێی نزیکتر دەبێتەوە) دەزانیت ئەوە مانای چی؟ لە ئینجیلدا باسی گوناهێکی ئاڵۆز و نادیار کراوە کە هیچ لێبووردنی نییە. من هەرگیز لەمەوبەر نەمدەتوانی تێ بگەم ئەو گوناهە چییە. ئێستا تێ دەگەم. ئەو گوناهە گەورە بێڕەحمە، – ئەو گوناحەیە کە ژیانی خۆشەویستی لە مرۆڤێکدا بکوژێت.

**بۆرکمان:**

وە تۆ دەڵێی کە من شتی وام کردووە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

تۆ ئەوت کردووە. بەڕاستی هەرگیز لەمەوبەر نەمدەزانی لە ڕاستیدا چیم بەسەر هاتووە هەتا ئەم ئێوارەیە. کاتێک تۆ ناپاکیت لە من کرد و_ ڕووت کردە گودهیلد – من ئەو مەسەلەیەم وەکو بێ قەرارییەکی ئاساییانە لە لایان تۆوە و پاشکۆیەکی لە خشتەبردنی دڵڕەقانە لە لایان _ ئەوەوە تەماشا دەکرد. وە لەو باوەڕەدام تا ڕادەیەک – سەرەڕای هەمووی کەمێک بەچاوی سووکەوە تەماشام دەکردیت، بەڵام ئێستا دەبینم! تۆ دەستی ئەو ئافرەتەت بڕی کە خۆشت دەویست!من، من، من! گرانترینی ئەو شتانەی کە تۆ لەم دنیایەدا ئاشنای بوویت، کەچی ئامادەش بوویت لەبەر خاتری سوود و قازانج وازی لێ بێنیت. تۆ دووجار خۆتت تاوانبار کردووە بە کوشتن! بەکوشتنی ڕوحی خۆت و، وە بە کوشتنی ڕوحی منیش!

**بۆرکمان:**

(سارد و خۆ ڕاگرانە) من چەند چاک دووبارە بەسۆزی بیر و هەستە جڵەونەگیراوەکەت دەناسمەوە، ئێلە. بۆ تۆ زۆر ڕاستە بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێت هێواش تەماشای مەسەلەکە بکەیت. تۆ ئافرەتیت. بۆ تۆ قەیناکە کە نەزانیت و لە هەموو دنیادا پێوەندیت بە هیچ مەسەلەیەکی ترەوە نەبێت.

**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر، ڕاستە پێوەندیم بە هیچ مەسەلەیەکی ترەوە نییە._.

**بۆرکمان:**

تەنیا ئەو مەسەلەیە نەبێت کە پێوەندی بە دڵی خۆتەوە هەیە –.



**ئێله ڕێنتهایم:**

تەنیا ئەو مەسەلەیە! تەنیا ئەو! تۆ ڕاست دەکەیت.

**بۆرکمان:**

بەڵام بیرت نەچێت کە من پیاوم. لە دنیادا تۆ وەک ئافرەت بۆ من بەنرخترین شت بوویت. بەڵام دواجار ئەگەر پێویست بکات، ئیتر دەتوانرێت ئافرەتێک بە ئافرەتێکی تر قەرەبوو بکرێتەوە –

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای دەکات). تۆ بەو تاقیکردنەوەیە هەستای کاتێک گودهیلدت کردە ژنی خۆت؟

**بۆرکمان:**

نەخێر. بەڵام ئەرکەکانم لە ژیاندا یارمەتییان دام ئەوەش بخەمە سەر بارەکەم. من دەمویست هەموو سەرچاوەکانی قوودرەت لەم وڵاتەدا بخەمە ژێر دەستی خۆمەوە. دەمویست چ دەوڵەمەندییەک لە زەوی و چیا و دارستان و دەریادا هەیە بخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆم و هەیمەنەی خودی خۆمەوە و، لە ڕێگەی ئەو هەیمەنەیەشەوە دۆخێکی خۆشگوزەرانی بۆ گەلێ لەوان، هەزاران هەزار ئەوانی تر بخولقێنم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(لە بیرەوەرییەکانیا نقووم بووە). من بەوە ئاشنام. ئێمە چەندەها ئێوارەی زۆر لەبارەی ئامانجەکانی تۆوە قسەمان دەکرد –

**بۆرکمان:**

بەڵێ، ئێلە، من لەگەڵ تۆدا دەمتوانی قسە بکەم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من گاڵتەم بە پلانەکانت دەکرد و دەمپرسی دەتەوێت ڕوحە نووستووەکانی ئاڵتوون هەموویان خەبەرکەیتەوە.

**بۆرکمان:**

(سەر دەلەقێنێت). من ئەو قسەیەم لە بیرە. (بەهێواشی.) هەموو ڕوحە نووستووەکانی ئاڵتوون.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام تۆ بە گاڵتەت نە دەزانی. دەتوت: بەڵێ، بەڵێ، ئێلە، دروست ئەوەم دەوێت.

**بۆرکمان:**

ئینجا وا بوو. ئەگەر من بەس یەکەم جار بمتوانییایە پێم لە ئاوزەنگ گیربێت –. وە ئەوەش ئەو کاتە پێوەندی بەو تاکە پیاوەوە هەبوو. ئەو دەیتوانی ئەو ئیشەی بەڕێوەبەرێتی بانقم بۆ مسۆگەر بکات –ـ بەهەرحاڵ من لەلای خۆمەوە –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ڕاستە، بەڵێ! بەهەرحاڵ تۆ لەلای خۆتەوە وازت لەو ئافرەتە هێنا کە خۆشەویستت بوو،–ـ وە کە دووبارە تۆش زۆر لە باس نەهاتووانە لەلای ئەو ئازیز بوویت.

**بۆرکمان:**

من بە سووتانی ئەوم دەزانی لە عیشقی تۆدا. دەمزانی کە ئەو بە هیچ مەرجێکی تر–



**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئینجا تۆش پڕت کرد بەو شانسە هەڵکەوتووەدا

**بۆرکمان:**

(بەدەنگی بەرز) بەڵێ، ئێلە، پڕم کرد بەو شانسەدا و قبووڵم کرد! چونکە خواستی هێز لە ناخمدا بەری پێ نەدەگیرا، دەبینییت! قبووڵم کرد. دەبووایە پڕکەم بەو شانسەدا. وە ئەو تا نیوەی ڕێگە بەرەو ئەو بەرزاییانەی فەرموویان دەکرد و من دەمخواست بیانگەمێ یارمەتی دام. وە من پلە بە پلە. ساڵ لە دوای ساڵ سەردەکەوتم –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە من وەکو لە ژیانتدا سڕابێتمەوە وابوو.

**بۆرکمان:**

وە ئینجا ئەو دووبارە لەبەر خاتری تۆ، ئێلە، لە بەرزاییەوە هەڵی دامە خوارەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵی بێدەنگ). بۆرکمان– لەوەدەچێت کە تەواوی پێوەندی من و تۆ غەزەبی لێ گیرابێت، تۆش لەو باوەڕەدا نیت ؟

**بۆرکمان:**

(تەماشای دەکات). غەزەب؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، تۆ لەو باوەڕەدا نیت؟

**بۆرکمان:**

(نائارامانە). با. بەڵام بەڕاستی بۆچی –؟ (بەهەڵچوونەوە.) ئۆ، ئێلە – ئیتر خەریکە نازانم کێ ڕاستە – من یان تۆ؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ تاوانباری. تۆ تەواوی حەزی مرۆییت لە مندا مراند.

**بۆرکمان:**

(بەترسەوە). وا مەڵێ، ئێلە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەلای کەمەوە تەواوی حەزی ئافرەتێکی ئینسان. لەو کاتەوەی کە وێنەی تۆ لە مندا دەستی بەکوژانەوە کرد، ئیتر وەکو ئەوەی من ژیانم لەژێر خۆرێکی گێراودا بەسەربەرم. تا ئەوە لەو هەموو ساڵانەدا وای لێ هات زیاتر و زیاتر بە من دژبێت.– هەتا لە کۆتاییدا خۆشویستنی هەر مەخلوقێکی زیندوو تەواو مەحاڵ بێت. نە مرۆڤ، نە ئاژەڵ یاخۆ ڕووەک. تەنیا تاق و تەنیا ئەمە–

**بۆرکمان:**

تاق و تەنیا کامە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بێگومان، ئەرهارت.

**بۆرکمان:**

ئەرهارت–؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەرهارت،– ی، کوڕت، بۆرکمان.



**بۆرکمان:**

بەڕاستی ئەرهارت ئەمەندە گەرم چووەتە دڵتەوە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەی پێت وایە لەبەرچی من ئەوم بردە لای خۆم؟ وە ئەوەندەی توانیم لەلای خۆم هێشتمەوە؟ بۆچی؟

**بۆرکمان:**

من وام دەزانی لە بەڕەحمییەوەیە. وەکو هەموو ئەوانی تر.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە ناخ هەڵچوونێکی زۆرەوە). بەڕەحمی، بەڕاستە! ها ها! من هەرگیز هیچم لە بەڕەحمی نەزانیوە – لەو کاتەوەی تۆ ناپاکیت لەگەڵ کردم. لەگەڵ ئەوەشدا نەمتوانی. ئەگەر منداڵێکی هەژاری، برسی بهاتایەتە بەرمووبەقەکەم و لە سەرمانا هەڵبلەرزیایە و بگریایە و داوای کەمێک خواردنی بکردایە، دەمهێشت کچەچێشتکەرەکە مشوورێکی بخوا. هیچ پێویستم بەوە نەبوو ئەو منداڵە لە خۆم نزیک بخەمەوە و لەبەر زۆپاکەمدا گەرمی بکەمەوە، خۆشحاڵ بم بەوەی دانیشم سەیری بکەم تا تێر دەخوا. وە من هەرگیز لە سەردەمی گەنجێتیمدا بەم شێوەیە نەبووم؛ باش بیرم دێتەوە! تۆ وات لێ کردم کە هەم ناوەوەم – وە هەم دەرەوەشم وەک بیابان چۆڵ و وشک بێت.

**بۆرکمان:**

تەنیا بۆ ئەرهارت نەبێ.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نەخێر، بۆ کوڕەکەی تۆ نا. ئەگینا بۆ باقی هەمووی، هەرچی

بژی و جووڵەی تێدا بێت. تۆ لە بەخت و ئارەزووی  من بۆ بوونە دایک و، لە خەم و فرمێسکی دایکایەتیشدا لە ژیاندا ناپاکیت لێ کردم. لەوانەیە بوێرم بڵێم ئەوە بەهاترین خەسارەت بوو بۆ من.

**بۆرکمان:**

ئێلە، بەڕاستیتە؟

**ئێلەڕێنیهایم:**

کێ دەزانێت؟ لەوانەیە خەم و فرمێسکی دایکایەتی چاکتر بووایە بۆ من. (بە خۆڕاوەشاندنیکی بەهێزەوە.) بەڵام من ئەو کاتە  لەگەل ئەو زەرەرەدا هیچم پێ نەدەکرا! بۆیە ئەرهارتم بردە لای خۆم. تەواو دروستم کرد. هەموو گەرمی متمانەی دڵی منداڵی ئەوم بۆ خۆم دروست کرد،– هەتا–. ئۆهـ !

**بۆرکمان:**

هەتا چی؟

**ئێلەڕێنتهایم:**

هەتا دایکی،– مەبەستم دایکی ڕاستەقینەیەتی، دووبارە لێی سەندمەوە.

**بۆرکمان:**

ئەو دووبارە هەر دەبووایە بهاتەیە بۆ شار و تۆی بەجێ بهێشتایە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەستەکانی ڕادەوەشێنێت). بەڵی، بەڵام من بەرگەی



بەجێهێشتن ناگرم، بۆرکمان! بەرگەی چۆڵ و هۆڵی ناگرم بەرگەی لە کیسچوونی دڵی کوڕەکەی تۆ ناگرم.

**بۆرکمان:**

(بە چاومۆڕکردنێکەوە). همم،– بەدڵنیاییەوە تۆ ئەوەت لە کیس نە چووە، ئێلە. کەس بە ئاسانی دڵ لە کیسی خۆی نایات لەبەر خاتری کەسێکی وەک ئەوەی _خوارەوە – لە هۆڵەکەی خوارەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من ئەرهارتم لە کیس چوو. وە دووبارە دایکی ئەوی بردەوە بۆ خۆی. ئەوە بەو نامانەدا لێم ڕوونە کە جاروبار ئەرهارت بۆم دەنووسێ.

**بۆرکمان:**

تۆ هاتووی بۆ ئەوەی ئەرهارت لەگەڵ خۆت بەرێتەوە بۆ ماڵەوە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، بەهەرحاڵ ئەگەر ئەوە بکرێت!

**بۆرکمان:**

ئەوە دەکرێت ئەگەر تۆ بەڕاستی خوازیاری ئەوە بیت. چونکە تۆ مافی یەکەمین و گەورەترینت بەسەرییەوە هەیە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، ماف، ماف! چ پێوەندی بە مافەوە هەیە؟ بەخواستی ئەو خۆی نەبمەوە خاوەنی، – واتە بەهیچ کلۆجێک نابمەوە خاوەنی. وە ئەوە ئەوەیە کە من دەمەوێت! هەر ئێستا دڵی منداڵەکەی خۆم دەوێت بە ساغی و بێ بەشکردن لەگەڵ کەسی تردا!

**بۆرکمان:**

تۆ دەبێ ئەوەت لە بیر بێت کە ئەرهارت پێ دەنێتە تەمەنی بیست ساڵییەوە.

لەوە زیاتر تۆ ناتوانیت وا حیساب کەیت کە تۆ دەبیتە خاوەنی دڵی کەرتنەکراوی ئەو، وەکو وتت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەزەردەخەنەیەکی قوورسەوە). پێویستی نەدەکرد ئەوەندە زۆری پێ بچێت.

**بۆرکمان:**

پێویستی نەدەکرد؟ پێم وایە ئەوەی کە تۆ داوای دەکەیت، بۆ ڕۆژە کۆتاییی هاتووەکانتی داوا دەکەیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

داوای ئەوەش دەکەم. بۆیە پێویستی نەدەکرد ئەوەندە زۆر بخایەنێت.

**بۆرکمان:**

(مۆڕدەبێتەوە). دەتەوێ بڵێی چی؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

خۆ تۆ دەزانیت کە من هەموو ئەو ساڵانەی دوایی نەخۆشبووم؟

**بۆرکمان:**

نەخۆشبوویت؟

**ئێلەڕێنیهایم:**

تۆ ئەوە نازانیت؟



**بۆرکمان:**

نەخێر، بەڕاستی نەء –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە سەرسامییەوە تەماشای دەکات). بۆ ئەرهارت پێی نەوتویت؟

**بۆرکمان:**

بەڕاستی ئا لەم دەقیقەیەدا ئەوەم بیرنایەتەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

دەشێ بەهیچ جۆرێک باسی منی نەکردبێ؟

**بۆرکمان:**

با، بێگومان ئەو باسی تۆی کردووە. ئینجا کوا خۆ من زۆر بەدەگمەن ئەو دەبینم. تەقریبەن هەرگیز نایبینم. لە خوارەوە یەکێک هەیە کە ئەو لە من دوور دەخاتەوە. دوور، دوور، تێ دەگەیت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بۆرکمان، تۆ ئەوەندە بەدڵنیاییەوە ئەوە دەزانیت؟

**بۆرکمان:**

بەڵێ بێگومان من ئەوە دەزانم. (تۆنی دەگۆڕێ.) ئێ، کەواتە تۆ نەخۆش بوویت، ئێلە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، نەخۆشم. وە ئەم – پایزە نەخۆشییەکەم هێندە بەتین بووە، ئیتر مەجبوور بووم بێم بۆ ئێرە و لەگەڵ دوکتۆرێکی

شارەزاتردا قسە بکەم.

**بۆرکمان:**

تۆ چوویت بۆ لای دوکتۆر؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، ئەم بەیانییە.

**بۆرکمان:**

ئەی چییان وت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

تەواو دڵنیایان کردمەوە لەوەی کە من هەر لە زووەوە شکم لێی هەبوو–

**بۆرکمان:**

ئێ؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(ساکار و لەسەرخۆ). تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووم، بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

ئۆ، باوەڕت بە شتی وا نەبێت، ئێلە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نە خۆشییەکە کە هیچ چارەسەرێکی نییە. دوکتۆرەکان هیچ داودەرمانێک دژی ئەو دەردە شک نابەن. دەبێ لێی گەڕێن بەردەوام بێت. هیچ ناکرێ بۆ ڕاوەستاندنی. تەنیا دەتوانن ئازاری کەمکەنەوە. بەهەرحاڵ ئەوەش هەر باشە.



**بۆرکمان:**

ئێ، بەڵام باوەڕم پێ بکە هێشتا، – زۆری ماوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

لەوێ پێیان وتم، لەوانەیە هەتا کۆتایی زستان بخایەنێت.

**بۆرکمان:**

(بێ بیرلێکردنەوە) ئێ باشە،– زستان درێژە، زستان.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بێدەنگ). بەهەرحاڵ بۆ من زستان بەشی خۆی درێژە.

**بۆرکمان:**

(بە کەفوکوڵەوە، بەقسە لێوەرگرتنەوە). بەڵام دەبێ ئەو نەخۆشییە لە چییەوە هاتبێ؟ تۆ، کە بەدڵنیاییەوە ئەمەندە تەندروست و ئەمەندە ڕێکوپێک ژیاویت –؟ ئەو نەخۆشییە دەبێ لە چییەوە هاتبێ؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تەماشای دەکات). دوکتۆرەکان بیریان لێ کردووەتەوە کە لەوانەیە من جارێک لە جاران بە حاڵەتێکی گەورەی کتوپڕی وورووژانی مێشکدا تێپەڕی بێتم.

**بۆرکمان:**

(بە هەڵچوونەوە). گۆڕانی کتوپڕی وورووژانی دەماغ! ئەها، تێگەیشتم! دەبێ خەتابار منبم!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە بەرە بەرە ناخ هەڵچوونەوە). تازە کات بۆ مناقەشەکردنی ئەوە درەنگە! بەڵام پێش ئەوەی بمرم دووبارە دەبێت ببمەوە

خاوەنی منداڵە تاقانەکەی دڵم! بەشێوەیەکی لە باس نەهاتووانە، سەختە بۆ من بیر لە بەجێهێشتنی هەموو ئەوەی پێی دەڵێن ژیان بکەمەوە– خۆر و ڕووناکی و هەوا بەجێ بهێڵم بێ ئەوەی تاقە یەکێک لە پاش خۆم بە جێ بهێڵم بیرم لێ بکاتەوە، بەگەرمی و خەمبارییەوە یادم بکاتەوە – هەروەک چۆن کوڕێک بیر لە وە دەکاتەوە یادی دایکی مردووی خۆی بکاتەوە.

**بۆرکمان:**

(پاش کەمێک وەستان). بیبە، ئێلە – هیچ نەبێت تۆ دەتوانیت دڵی ڕازی کەیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(جوست و چالاکانە). تۆ خۆت بەوە ڕازی دەبیت؟ دەتوانیت ئەوە بکەیت؟

**بۆرکمان:**

(بە دڵتەنگییەوە). بەڵێ، وە ئەوە قوربانییەکی گەورە نییە. چونکە من خاوەنی ئەو نیم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

هێشتا سوپاس، سوپاس، بۆ ئەو قوربانییە!– بەڵام شتێکی تریشم هەیە دەمەوێت داوات لێ بکەم. بۆ من شتێکی گەورەیە، بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

ئێ، ئەو شتە چییە بیڵێ.



**ئێلە ڕێنتهایم:**

تۆ لەوانەیە لەمنەوە بە شتێکی منداڵانەی بزانیت،– وە تێی نەگەیت –

**بۆرکمان:**

بیڵێ، – دەبیڵێ ئیتر!

**ئێلەڕێنتهایم:**

من کە بەمزوانە دەمرم، ئەوەی لە پاش خۆم بەجێی دەهێڵم کەم نییە –

**بۆرکمان:**

نەخێر، تۆ شتێکی کەم لە پاش خۆت_ بەجێ ناهێڵیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

وە نییەتم ئەوەیە هەمووی پێکەوە بخەمە سەر ئەرهارت.

**بۆرکمان:**

بەڵێ، لە ڕاستیشدا تۆ کەسێکی نزیکترت نییە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە گەرمییەوە). نەخێر، بێگومان من لەو زیاتر نزیکترم نییە.

**بۆرکمان:**

لە خێزانی ڕێنتهایمش کەس نەماوە. تۆ دوایەمین کەسیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەهێواشی سەر دەلەقنێت). بەڵێ، وایە. کاتێک دەمرم،– ناوی ڕێنتهایمیش دەمرێت. وە ئەوە بۆ من بیرێکی کوشندەیە. هەتا مەحفبوونەوەی ناویش – لە بووندا–

**بۆرکمان:**

(هەڵدەسێتە سەرپێ). ئا، – من دەزانم دەڵێیت چی!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بە تووڕەییيەوە). مەهێڵە شتی وا ببێت! واز بێنە با لە دوای خۆم ئەرهارت ناوی من هەڵگرێت!

**بۆرکمان:**

(بە مۆڕەوە سەیری دەکات). من باش تێت دەگەم. تۆ دەتەوێت کوڕەکەم لەوە ڕزگارکەیت بەناوی منەوە بێت. ئەوە مەسەلەکەیە.

**ئێله ڕێنتهایم:**

هەرگیز وا نییە! من خۆم زۆر پێداگرانە و بە خۆشحاڵییەوە دەمویست ئەو ناوە لەگەڵ تۆ دا هەڵگرم! بەڵام دایکێک کە بەمزوانە دەمرێت –. ناو زۆر زیاتر لەوە پێکەوە دەبەستێتەوە کە تۆ باوەڕت هەیە و دەیزانیت، بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

(سارد و بە شانازییەوە). چاکە، ئێله. من ئەو پیاوەم کە ناوی خۆم بە تەنیا هەڵگرم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(دەستەکانی دەگرێت و دەیانگوشێت). سوپاس، سوپاس! ئێمە ئێستا بەتەواوی هیچمان لای یەک نییە! با، با، ئەوە گرینگ نییە! تۆ ئەوەندەی توانیت دووبارە حیسابەکەت ڕاست کردەوە.

چونکە کە من مردم. لە پاش من ئەرهارت ڕێنتهایم دەژی!

(دەرگە شاردراوەکە دەکرێتەوە. خاتوو بۆرکمان – گودهیلد –



شاڵێکی گەورەی داوە بەسەریدا و لە ناو دەرگەکەدا ڕاوەستاوە.)

**گودهیلد:**

(بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە). ئەرهارت هەرگیز نابێت ئەو ناوە هەڵگرێت!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(دەگەڕێتەوە دواوە.) گودهیلد!

**بۆرکمان:**

(بەڕەقی و هەڕەشەکردنەوە). کەس بۆی نییە بێتە سەرەوە بۆ لای من!

**گودهیلد:**

(هەنگاوێک دەچێتە ژوورەوە). من ڕێگە بە خۆم دەدەم.

**بۆرکمان:**

(بەرەو ڕووی دەچێت) تۆ چیت لە من دەوێت؟

**گودهیلد:**

من دەمەوێت لە پێناوی تۆدا تێ بکۆشم و خەبات بکەم. بۆ ئەوەی لە هێزە بەدکارەکانت بپارێزم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

گودهیلد، خراپترین هێز لە تۆ خۆتدایە!

**گودهیلد:**

(بە ڕەقییەوە) واز لەوە بهێنە. (بە هەڕەشە و دەستبەرزکردنەوە.) بەڵام من ئەوە دەڵێم.– ئەو دەبێت ناوی

باوکی خۆی هەڵگرێت! وە دووبارە بەرز هەڵی گرێت تا ئاستی شەرەفمەندایەتی! وە من دەمەوێت بەتەنیا دایکی بم! خۆم بە تەنیا! دڵی کوڕی خۆم بۆ خۆم بێت. بۆ خۆم و کەسی ترنا.

(لە دەرگە شاردراوەکەوە دەڕواتە دەرەوە و دەرگەکە لە دوای خۆیەوە دادەخات.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(ژاکاو و پەرێشان). بۆرکمان، – ئەرهارت لەم باوبۆرانەدا تیادەچێت. دەبێ تۆ و گودهیلد بگەنە تێگەیشتنێک. هەر ئێستا دەبێ بچینە خوارەوە بۆ لای گودهیلد.

**بۆرکمان:**

(تەماشای دەکات). ئێمە؟ منیش، تۆ بە ڕاستە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

پێکەوە من و تۆ.

**بۆرکمان:**

(سەر ڕادەوەشێنێت). ئەو ئافرەتە سەختە، سەختە وەکو ئەو کانزایەی جاران خەوم پێوە دەبینی لە چیاکانی دەربهێنم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

کەواتە ئێستا هەوڵی لەگەڵدا بدە!

**بۆرکمان:**

(وەڵام ناداتەوە؛ وەستاوە و بە گومانەوە تەماشای دەکات).



## بەشی سێیەم

(هۆڵی دانیشتنەکەی بۆرکمان خانم/ گودهیلد. چراکەی سەرمێزی قەنەفەکە هێشتا دەسوتێت. ناو هۆڵی سەرباخچەکە تاریک و تنوکە.)

(بۆرکمان خانم / گودهیلد، ڕاپەڕی و تووڕە شاڵەکەی بەسەرەوەیە و لە دەرگەی پێشەوەی هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە، دەچێت بۆ لای پەنجەرەکەوە و کەمێک پەردەکە لادەدات؛ پاشان دەچێ لەلای ئاگردانە ئاسنینەکەوە دادەنیشێت، بەڵام دووبارە لە ناکاو هەڵدەبەزێتەوە و دەچێ لە زەنگۆڵەکە دەدات. لەلای قەنەفەکەوە دەوەستێ و کەمێک چاوەڕێ دەکات. کەس نایەت. پاشان دووبارە لە زەنگۆڵەکە دەداتەوە؛ ئەمجارەیان تووندتر.)

(پاش کەمێک کچەئیشکەرەکە لە دەرگەی پێش هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە. کچەکە عاجز و خەواڵ و دیارە و دیارە کە بە پەلە جلەکانی لەبەرکردووە.)

**گودهیلد:**

(بەبێ سەبرانە). مالێنە، ئەوە لە کوێیت؟ دوو جارم لە زەنگ دا!

**کچەئیشکەرەکە:**

بەڵێ، خانم، گوێم لێ بوو.

**گودهیلد:**

لەگەڵ ئەوەی کە گوێشت لێ بوو نەهاتیت.

**کچەئیشکەرەکە:**

(بەسەرسوڕمانەوە). وا بزانم، پێش هەموو شتێک دەبووایە جلەکانم لەبەر کردایە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، ئێوە دەبێت تەواو خۆتان بگۆڕن. وە هەرئێستا دەبێت ڕاکەن بچن بە دوای کوڕەکەمدا.

**کچەئیشکەرەکە:**

(بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکات). دەبێت بچم بە دوای قوتابیدا؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، هەر ئەوەندەی پێ بڵێن کە ئەو هەرئێستا دەبێ بێتەوە ماڵەوە بۆلام، چونکە دەمەوێت قسەی لەگەڵدا بکەم.

**کچەئیشکەرەکە:**

(وەک ئەوەی ئیهانەکرابێ). کەواتە باشتروایە  پایتۆنچییەکەی ماڵی بەڕێوەبەر خەبەر بکەمەوە.

**گودهیلد:**

بۆچی؟

**کچەئیشکەرەکە:**

لەبەرئەوەی  لە کەش و هەوایەکی بەفراوی ناخۆشی ئەوهای وەک ئەم ئێوارەیەدا، دەبێت ئەو سکیی ببەستێ و ئامادەی بکات.



**گودهیلد:**

ئۆ، قەیناکە. خێراکەن بڕۆن! ئەوەتا لەویا لەلای سەر سوچەکەوەیە.

**کچەئیشکەرەکە:**

نەخێر خانم ئاخر، ئەوە، لەلای سەرسوچەکەوە نییە.

**گودهیلد:**

با بێگومان لەویایە. بۆ ئێوە نازانن ڤێلاکەی پارێزەر هینکێل لە کوێیە؟

**کچەئیشکەرەکە:**

(بە گاڵتە پێهاتنەوە) ئا ئێ ئێ، بۆ قوتابی ئەم ئێوارەیە لە وێیە؟

**گودهیلد:**

(بەسەرسوڕمانەوە). بەڵێ، ئەی دەبێ لە کوێبێ؟

**کچەئیشکەرەکە:**

(بەزەردەخەنەیەکی دروستکراوانەوە). نەخێر، من وام دەزانی ئەو لەو شوێنەیە کە هەمیشە بۆی دەچێ، من.

**گودهیلد:**

مەبەستان کوێیە؟

**کچەئیشکەرەکە:**

لەلای ویلتۆن خانم، وەکو ئێوە بانگی دەکەن.

**گودهیلد:**

وێلتۆن خانم؟  کوڕی من نەیکردووە بە خوو هەمیشە بچێت بۆ ئەوێ.

**کچەئیشکەرەکە:**

(بە دەم بۆڵە بۆڵەوە). وا بزانم ویڵتۆن خانم دەڵێ کە کوڕەکاتان هەمیشە لەوێیە.

**گودهیلد:**

ئەوە هەر قسەیە، مالێنە. بچۆ بۆ ماڵی پارێزەر هینکێل و لەوێ بیگرە.

**کچەئیشکەرەکە:**

(بە وەڕسییەوە) بەڵێ، خوا بمانپارێزێت؛ وا دەچم.

(کچە ئیشکەرەکە دەیەوێت لە دەرگەکەی پێش هۆڵەکەوە بچێتە دەرەوە. لەو کاتەدا دەرگەکە دەکرێتەوە. لە ناو دەرگەکەدا ئێلە ڕێنتهایم و بۆرکمان دەردەکەون.)

**گودهیلد:**

(هەنگاوێک دەچیتە دواوە). ئەمە مانای چی!

**کچەئیشکەرەکە:**

(تۆقیوانە، دەستەکانی خواوڕاستان بەرز دەکاتەوە). بسمیلا!

**گودهیلد:**

(بەگوێی کچەئیشکەرەکەدا دەچرپێنێ). پێی بڵێ کە هەر ئێستا ئا لەم کاتەدا دەبێ ئەو بێت!

**کچە ئیشکەرەکە:**

(لەسەرخۆ) بەڵێ باشە، خانم.

(ئێلە ڕێنتهایم، وە بەدوای ئەودا بۆرکمان دێنە ژوورەوە. کچە ئیشکەرەکە بە هێواشی لە دوایانەوە دەچێتە دەرەوە و لە دوای



خۆیەوە دەرگەکە دادەخات.)

(بێدەنگییەکی کورت.)

**گودهیلد:**

(بە دان بەخۆداگرتنەوە، ڕوو دەکاتە ئێلە). ئەوە لێرە لە خوارەوە چی لە من دەوێ؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

گودهیلد، ئەو دەیەوێ لەگەڵ تۆدا هەوڵی لەیەک تێگەیشتن بدات.

**گودهیلد:**

ئەو هەرگیز لەمەوبەر هەوڵی ئەوەی نەداوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەم ئێوارەیە ئەو هەوڵی ئەوە دەدات.

**گودهیلد:**

دواجار کە بەرامبەر یەک وەستاین، – لە دادگابوو. ئەوکاتەی من بانگکرام بۆ ڕوونکردنەوە –

**بۆرکمان:**

(دەچێتە نزیکەوە). وە ئەم ئێوارەیە من دەمەوێت ڕوونکردنەوە بدەم.

**گودهیلد:**

(تەماشای دەکات). تۆ

**بۆرکمان:**

لەبارەی ئەوەوەنا کە من خۆم بۆ فەوتان. چونکە ئەوە هەموو دنیا دەیزانێ.

**گودهیلد:**

(ئاهێکی تاڵ هەڵدەکێشێ). بەڵێ، ئەوە قسەیەکی ڕاستە. هەموو دنیا ئەوە دەزانێ.

**بۆرکمان:**

بەڵام ئەوە نازانرێ کە من بۆچی خۆم فەوتان. وە بۆچی دەبووایە خۆم بفەوتێنم. خەڵک نازانن کە من هەر دەبوو ئەوەم بکردایە چونکە من خۆمم– چونکە من یۆن گابریێل بۆرکمانم،– وە هیچ کەسێکی تر نیم. وە ئەوە ئەوەیە کە من دەمەوێت هەوڵ بدەم بۆت ڕوون بکەمەوە.

**گودهیلد:**

(سەر ڕادەوەشێنێ). هیچ سوودی نییە. هاندان[٢٩] پاکانە بۆ کەس ناکات. پاڵنەر و بزوێنەریش[٣٠] هەمان شت.

**بۆرکمان:**

لەوانەیە لە ڕوانگەی کەسێکی ترەوە ئەوانە ببنە پاکانە.

**گودهیلد:**

(بە هێماکردن بەدەستی ئەو قسەیە ڕەت دەکاتەوە). ئۆ، واز لەوە بێنە! من زۆر بەچاکی بیرم لەو دۆسییە تاریکانەی تۆ کردووەتەوە.

---

(٢٩) وشە نەرویجیەکە Tilskyndelse واتە هاندان یان فیتدان. هاندانی کەسێک تاکو کارێکی ناقانوونی بکات بە شێوەیەک کە ئەگەر ئەو هاندانە نەبووایە ئەو کارە نەدەکرا. وەرکێڕ.

(٣٠) وشە نەرویجییەکە Innskytelse واتە پاڵنەر، بزوێنەر یان هۆ. کەسێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەکێکی تر بەکارێک هەڵسێ. ئەم وشانە زاراوەی قانوونین. وەرگێڕ.



**بۆرکمان:**

منیش هەروەها. لە ماوەی مانەوەم ئەو پێنجساڵە کۆتایی نەهاتووە بەتەنیا لە ژووری زینداندا– وە لە جێگەی تر – ماوەم هەبوو بیر لەوە بکەمەوە. وە لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی هۆڵەکەی سەرەوەشدا کاتێکی باشتر و زیاترم هەبوو. هەتا سەرلەنوێ بە هەموو کێشە دادگاییەکەدا بچمەوە – بۆ خۆم. جار لە دوای جار پیایدا دەچوومەوە. من هەر خۆم هەم داواکاری خۆم بووم، هەم پارێزەری خۆم بووم وە هەم داوەری خۆشم بووم. دەوێرم بڵێم –، لە هەر کەسێکی تر زیاتر بێلایانەتر. لە سەرەوە بەناو فەرشی هۆڵەکدا هاتم و چووم و یەک یەک ماملەکردنەکانی خۆمم ئەمدیو و ئەودیو و سەرەوژوور کرد. هەم لە پێش و هەم لە پاش زۆر دڵرەق و بێ بەزەییانە وەکو هەندێک پارێزەر لێیان وردبوومەوە. وە هەمیشە ئاکامی ئەو بڕیارەی دەیگەمێ، ئەوەیە،_ تەنیا کەسێک کە من تاوانم بەرامبەر کردبێ،– خۆمم.

**گودهیلد:**

ئەی بەرامبەر بەمن؟ ئەی بەرامبەر بە کوڕەکەت؟

**بۆرکمان:**

کاتێک کە دەڵێم خۆم تۆ و ئەویش دەگرێتەوە.

**گودهیلد:**

ئەی ئەو سەدەها کەسەی تر؟ ئەوانەی کە خەڵک دەڵێن تۆ بوویتە هۆی نابووتبوونیان؟

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەیییەوە). من دەست ڕۆیشتوو بووم! ئینجا ئەو هەوەسە دەسەڵات بەسەردانەبووەی ناخم! ئەو میلۆنەهایەیی کە لە ژێر ئەم وڵاتەدا لە هەموو لایەکەوە کەوتبوون، لە قووڵاییی چیاکانەوە، بانگیان دەکردم! هاواریان لێ دەکردم ڕزگاریان بکەم! بەڵام لە ناو هەموو ئەوانی تردا، بە تەنیا لە خۆم زیاتر کەس گوێی لەو هاوارە نەبوو.

**گودهیلد:**

بەڵێ، بۆ زڕاندنی ناوی بۆرکمان.

**بۆرکمان:**

بریا من، بمزانیایە، ئاخۆ ئەوانی تریش هەروەکو من مامەڵەیان نەدەکرد، ئەگەر دەست ڕۆیشتوو بوونایە؟

**گودهیلد:**

کەس، کەس لە تۆ زیاتر ئەوەی نەدەکرد!

**بۆرکمان:**

لەوانەیە نەیانکردایە. لەبەرئەوەی وەکو من لەبارياندا نەبووایە ئەوە بکەن. وە ئەگەر بشیانکردایە، ئەوا ئەوان بەو ئامانجانەی من لە بەرچاوم گرتبوون نەیاندەکرد. مامەڵەکردنەکە شتێکی تر دەبوو. – لە کورتی بیبڕێنینەوە – من خۆم بەبێ تاوان دەزانم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە نەرمی و پاڕانەوەوە). ئۆ، بەڵام بۆرکمان، دەوێریت ئەمەندە بە دڵنیاییەوە وا بڵێیت؟



**بۆرکمان:**

(سەر دەلەقێنێ). هەتا ئێرە خۆم بە بێ گوناح دەزانم. بەڵام ئینجا ئەو خۆتومەتبارکردنە گەورە خەمهێنەرە، دێتە پێشەوە.

**گودهیلد:**

ئەوە کامەیە؟

**بۆرکمان:**

خۆم خزاندە هۆڵەکەی سەرەوە و تەواوی هەشت ساڵی بەنرخم لە ژیانی خۆم بە فیڕۆ دا! هەر ئەو ڕۆژەی ئازاد کرام، دەبووایە برۆیشتمایەتە دەرەوە بۆ ناوژیانی حەقیقی،– بۆ ناو ئەو حەقیقەتە وەک ئاسن ڕەقە، بێ خەیاڵ و خەوبینینە. من دەبووایە سەرلەنوێ لە خوارەوە دەستم پێ بکردایەتەوە و هەڵکشامایەتەوە بەرەو ژوور بەرەو بەرزایی،– بەرزتر لە جاران، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشی کە ڕوویان دابوو.

**گودهیلد:**

ئۆ، باوەڕم پێ بکە،– دووبارە هەر وەکو ئەم ژیانەی ئێستا دەبوو.

**بۆرکمان:**

(سەر ڕادەوەشێنێ و وەک چۆن کەسێکی خوێندەواری ڕۆشنبیر تەماشای کەسێک دەکات ئاوا تەماشای دەکات). هیچی تازە ڕوو نادا. بەڵام ئەوەی ڕووی دا،– دووبارە نابێتەوە. چاو مامەڵەکردن دەگۆڕێت. چاوی ئەوەی دووبارە لە دایک دەبێتەوە ئەو مامەڵەکردنە کۆنە دەگۆڕێت. (قسەکەی دەبڕێ) ئێستا، تۆ لەوە تێ ناگەیت.

**گودهیلد:**

(بەکورتی) نەخێر، من لەوە تێ ناگەم.

**بۆرکمان:**

نەخێر، نەفرەتەکە ئەوەیە کە من هەرگیز تێگەیشتنم لەلای روحی تاکە مرۆڤێک نەدۆزیوەتەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تەماشای بۆرکمان دەکات). بۆرکمان، هەرگیز؟

**بۆرکمان:**

بێجگە لە یەکێک – لەوانەیە. ماوەیەک زۆر، زۆر لەمەوبەر. لەو ڕۆژانەدا کە من پێم وابوو پێویستیم بە تێگەیشتن نییە. ئیتر، لەوساوە، هەرگیز لەلای کەس! کەسم نەبوو کە بانگم بکات و ئاگەدارم بکاتەوە،– وەکو کاتژمێری بەیانیان زەنگم بۆ لێ بدات،– هانم بدا سەرلەنوێ بۆ کاری ئازایانە –. وە لە دڵما چەسپی بکات کە من هیچ کارێکی وام نەکردووە شایەنی چاکبوونەوە نەبێت.

**گودهیلد:**

(بە تەنزەوە پێ دەکەنێ). باشە تۆ پێویستت بەوە هەیە لە دەرەوەی خۆتەوە بخرێتە دڵتەوە؟

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە). بەڵێ، کاتێک هەموو دنیا بەکۆرس بەسەرما هەڵدەشاخێن کە من پیاوێکم ئیتر هەڵسانەوەم نییە، ئەوا ساتگەلێک دێنە پێشەوە بۆ من کە من خۆم خەریکە باوەڕ بەوە دەکەم. (سەربەرز دەکاتەوە.) بەڵام پاشان هۆشیاری



سەرکەوتووی ناخم دووبارە بەرز دەبێتەوە. وە ئەو هوشیارییە بە بێ تاوانم دەداتە قەڵەم!

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییەوە سەیری دەکات). تۆ بۆچی هەرگیز نەهاتی پرسیاری ئەوەم لێ بکەیت کە تۆ ئێستا پێی دەڵێیت تێگەیشتن؟

**بۆرکمان:**

ئەگەر بهاتمایە بۆ لات – سوودی دەبوو؟

**گودهیلد:**

(بە نکوڵیلێکردنەوە، دەست ڕادەوەشێنێ). تۆ هەرگیز هیچت لە خودی خۆت زیاتر خۆش نەویستووە،– ئەوەش کرۆکی هەموو کێشەکانە.

**بۆرکمان:**

(بەشانازییەوە). من هێز و دەسەڵاتم خۆش دەویست.

**گودهیلد:**

هێز و دەسەڵات، بەڵێ!

**بۆرکمان:**

– دەسەڵات بۆ خوڵقاندنی بەختەوەری بەرفراوان بۆ مرۆڤ، بەرفراوان بۆ دەوروبەرم!

**گودهیلد:**

تۆ جارێک دەسەڵاتی ئەوەت هەبوو من بەختەوەر بکەیت. ئایا ئەو دەسەڵاتەت بەو مەبەستە بەکاربرد؟

**بۆرکمان:**

(بێ ئەوەی تەماشای بکات.) وەک زۆربەی جار لە کاتی نقوومبوونی بەلەمدا ڕوو دەدات – دەبێت هەندێک کەس خۆیان بدەن بەدەستەوە.

**گودهیلد:**

ئەی کوڕەکەت! ئایا دەسەڵاتی خۆت بەکار هێنا – یان ئایا ژیان و هەناسەدانت لەپێناوی ئەوەدا بوو کوڕەکەت بەختەوەر بکەیت؟

**بۆرکمان:**

من ئەو ناناسم.

**گودهیلد:**

نەخێر، ئەوە ڕاستە. تەنانەت تۆ ئەو هەر ناش ناسیت.

**بۆرکمان:**

(بەتووڕەییەوە). ئەوە خەتای تۆیە – تۆ، کە دایکی ئەویت، هەوڵت دا من ئەو نەناسم.

**گودهیلد:**

(تەماشای دەکات؛ بە شکۆدارییەوە). ئۆ، تۆ نازانیت من چ هەوڵێکم داوە!

**بۆرکمان:**

تۆ؟

**گودهیلد:**

بەڵێ، تەنیا من، من بە تەنیا.



**بۆرکمان:**

باشە هەوڵی چیت داوە بیڵێ.

**گودهیلد:**

هەوڵی سومعەی دوای مردنتم داوە

**بۆرکمان:**

(بە پێکەنینێکی کورتی وشکەوە). سومعەی دوای مردنم؟ سەیرکە، سەیرکە! تەقریبەن وا دێتە بەر گوێ وەکو من مردبم و نەمابم.

**گودهیلد:**

(بە حونجەکردنەوە). تۆ مردوویت.

**بۆرکمان:**

(بە هێواشی). بەڵێ، لەوانەیە تۆ ڕاست بکەیت. (بە دەهری بوونەوە.) بەڵام نەخێر، نەخێر! هێشتا نەمردووم! من زۆر نزیکبووم، زۆر لە مردنەوە نزیکبووم. بەڵام من ئێستا زیندووم. دووبارە گیانم پیادا هاتەوە. هێشتا ژیان لە بەردەممدایە. دەتوانم ئەو ژیانە خرۆشاو و چاوەڕوانە، تازە و ڕۆشنە ببینم –. وە تۆش، بەچاوی خۆت دەیبینیت.

**گودهیلد:**

(دەست بەرز دەکاتەوە). ئیتر هەرگیز خەو بە ژیانەوە مەبینە! ئارام بە لەو جێگەیەیی لێی ڕاکشاویت!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بە تووڕەییەوە). گودهیلد! گودهیلد،– چیت دەوێت –!

**گودهیلد:**

(بەبێ ئەوەی گوێی لێ بگرێ). من دەمەوێت شوێنەوارێک بۆ یادگاری لەسەر ئەو گۆڕە بە جێ بهێڵم.

**بۆرکمان:**

تۆ بە شێنەیی مەبەستت کێلی شەرمەزارییە؟

**گودهیلد:**

(بە بەشۆکاوییەوە). نەخێر، ئەو شوێنەوارە نابێت لە بەرد یان لە کانزا بێت. وە هیچ کەسێک بۆی نییە لەسەر ئەو شوێنەوارەی کە من دروستی دەکەم هیچ نووسراوێکی سووکایەتی پێکردنانە بنووسێ. لەوێدا بەڕیز پەرژینێکی چڕ لە دار و دەوەن، چڕ بەدەوری گۆڕی ژیانتا دەڕوێنرێت. لەویادا دەبێ هەموو ئەو تاریکییەی، کە جارێک لە جاران هاتە ئاراوە، داپۆشرێت. وە لە بیرچوونەوەدا، یۆن گابریێل بۆرکمان – لە بەرچاوی خەڵکدا بشاردرێتەوە!

**بۆرکمان:**

(بەدەنگێکی گڕ و کارێگەرەوە).

تۆ دەتەوێت مەشقی ئەو شاکاری خۆشەویستییە بکەیت؟

**گودهیلد:**

بە هێز و توانای خۆم نا. من ناوێرم بیر لە شتی وا بکەمەوە. بەڵام من یاریدەدەرێکم پەروەردە کردووە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بخاتە ئەو پێناوەوە. ئەو دەبێ بە پاکی و بە بەرزی و بە ڕوونی ژیانی بەرێتەسەر، بە شێوەیەک کە لە ناو_چاڵ ئاسا ژیانکردنی تۆ لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە!





**بۆرکمان:**

(بە تووڕەیی و هەڕەشەکردنەوە). تۆ مەبەستت ئەرهارتە، هەر ئێستا بیڵێ!

**گودهیلد:**

(زەق سەیری چاوەکانی دەکات). بەڵێ، ئەو کەسە ئەرهارتە. کوڕەکەم. ئەو کوڕەی کە تۆ دەتەوێت وەک سزادانێک بۆ ڕەفتارەکانت – وازی لێ بهێنیت.

**بۆرکمان:**

(سەیرێکی ئێلە دەکات). وەک سزای قورسترین خەتام.

**گودهیلد:**

(بە ڕەتکردنەوەوە). تەنیا خەتات بەرامبەر بە نامۆیەک. خەتاکردنت بەرامبەر بە من بیر نەچێت! (بە هەست بەسەرکەوتنێکەوە تەماشای هەردووکیان دەکات.) بەڵام ئەو گوێڕایەڵی ئێوە نابێ! کە لە کاتی تەنگانەدا هاواری لێ دەکەم، دێ! چونکە ئەو دەیەوێ لەگەڵ من بێ! لەگەڵ من و هەرگیز لەگەڵ کەسی ترنا – (لەپڕ گوێدەگرێ و هاوار دەکات.) ئەوەتا گوێم لێیەتی! ئەوە خۆیەتی، ئەوە خۆیەتی! ئەرهارت!

(ئەرهارت بۆرکمان بەپەلە دەرگەی هاتنە ژوورەوەکە دەکاتەوە و دێتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەکە. پاڵتۆیەکی لەبەردایە و شەپقەیەکیشی لەسەردایە.)

**ئەرهارت:**

(ڕەنگ زەرد و ترساو). دایکە، – بۆ خاتری خوا چییە –!

(سەیری بۆرکمان دەکات کە لەلای دەرگەی هۆڵەکەی سەر

باخچەکەوە وەستاوە، ڕادەچڵەکێت و شەپقەکەی دادەگرێت. کەمێک بێدەنگ دەبێت؛ پاشان دەپرسێ): دایکە تۆ منت بۆ چییە؟ چی ڕووی داوە؟

**گودهیلد:**

(دەستەکانی بۆ لەباوەشگرتنی دەکاتەوە). ئەرهارت حەزەکەم بتبینم! حەزەکەم هەمیشە – لەلام بیت!

**ئەرهارت:**

(بە لاڵییەوە). منت دەوێت–؟ هەمیشە! مەبەستت چییە لەو قسەیە؟

**گودهیلد:**

تۆم هەبێت، من حەزەکەم تۆم هەبێت! چونکە هەندێک دەیانەوێ تۆم لێ بەرن!

**ئەرهارت:**

(هانگاوێک دەچێتە پێشەوە). ئاها،– کەواتە تۆش دەزانیت!

**گودهیلد:**

بەڵێ. تۆش دەیزانیت؟

**ئەرهارت:**

(مۆن دەبێتەوە و تەماشای دایکی دەکات). ها، دەیزانم؟ بەڵێ بێگومان –

**گودهیلد:**

ئەها، گەمەیەکی لەسەر ڕێکەوتوو! لە پشت سەری منەوە! ئەرهارت، ئەرهارت!



**ئەرهارت:**

(بە خێرایی). دایکە، پێم بڵێ ئەو شتەی کە تۆ دەیزانیت چییە!

**گودهیلد:**

من هەمووی دەزانم. من دەزانم کە پوورت هاتووە تۆم لێ بسەنێ.

**ئەرهارت:**

پوورە ئێلە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، ئەرهارت، پێش هەموو شتێک کەمێک گوێم لێ بگرە!

**گودهیلد:**

(بە بەردەوامبوونەوە). پوورت دەیەوێ من واز لە تۆ بهێنم بۆ ئەو. ئەو دەیەوێ بچێتە جێگەی دایکت، ئەرهارت! دەیەوێ کە تۆ لەمەودوا کوڕی من نەبیت و ببیتە کوڕی ئەو. دەیەوێ لە دوای مردنی خۆی، تۆ ببیتە میراتگری هەموو سەروەت و سامانەکەی. واز لە ناوی خۆت بهێنیت و لە باتی ناوی خۆت، بەناوی ئەوەوە بیت!

**ئەرهارت:**

پوورە ئێلە، ئەمە ڕاستە؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، ڕاستە.

**ئەرهارت:**

یەک وشەم لەوبارەیەوە هەتا ئێستا نەدەزانی. تۆ دووبارە منت بۆ چییە لەلای خۆت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

لەبەرئەوەی وا هەست دەکەم کە لێرە تۆم لەدەست دەچێت.

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییـیـەوە). بەهۆی منەوە ئەوت لەدەست دەچێ،– بەڵێ! ئێ ئەوە مایەی شانازییە، وایە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە لێ پاڕانەوەوە). ئەرهارت، من بەرگـەی ئەوە ناگـرم تۆم لەدەست بچـیت. لەبەرئەوە تۆ دەبێ بزانیت کە من ئینسـانێکی تەنیا و،– لەسەر مردنم.

**ئەرهارت:**

لەسەر مردنی؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، لەسـەر مـردن. دەتەوێت تا کۆتـایی لەلای من بمێنیتـەوە ؟ تەواو خۆت بەمنەوە گرێدەیت؟ بـۆ من وەکو منداڵی خۆم وابیت–

**گودهیلد:**

(بە قسـەپێبڕینەوە). – وە پشت بکەیتە دایکت و ئەو ئەرکەشی کە لە ژیاندا لەسەر شانتە؟ ئەرهارت، ئەوەت دەوێت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئەرهارت، من مەحکومم بە مردن، وەڵامم بدەرەوە.

**ئەرهارت:**

(بەحەماس و هەست بزواندنەوە). پوورە ئێلە،– تۆ بۆ من هێندە باشبوویت کە لە باسکردن نایەت. لەلای تۆ من بەبێ هەموو ئەو



خـەمی هەسـتی بەختـەوەرییـەی، کە مـن لەو باوەڕەدام لە ژیانی هـەندێک منداڵدا هـەیە، گەورە بووم –

**گودهیلد:**

ئەرهـارت، ئەرهـارت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، چ نیعمەتێکە کە هێشتا تۆ ئەوەت لەبیرە!

**ئەرهارت:**

– بەڵام من ناتوانم ئێستـا خۆم بۆ تـۆ بکەمە قـوربانی. مـەحاڵە بتوانم بەتەواوی بچمە ژێر باری ئەوەی کە ببمە کوڕی تۆ –

**گودهیلد:**

(بە شـانازی سـەرکەوتنەوە). ئەهـا، من تەواو لەوە دڵنیا بووم! تۆ ناتـوانیت ئەو بەری بـۆ خـۆت! ئێلە، ناتوانیت ئەو بکەی بـەهی خۆت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە دڵشکاوییـەوە). دەزانم. تۆ سـەرکەوتووبوویت لەوەدا کە ئەو بۆ لای خۆت بگەڕێنیتەوە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، بەڵێ،– ئەو هـی خـۆمـە، وە هـی خـۆم دەبێت! وا نیـیـە، ئەرهارت،– تۆ– هـێشـتـا ئێمـە، ئێمـە هـەردووکـمـان مـاوەیەک ڕێگەمان ماوە پێکەوە بیبڕین.

**ئەرهارت:**

(بە پێ بەجـەرگی خـۆدا نانەوە). دایکە،– با ڕێک و ڕاست پێت بڵێم –

**گودهیلد:**

(بە تاسەوە). ئێ؟

**ئەرهارت:**

دایکە، من هەر ماوەیەکی کورت لەگەڵتدا دەبم.

**گودهیلد:**

(بە سەرکەوتنەوە). مەبەستت چییە؟

**ئەرهارت:**

(خۆی گورج دەکاتەوە). خوای گەورە، دایکە،– من گەنجم! پێم وایە کە هەوای ناو هۆڵەکەی ئێرە لە کۆتاییدا تەواو دەمخنکێنێت.

**گودهیلد:**

لێرە – لەلای من!

**ئەرهارت:**

بەڵێ، دایکە، لێرە لەلای تۆ!

**ئێلە رێنتهایم:**

کەواتە ئەرهارت، لەگەڵ مندا وەرە!

**ئەرهارت:**

ئۆ، پوورە ئێلە، لەلای تۆش بە موو فەرقی نییە. لەوێ بە جۆرێکی ترە. بۆ من باشتر نییە. ئەگەرچی ئەوێ بە گوڵ و خونچە ڕازێنراوەتەوە، بەڵام هەوای هۆڵەکەی ئەوێش، وەکو هەوای هۆڵەکەی ئێرەیە!

**گودهیلد:**

(پەشۆکاوانە، بەڵام هەوڵ دەدا دان بەخۆیدا بگرێ). هەوای



هۆڵەکەی دایکت دەڵێیت!

**ئەرهارت:**

(بەرە بەرە بە تەحەمول نەمانەوە). بەڵێ، نازانم چی ناو بنێم. ئەم هەموو بە پەرۆشەوەبوونە نەخۆشە و – وە ئەم هەموو کورنوش بۆبردنە – یان نازانم چی پێ دەڵێن. من ئیتر لە تاقەتما نەماوە!

**گودهیلد:**

(قووڵ بە جدییەوە لێی دەڕوانێ). ئەرهارت، بیرت چووەتەوە تۆ ژیانی خۆت بۆچی تەرخان کردووە؟

**ئەرهارت:**

(لەپڕا و بەتووڕەیی). ئۆ، تۆ، باشترە بڵێیت کە تۆ ژیانی منت بۆ چی تەرخان کردووە! تۆ ئیرادەی من بوویت! من هەرگیز بۆم نەبووە هیچم هەبێت! بەڵام من ئیتر ناتوانم ئەم نیرە[٣١] هەڵگرم! من گەنجم! دایکە، ئەوەت بیر نەچێت!

(بە ئەدەب و ڕێزەوە تەماشایەکی بۆرکمان دەکات.) من ناتوانم ژیانی خۆم تەرخانکەم بۆ سزادانەوەی هیچ کەسێکی تر. ئیتر ئەو کەسە هەر کێیەک بێت.

**گودهیلد:**

(بەرەبەرە ترسی لێ دەنیشێ). ئەو کەسە کێیە کە تۆی ئاوها گۆڕیوە، ئەرهارت!

---

(٣١) نییر: نییلی سەرملی گاجووت. پارچە دارێکە دەخرێتە سەر ملی گاجووت بۆ ڕاکێشانی گاسن لە کاتی جووتکردندا.

**ئەرهارت:**

(هەست بریندراربووانە). کێ –؟ ئەوە نابێ خۆم بم کە –؟

**گودهیلد:**

نەخێر، نەخێر، نەخێر! تۆ کەوتوویتەتە ژێر کارێگەری هێزی بێگانەوە. ئیتر تۆ لە ژێر دەسەڵاتی دایکتا نیت. وە لە ژێر دەسەڵاتی دایەنەکەشتا نیت.

**ئەرهارت:**

(وەک ئەوەی کەوتبێتە کێشەیەکی سەختەوە.) دایکە، من لە ژێر دەسەڵاتی خۆمدام! وە لە ژێر ویست و خواستی خۆشم دام!

**بۆرکمان:**

(لە ئەرهارت دەچێتە پێشەوە). سەرەنجام لەوانەیە کاتی من بۆ جارێک هاتبێت.

**ئەرهارت:**

(نامۆ و لەسەرخۆ و بە ئەدەبانەوە). چۆن–؟ مەبەستان لەوە چییە؟

**گودهیلد:**

(بەتەنزەوە). بەڵێ، منیش هەمان پرسیارم هەیە.

**بۆرکمان:**

(لەسەرخۆ بەردەوام دەبێت). گوێ بگرە تۆ، ئەرهارت، – ئەگەر تۆ حەزەکەیت لەگەڵ باوکت بە؟ پیاو لە ڕێی رەفتاری هیچ کەسێکی ترەوە لە ژیاندا ئیعتیبار و سەربەرزی خۆی نادۆزێتەوە. شتێکی لەو شێوەیە تەنیا خەوی بەتاڵە، کە بۆ تۆ



قسەی لەبارەوە کراوە – لێرە لە هەوای ئەم هۆڵەدا. هەتا ئەگەر تۆ بتەوێت ژیانی خۆت لەسەر بنەمای ژیانی تەواوی پیاوچاکان هەموویان پێکەوە بگونجێنیت،– زەرەیەک بۆ من سوودی نابێت.

**ئەرهارت:**

(لەسەرخۆ و بە ڕێزەوە). ئەوەی تۆ دەیڵێیت زۆر ڕاستە.

**بۆرکمان:**

بەڵێ، وایە. وە ئەوەش سوودی نابێ ئەگەر هات و من لە خەم و پەژارەی هەست بە خەتاکردندا خۆم دایە دەست ژاکان و دڵشکاوی. من لە سەرەتاوە هەوڵم داوە یارمەتی خۆم بدەم بەدرێژاییی هەموو ئەم ساڵانە – بە هیوا و خەوبینین. بەڵام ئیتر شتی وا بەکەڵکی من نایەت. وە ئێستا دەمەوێت لە خەوبینینەکانم بێمە دەرەوە.

**ئەرهارت:**

(کەمێک خۆی دەنووشتێنێتەوە). وە چی دەخوازێ – باوکم دەخوازێت چی بکات؟

**بۆرکمان:**

من دەمەوێت، ئیعتیبار بۆ خۆم بگێڕمەوە. دووبارە لە خوارەوە_ دەست پێ بکەمەوە. تەنیا لە ڕێی ئێستا و ئایندەوە مرۆڤ دەتوانێ سزای ڕابردووی بدات. لە ڕێی ئیشکردنەوە،– لە ڕێی بێوچان ئیشکردنەوە لە پێناوی هەموو ئەوەی کە لە کاتی لاوێتیدا وەکو خودی ژیان بۆم هاتنە پێش. وە ئێستا هەزار جار بەرزترە لەچاو ئەوسا. ئەرهارت، – دەتەوێت لەگاڵمدا بیت

و یارمەتیم بدەیت بۆ ئەو ژیانە نوێیە؟

**گودهیلد:**

(بە هەڕەشەکردنەوە دەست بەرز دەکاتەوە). ئەرهارت، شتی وا نەکەیت!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە گەرمییەوە). با، با، بیکە! ئۆ، ئەرهارت، یارمەتی بدە!

**گودهیلد:**

ئەوە بڕیاری تۆیە؟ تۆ، هەی تەنیایی،- بەم زووانە مردوو.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بۆ من گرینگ نییە.

**گودهیلد:**

بەڵێ، هەر ئەو کەسەی کە ئەو لە تۆ دەبات من نەبم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

دروست ئەوەیە، گودهیلد.

**بۆرکمان:**

ئەرهارت، تۆ دەتەوێت یارمەتیم بدەیت؟

**ئەرهارت:**

(بەخەم و پەژارەوە). باوکە،- من ئێستا ئەوە ناتوانم. ئەوە زۆر شتێکی مەحاڵە!

**بۆرکمان:**

بەڵام تۆ دواجار بە تەمای چیت؟



**ئەرهارت:**

(بە تینەوە). من گەنجم! منیش دەمەوێت جارێک ژیان بکەم! دەمەوێت ژیانی خۆم بژیم!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ناتەوێت تەنیا ماوەی دوو مانگی کورت بکەیتە قوربانی لە پێناوی هەڵکردنی ڕووناکی لە ژیانی مرۆڤێکی هەژاری، کوژاوەدا؟

**ئەرهارت:**

پووریێ، ناتوانم ئەوە بکەم ئەگەرچی زۆر بەخۆشحاڵییەوە حەزم دەکرد بمتوانییایە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ناتوانیت لە پێناوی یەکێکدا ئەوە بکەیت کە ئەمەندە تۆی خۆشدەوێت لە باسکردن نایەت؟

**ئەرهارت:**

پوورە ئێلە، چۆن دەزانم من لە ژیاندام،- ئاواش دەزانم کە من ئەوە ناتوانم.

**گودهیلد:**

(بە گرژی و مۆنییەوە سەیری کوڕەکەی دەکات). وە ئێستا دایکیشت ناتوانێ ئیتر گلت بداتەوە؟

**ئەرهارت:**

دایکە، من هەمیشە خۆشم دەوێیت. بەڵام ناتوانم بە تەنیا بۆ تۆ بژیم. چونکە لێرە ئەمە، ژیان نییە بۆ من.

**بۆرکمان:**

کەواتە وەرە و لەگەڵ مندا بە! چونکە ژیان، ئیشکردنە، ئەرهارت. وەرە، هەردووکمان دەچینە ناو ژیانەوە و پێکەوە ئیش دەکەین!

**ئەرهارت:**

(بە سۆزەوە) بەڵێ، بەڵام من نامەوێت ئێستا ئیش بکەم! چونکە من گەنجم! هەرگیز بەوەم نەزانیبوو لەمەو پێش کە گەنجم. بەڵام ئێستا هەستی پێ دەکەم کە گەنجێتی لە ناخمدا چەند بە تەوژم و گەرمە. نامەوێت ئیش بکەم! من تەنیا دەمەوێ بژیم، بژیم، بژیم!

**گودهیلد:**

(بەهاوارێکی بەرزەوە). ئەرهارت–دەتەوێت لەپێناوی چیدا بژیت!

**ئەرهارت:**

(بە چاوێکی گەشەوە). لە پێناوی بەختەوەرییدا، دایکە!

**گودهیلد:**

وە بە ڕای تۆ لە کوێ بەختەوەری دەدۆزیتەوە؟

**ئەرهارت:**

من دۆزیومەتەوە!

**گودهیلد:**

(دەقریشکێنێ). ئەرهارت–!

(ئەرهارت بەپەلە دەڕوات و دەرگەی هاتنەژوورەوەی هۆڵەکە دەکاتەوە.)



**ئەرهارت:**

(هاوار دەکات). فەنی – ئێستا دەتوانیت بێیتە ژوورەوە!

(ویلتۆن خانم، بە جلی دەرەوە دێتە ناو دەرگەکەوە.)

**گودهیلد:**

(بەدەستبەرزکردنەوە وە). ویلتۆن خانم –!

**ویلتۆن خانم:**

(کەمێک بەترسەوە؛ نیگایەکی پرسیار ئامێزانە ئاراستەی ئەرهارت دەکات). من دەتوانم –؟

**ئەرهارت:**

بەڵێ، تۆ دەتوانیت بێیتە ژوورەوە. من ئێستا هەموو شتێکم پێ وتن.

(ویلتۆن خانم دێتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەکە. ئەرهارت دەرگەکە لە دوایەوە دا دەخات. ویلتۆن خانم بە ڕێزەوە بۆ بۆرکمان دەنوشتێتەوە، بە بێدەنگی سڵاو دەکات.)

(بێدەنگییەکی کەم.)

**ویلتۆن خانم:**

(بەدەنگێکی هێواش، بەڵام توونەدوتۆڵانە). کەواتە قسەکە کرا. وە من دەزانم کە من وەکو ئەو کەسەی بووەتە هۆی بەدبەختییەکی گەورە بۆ ئەم ماڵە لێرەدا وەستاوم.

**گودهیلد:**

(هێواش؛ بێ چاوترووکاندن تەماشای دەکات). ئێوە ئەو دوا پاشماوەیەتان وێران کرد کە من لە پێناویدا دەژیام. (بە

تووڕەییەوە.) بەڵام ئەمە – زۆر مەحاڵە!

**ویلتۆن خانم:**

من چاک تێ دەگەم، بۆرکمان خانم، کە ئەمە دەبێت بۆ ئێوە شتێکی مەحاڵ بێت.

**گودهیلد:**

بەڵێ، ئەوە دەبێت ئێوە بە خۆتانی بڵێن کە ئەوە شتێکی مەحاڵە، وا نییە–؟

**ویلتۆن خانم:**

منیش دەمەوێت بڵێم کە ئەوە شتێکی زۆر نابەجێیە. بەڵام تازە لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجارەیان ئاوهایە.

**گودهیلد:**

(ئاوڕ دەداتەوە). ئەرهارت، ئا ئەمە دوا بڕیاری تۆیە؟

**ئەرهارت:**

ئەمە بەختەوەری منە، دایکە. هەموو ئەو بەختەوەرییە گەورە و خۆشەی ژیان. ناتوانم هیچی ترت پێ بڵێم.

**گودهیلد:**

(ڕوو دەکاتە ویلتۆن خانم؛ دەستەکانی هەڵدەگلۆفێ). ئۆ، ئێوە چەند ئەو کوڕە بەدبەختەی منتان فریو داوە و شێت و شەیداتان کردووە!

**ویلتۆن خانم:**

(بە سەر بەرزکردنەوەیەکی شانازی بەخۆوەکردنەوە). من وام نەکردووە.



**گودهیلد:**

دەڵێن، وامان نەکردووە!

**ویلتۆن خانم:**

نەخێر، من نە شەیدام کردووە و نەفریویشم داوە. ئەرهارت بەرەزامەندی خۆی بەرەوپیرم هاتووە و منیش بەڕازامەندی خۆم لە نیوەی ڕێگەدا پێی گەیشتووم.

**گودهیلد:**

(بە چاوێکی سووکەوە تەماشای دەکات). بەڵێ ئێوە، بەڵێ! من زۆر بەخۆشحاڵییەوە باوەڕ بەوە دەکەم.

**ویلتۆن خانم:**

(بە دانبەخۆداگرتنەوە). بۆرکمان خانم،– لەژیانی مرۆڤدا دەسەڵات گەلێ بوونی هەیە کە پێناچێ ئێوە زۆر لەبارەیانەوە بزانن.

**گودهیلد:**

چ دەسەڵاتگەلێ، ئەگەر بوێرم بپرسم؟

**ویلتۆن خانم:**

ئەو دەسەڵاتگەلەی کە فەرموو لە دوو مرۆڤ دەکات تا ڕاڕەوی ژیانیان پێکەوە گرێ بدەن بێ پسانەوە – وە بێگوێ پێدان.

**گودهیلد:**

(بەزەردەخەنەوە). من پێم وابوو کە ئێوە بێ پسانەوە گرێدراون – بە کەسێکی ترەوە.

**ویلتۆن خانم:**

(کورت). ئەو کەسەی تر بەجێی هێشتم.

**گودهیلد:**

بەڵام وەک دەڵێن، ئەو هێشتا لە ژیاندایە.

**ویلتۆن خانم:**

بۆ من ئەو مردووە.

**ئەرهارت:**

(بە خۆکردن بەناو باسەکەیاندا). بەڵێ، دایکە، بۆ فەنی ئەو مردووە. وە پاشان ئەو کەسەی تر بەهیچ جۆرێک پێوەندیی بە منەوە نییە!

**گودهیلد:**

(بە مۆڕەوە سەیری دەکات). کەواتە تۆش،– ئەو مەسەلەیەی ئەوی تر دەزانیت؟

**ئەرهارت:**

بەڵێ، دایکە، من زۆر چاک، زۆر چاک، هەمووی دەزانم!

**گودهیلد:**

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێیت، پێوەندیی بە منەوە نییە!

**ئەرهارت:**

(بە ڕەتکردنەوەیەکی بێ باکانەوە). من هەر دەتوانم ئەوەت پێ بڵێم ئەمە ئەو بەختەوەرییەیە کە من دەمەوێ! من گەنجم! دەمەوێ بژیم، بژیم، بژیم!

**گودهیلد:**

بەڵێ، تۆ گەنجی، ئەرهارت. زۆر گەنجی بۆ ئەم مەسەلەیە.

**ویلتۆن:**

(جدی و پتەو). بۆرکمان خانم، باوەڕ مەکەن کە من شتێکی ترم



پێ وتبێ زیاتر لەوەی کە تۆ ئێستا وتت. هەموو پێوەندییەکانی ژیانی خۆمم خستووەتە بەردەمی. بەردەوام ئەوەم بیر خستووەتەوە کە من حەوت ساڵ لەو بەتەمەنترم –

**ئەرهارت:**

(بە قسەپێبڕینەوە). ئینجا چییە، فەنی،– من هەر لە سەرەتاوە ئەوەم دەزانی.

**ویلتۆن خانم:**

– بەڵام هیچ شتێک،– هیچ شتێک سوودی نەبوو.

**گودهیلد:**

دوایی؟ سوودی نەبوو؟ بۆچی ئێوە بێ قسەی زیادە دەرتان نەکرد؟ دەرگەی ماڵەکەتان بە ڕوویدا دانەخست؟ وا نییە، ئێوە دەبووایە لە کاتی خۆیدا ئەوەتان بکردایە!

**ویلتۆن خانم:**

(سەیری دەکا و بەهێواشی). بەڕاستی، بۆرکمان خانم، نەمتوانی ئەوە بکەم.

**گودهیلد:**

بۆچی نەتانتوانی ئەوە بکەن؟

**ویلتۆن خانم:**

لەبەرئەوەی ئەمە بۆ منیش تەنیا بەختەوەریم بوو.

**گودهیلد:**

(بە سووکایەتی پێکردنەوە). همم،– بەختەوەری، بەختەوەری –

**ویلتۆن خانم:**

من هەرگیز لەمەوبەر لە ژیانمدا نەمزانیوە بەختەوەری چییە. وە مەحاڵە ئێستا_ بتوانم واز لە بەختەوەری بهێنم هەر لەبەرئەوەی درەنگ بەرەو پیرم هاتووە.

**گودهیلد:**

وە بە باوەڕی ئێوە ئەو بەختەوەرییە چەند بەردەوام دەبێ؟

**ئەرهارت:**

(بە قسە پێبڕینەوە). دایکە، کەم یان زۆر،– هەر هەمان شتە!

**گودهیلد:**

(بە تووڕەیییەوە). مرۆڤی کوێرای داهاتووی، وەک تۆ! نابینیت ئەمە هەمووی بەرەو کوێ دەچێ؟

**ئەرهارت:**

من گوێ نادەم بەوەی لە ئێستادا سەیری پێشەوە بکەم. نامەوێ تەماشای هیچ لایەک بکەم! من هەر دەمەوێ بۆم هەبێ جارێک، منیش ژیان بژیم!

**گودهیلد:**

(بە ئازارەوە). وە تۆ ئەمە ناو دەنێیت ژیان، ئەرهارت!

**ئەرهارت:**

بەڵێ، تۆ نابینیت چەند جوانە!

**گودهیلد:**

(دەستەکانی لەیەک دەئاڵێنێ). کەواتە من دەبێ ئەم شەرمە تێکوپێکدەرەش بارکەم!



**بۆرکمان:**

(لە دواوە، ڕەق و تیژ). هۆ،– تۆ فێری ئەو جۆرە بارانە بارکەیت، تۆ، گودهیلد!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە لێ پاڕانەوەوە). بۆرکمان–!

**ئەرهارت:**

(هەمان شت). باوکە–!

**گودهیلد:**

من لێرەدا دەبێ هەمموو ڕۆژێ بێم و کوڕەکەی خۆم بەبەر چاومەوە ببینم لەگەڵ یەک – یەک –

**ئەرهارت:**

(توووند بەقسە پێ بڕینەوە). دایکە، تۆ هیچ شتێک نابینیت! تۆ، لەوە دڵنیا بە! من ئیتر لێرە نامێنمەوە.

**ویلتۆن خانم:**

(خێرا و دڵنیا). ئێمە سەفەر دەکەین، ئێمە، بۆرکمان خانم.

**گودهیلد:**

(زەردهەڵدەگەڕێ). ئێوەش سەفەر دەکەن! پێکەوە؟

**ویلتۆن خانم:**

(سەر دەلەقێنێ). من سەفەر دەکەم بۆ باشوور، بەڵێ. بۆ دەرەوەی وڵات. لەگەڵ کچێکی گەنجدا. وە ئەرهارتیش لەگەڵمان دێ.

**گودهیلد:**

لەگەڵ ئێوە و – کچێکی گەنجدا؟

**ویڵتۆن خانم:**

بەڵێ. لەگەڵ فریدا فۆڵداڵ ـ ی بچکۆلەدا، کە من هێناومەتە ماڵەکەی خۆمەوە. دەمەوێ فریدا بڕواتە دەرەوە و زیاتر فێری مۆسیقا بێ.

**گودهیلد:**

ئەویش لەگەڵ خۆتان دەبەن؟

**ویڵتۆن خانم:**

بەڵێ، ناتوانم ئەو منداڵە بە تەنیا لێرە بەرەڵاکەم.

**گودهیلد:**

(پێکەنینی دێ و بەڵام خۆی دەگرێ). تۆ بەرامبەر بەمە دەڵێیت چی، ئەرهارت؟

**ئەرهارت:**

(کەمێک لە ڕوودا داماوە، شانەکانی هەڵدەتەکێنێ). ئا، دایکە،– کاتێک فەنی ئەوە بخوازێ، ئیتر –

**گودهیلد:**

(بەساردییەوە). کەی سەروەتمەندان سەفەر دەکەن، ئەگەر بوێرم بپرسم؟

**ویڵتۆن خانم:**

ئێمە هەر ئێستا ئەمشەو، سەفەر دەکەین. پایتۆنە سکیدارەکەم لە خوارەوە لەسەر ڕێگەکە، – لەبەر ماڵی



هینکێلدا وەستاوە.

**گودهیلد:**

(بە چاوێکی سووکەوە سەیری دەکات). ئەها، لەبەرئەوە ئەمشەو لەوێ ئاهەنگ گێڕانبوو!

**ویڵتۆن خانم:**

(زەردەخەنە دەیگرێ). بەڵێ، کەسی تر نەهات زیاتر لە ئەرهارت و من و فریدای بچکۆلە. شتێکی ئاشکرایە.

**گودهیلد:**

ئێستا فریدای بچکۆلە لە کوێیە؟

**ویڵتۆن خانم:**

لە پایتۆنەکەدا دانیشتووە و چاوەڕێی ئێمەیە.

**ئەرهارت:**

(بە لە ڕوودا دامانێکی ناخۆشەوە). دایکە،– تۆ دەبێت لەوە تێ بگەیت –؟ من دەمەویست تۆ لە ناخۆشی بپارێزم – وە هەمووتان لێرە ئا لەمە.

**گودهیلد:**

(قووڵ بە چاوێکی هەست بریندارکردنانەوە تەماشای دەکات). تۆ دەتدویست سەفەر بکەیت و لێم دوورکەویتەوە بەبێ ئەوەی خواحافیزبوونیم لێ بکەیت؟

**ئەرهارت:**

بەڵێ، من پێم وابوو وا باشترە. باشترە بۆ هەردوو لایەکمان. هەموو شتەکان کۆکرابوونەوە و ئامادە کرابوون. جلەکان

خرابوونە جانتاوە. بەڵام پەیغام هات کە نێردرابوو بە دوامدا، ئیتر-. (دەیەوێ دەستی تەوقەی بۆ درێژ بکا.) خوات لەگەڵ، دایکە.

**گودهیلد:**

(بە دەست ڕاوەشانەوە، دوور دەکەوێتەوە). دەستم تێوە نەیەییت!

**ئەرهارت:**

(بە میهرەبانییەوە). ئەوە دوا قسەتە؟

**گودهیلد:**

(بە تووڕەیییەوە). بەڵێ.

**ئەرهارت:**

(ڕوو وەردەگێڕێ). پوورە ئێلە، خوات لەگەڵ.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەستەکانی دەگوشێ). خوات لەگەڵ، ئەرهارت! وە ژیانی خۆت بژی،- وە هێند بەختەوەر بە، هێند بەختەوەر بە - هەتا دەتوانیت!

**ئەرهارت:**

سوپاس، پوورێ. (بۆ بۆرکمان دەنوشتێتەوە.) باوکە، خوات لەگەڵ. (بەگوێی ویلتۆن خانمدا دەچرپێنێ.) با ئێرە بە جێ بهێڵین، هەتا زووتر باشتر.

**ویلتۆن خانم:**

(بە هێواشی). بەڵێ، بابڕۆین.



**گودهیلد:**

(بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ماناوە). ویلتۆن خانم،- ئێوە لەو باوەڕەدان کە ئێوە بەڕاستی کارێکی زیرەکانە دەکەن لەوەدا کە ئەو کچە گەنجە لەگەڵ خۆتان دەبەن؟

**ویلتۆن خانم:**

(بە زەردەخەنەیەکی تۆڵەکەرانەوە، کە نیوەی بە تەنزە و، نیوەشی بە جدی). پیاوان زۆر ناجێگیرن، بۆرکمان خانم. وە ژنانیش هەمان شت. کەی ئەرهارت لەگەڵ من تەواو بوو،- وە کەی من لەگەڵ ئەو تەواو بووم،- ئەوە شتێکی باشە بۆ هەردووکمان کە ئەو، فەقیرە، شتێکی هەبێ بگەڕێتەوە بۆی.

**گودهیلد:**

بەڵام ئەی ئێوە خۆتان؟

**ویلتۆن خانم:**

ئۆ، من خۆم دەسازێنم، بابزانن. خواتان لەگەڵ! (ئەو سڵاو دەکا و وە لە دەرگەی هۆڵەکەوە دەچێتە دەرەوە. ئەرهارت کەمێک دەوەستێ وەکو دوودڵ بێ؛ ئینجا ئاوڕ دەداتەوە و دوای ویلتۆن خانم دەکەوێ.)

**گودهیلد:**

(دەستەکانی شۆڕ بوونەتەوە بۆ خوارەوە). وەجاخکوێر.

**بۆرکمان:**

(وەکو گەیشتبێتە بڕیارێک). کەواتە بەتەنیا بڕۆ دەرەوە بۆ ناو بەفر و ڕەهێڵە! شەپقەکەم! پاڵتۆکەم!

(بەخێرایی بەرەو دەرگەکە دەڕوات.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە ترسەوە؛ ڕای دەوەستێنێت). یۆن گابریێل، بۆ کوێ دەچیت؟

**بۆرکمان:**

دەچمە دەرەوە بۆ ناو ڕەهێڵەی ژیان، گوێت لێیە. وازم لێ بێنە، ئێلە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(تووند دەیگرێ). نەخێر، نەخێر، من وازت لێ ناهێنم بچیتە دەرێ! تۆ نە خۆشی. من دەبینم پێتەوە دیارە نەخۆشی!

**بۆرکمان:**

دەڵێم، لێم گەڕێ با بڕۆم! (ئەو خۆی لەدەستی ڕادەپسکێنێ و لە دەرگەی هۆڵەکەوە دەچێتە دەرەوە.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(لە ناو دەرگەکەوە). گودهیلد، یارمەتیم بە با نەهێڵێن بڕوا!

**گودهیلد:**

(سارد و تووڕە؛ لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستاوە). لە تەواوی دنیادا هەقی هیچ ئینسانێکم نییە. لێیان گەڕێ با هەموویان بەجێم بهێڵن. چ ئەم یان و چ ئەویان! دوور،– هێندە دوور تا خۆیان دەیانەوێ. (لەپڕدا، بە هاوارێکی جەرگبڕانەوە.) ئەرهارت، مەڕۆ! (بەدەستی بۆ لەئامێزگرتن کراوەوە بەرەو دەرگەکە ڕادەکات. ئێلە ڕێنتهایم دەیگرێ.)



## بەشی چوارەم

(حەساری پێش خانووەکە، کە دەکەوێتە لای ڕاستەوە. گۆشەیەک لە لای دەرگەی چوونە ژوورەوە وە و پلیکانەیەکی بەردینی پان لە بەردەمیدا. بەدرێژاییی پشتەوەی نزیک کێڵگەکە، زنجیرە گردی سەرەولێژی بە دارچنار شین بوو ڕاکشاون. بەفربارین وەستاوە؛ بەڵام زەوی بەو بەفرە تازە باریوە داپۆشراوە و بەفر تاسەر ئەژنۆ بەرزبووەتەوە. دارچنارەکان، بە کەڵکەبوونی بەفر لەسەریان، نوشتاونەتەوە و قورس بوون.

شەوێکی هەوا ساردی تاریکە. هەورەکان دێن و دەچن. مانگ جاروبار لاواز دەدرەوشێتەوە. ڕووناکییەکی سست بەهۆی بەفرەکەوە دەورەبەری تەنیوە.)

(بۆرکمان، گودهیلد و ئێلە ڕێنتهایم لە دەرەوە لەسەر پلیکانەکە وەستاون. بۆرکمان هیلاک و ماندوو پاڵی داوە بە دیواری خانووەکەوە. پاڵتۆیەکی بێقۆڵی کۆنی داوە بەسەر شانەکانیدا، شەپقەیەکی درێژکۆڵەی نەرمی خۆڵەمێشی بە دەستێکییەوە و دارگۆچانێکی گرێگرێش بە دەستەکەی تریەوە. ئێلە ڕێنتهایم پاڵتۆکەی داوە بەسەردەستیدا. شاڵە گەورەکەی سەرسەری گودهیلد کەوتووەتە خوارەوە بۆ سەر شانەکانی و، قژی دانەپۆشراوی دیارە.)

**ئێله ڕێنتهایم:**

(ڕێگەی لە گودهیلد گرتووە). گودهیلد، بەدوایدا مەڕۆ!

**گودهیلد:**

(بەترس و تووڕەیییەوە). بەرمدە با بڕۆم! ئەو نابێت بەجێم بهێڵێ!

**ئێله ڕێنتهایم:**

من پێت دەڵێم، زۆر بێ سوودە! تۆ پێی ناگەیتەوە.

**گودهیلد:**

قەیناکە، لێم گەڕێ بابڕۆم، ئێلە! من بەدەنگی بەرز لە ڕێگەکەی خوارەوە هاواری لێ دەکەم. وە ئەو دەبێ گوێی لە قیژەی دایکی خۆی بێ!

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئەو گوێی لێت نابێت. بێگومان ئێستا لەناو پایتۆنەکەدا دانیشتووە–

**گودهیلد:**

نەخێر، نەخێر، ئەو هێشتا لە پایتۆنەکەدا دانەنیشتووە!

**ئێله ڕێنتهایم:**

باوەڕم پێ بکە، دەمێکە ئەو لە پایتۆنەکەدا دانیشتووە.

**گودهیلد:**

(لە بێ ئومێدیدا). لە پایتۆنەکەدا دانیشتووە،– کەواتە لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ ئەودا، ئەودا – دانیشتووە!

**بۆرکمان:**

(بەپێکەنینێکی تۆقێنەرانەوە). کەواتە گوێی لەهاواری دایکی نابێ.



**گودهیلد:**

نەخێر،– گوێی لێ نابێ. (گوێ دەگرێ.) هش! ئەوە چییە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

(ئەویش گوێ دەگرێ). وەکو دەنگی زەنگۆڵەبێ وایە –

**گودهیلد:**

(بە هاوارێکی هێواشەوە). ئەوە پایتۆنەکەی ئەو خانمەیە!

**ئێله ڕێنتهایم:**

یان لەوانەیە هی یەکێکی تر بێت –

**گودهیلد:**

نەخێر، نەخێر، ئەوە پایتۆنەکەی ویلتۆن خانمە! من دەنگی زەنگۆڵە زیوییەکانی دەناسمەوە! گوێ بگرە! ئێستا لە گردەکەوە بەرەوخوار– بەبەر ئێرەدا تێ دەپەڕن!

**ئێله ڕێنتهایم:**

(خێرا). گودهیلد، ئەگەر دەتەوێت هاوار بکەیت بە دوای دا، ئیستا هاواری لێ بکە! لەوانەیە ئەو–!

(لە نزیکەوە دەنگی زەنگۆڵە دێ، لە دارستانەکەوە.)

**ئێله ڕێنتهایم:**

گودهیلد، خێراکە! ئەوان ئێستا لە خوار ئێمەوەن!

**گودهیلد:**

(ساتێک بێ قەرار ڕادەوەستێ؛ پاشان ڕەپ ڕادەوەستێ، تووڕە و سارد). نەخێر. هاواری لێ ناکەم. لێگەڕێ با ئەرهارت بۆرکمان بە جێم بهێڵێ، دوور، دوور بۆ ئەو شوێنەی ئەو ناوی

دەنێ ژیان و بەختەوەری.

(دەنگەکە لە دووربوونەوەدا ون دەبێ.)

**ئێلە رێنتهایم:**

(پاش کەمێک). ئێستا ئیتر دەنگی زەنگۆڵەکان نایەنە گوێ.

**گودهیلد:**

پێم وایە وەک زەنگی مردوو[٣٢] دەهاتنە بەرگوێ.

**بۆرکمان:**

(بە پێکەنینێکی وشک و، لەسەرخۆوە). ئەها،– هێشتا زەنگ بۆ من لێ نەدراوە!

**گودهیلد:**

بەڵام بۆ من. وە بۆ ئەوەی کە منی بەجێ هێشت.

**ئێلە رێنتهایم:**

(بە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە سەر دەلەقێنێ). گودهیلد، کێ دەڵێ ئەوە زرینگەی زەنگی ژیان و بەختەوەریی ئەو نییە.

**گودهیلد:**

(دەڕواتە سەرەوە؛ بە تووڕەییەوە سەیری دەکات). دەڵێیت، ژیان و بەختەوەریی!

**ئێلە رێنتهایم:**

بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەکی کورت

(٣٢) وەک نەریتێک لە کاتی گوێزانەوەی مردوودا لە کەنیسەوە بۆ بەخاکسپاردنی، لە کەنیسەکەوە زەنگ لێ دەدرێ.



**گودهیلد:**

تۆ ژیان و بەختەوەری بەو ڕەوا دەبینیت،– لەگەڵ ئەو خانمەدا؟

**ئێلە رێنتهایم:**

(گەرم و لە ناخەوە). بەڵێ، لە هەموو ڕوحمەوە، ئەوەی پێ ڕەوا دەبینم!

**گودهیلد:**

(بەساردییەوە). کەواتە تۆ دەبێ لە توانای خۆشەویستیدا لە من، دەوڵەمەنتربیت.

**ئێلە رێنتهایم:**

(دوور سەیری بەردەمی خۆی دەکات). لەوانەیە ئەوەی کە ئەو توانایە وا بەرز ڕادەگرێ تاسەی خۆشەویستی بێ.

**گودهیلد:**

(چاوەکانی تێ دەبڕێ). ئەگەر ئاوها بێ،– ئەوا بێگومان منیش بەمزوانە هەر وەکو تۆ دەوڵەمەند دەبم، ئێلە. (پشت دەکاتەوە و دەچێتە ناو ماڵەکەوە.)

**ئێلە رێنتهایم:**

(کەمێک دەوستێ و بە نیگەرانییەوە تەماشای بۆرکمان دەکا؛ پاشان لەسەرخۆ دەست دەخاتە سەر شانی). یۆن، تۆش وەرە بچۆرە ژوورەوە.

**بۆرکمان:**

(هەروەکو خەبەری بووبێتەوە). من؟

**ئێلە رێنتهایم:**

بەڵێ. تۆ بەرگەی ئەم هەوای زستانە ساردە ناگریت. پێتەوە

دیارە و دەیبینم، یۆن. وەرە لەگەڵما با بڕۆینە ژوورەوە. بڕۆینە ژێر سەقفێک، کە گەرم بێت.

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەییەوە). دووبارە بۆ هۆڵەکەی سەرەوە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

زیاتر حەز دەکەم بچیتە ژوورەوە بۆ هۆڵەکەی ئەو.

**بۆرکمان:**

(خێرا و چالاک دەکەوێتە جوڵاندنەوە). من هەرگیز جارێکی تر لە ژیانمدا پێ نانێمەوە ژێر ئەو سەقفە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام بۆ کوێ دەچیت؟ بەم درەنگانە، بەم کاتی شەوە، یۆن؟

**بۆرکمان:**

(شەپقەکەی دەکاتە سەری). لە پێش هەموو شتێکەوە دەمەوێ بچمە دەرەوە و سەیری هەموو گەنجینە شاراوەکەم بکەم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە ترسەوە سەیری دەکا). یۆن،– من لە تۆ تێ ناگەم!

**بۆرکمان:**

(بە قاقای پێکەنین و کۆکەکۆکەوە). ئۆ، مەبەستم شتی دزراوی شاردراوە نییە. لەوە مەترسە، ئێلە. (دەوەستێ و پەنجەی ڕادەکێشێ.) تۆ، سەیری ئەوە کە!_ ئەوە کێیە؟

(ویلهێلم فۆڵداڵ، لە پاڵتۆیەکی ئێخەگەورەی، کۆنی بەفراویدا، شەپقەکەی سەری داکەندووە و چەترێکی گەورەی بە دەستەوەیە



و بەزەحمەت و ئازارەوە بە ناو بەفرەکەدا دەگاتە سەرسوچی ماڵەکە و بەسەر قاچی چەپیدا زۆر دەشەلێ.)

**بۆرکمان:**

ویلهێلم! دیسان چیت دەوێ لێرە – لە من؟

**فۆڵداڵ:**

(سەر بەرز دەکاتەوە). شکور بۆ خوا،– یۆن گابریێل، لەسەر پلیکانەکەی بەر ماڵەوە وەستاویت؟ (سڵاو دەکات.) وە خانمیش، هەمانشت، دەبینم!

**بۆرکمان:**

(بەکورتی). ئەوە خانم نییە.

**فۆڵداڵ:**

ئۆ، داوای لێبوردن دەکەم. بەڕاستی چاویلکەکەمم لە بەفرەکەدا بزر کرد. – بەڵام تۆ، کە هەرگیز لە دەرگە ناچیتە دەرەوە –؟

**بۆرکمان:**

(بەبێ گوێپێدانەوە، بەشەوقەوە). کاتی ئەوە هاتووە من دووبارە وەک مرۆڤ بێمەوە هەوای ئازاد، تێ دەگەیت. نزیکەی سێ ساڵ لە زیندان و؛ پێنج ساڵ لە ژووری زیندانی تەنیایی و؛ و هەشت ساڵیش لێرە لە هۆڵەکەی سەرەوەدا –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(نیگەرانە). بۆرکمان،– داوات لێ دەکەم –!

**فۆڵداڵ:**

ئاخ بەڵێ، بەڵێ،بەڵێ –

**بۆرکمان:**

بەڵام دەپرسم تۆ منت بۆ چییە ؟

**فۆڵداڵ:**

(هێشتا لە خوار پلیکانەکەوە وەستاوە). یۆن گابریێڵ، من دەمویست بێمە سەرەوە بۆ لات. لەو باوەڕەدا بووم کە دەبێ بێمە سەرەوە بۆ هۆڵەکە. خوایەگیان،– لەو هۆڵە!

**بۆرکمان:**

دەتویست بێیتە سەرەوە بۆ لام بۆ ئەو شوێنەی کە دەرم کردیت لێی؟

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ ناوی خوای لێ بێنە قەیناکە.

**بۆرکمان:**

پێت چییەتی؟ دەڕۆیت و دەشەلیت.

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، هەقتە بپرسیت،– بووم بەژێرەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بوویت بە ژێرەوە!

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، پایتۆنێکی سکیدار لێی دام –

**بۆرکمان:**

ئۆه–!

**فۆڵداڵ:**

– دوو ئەسپی. بە هەڵەداوان بە لێژگاییەکەدا دەهاتە خوارەوە.





فریانەکەوتم  لە ڕێگەکە خۆم لادەم ؛ ئیتر –

**بۆرکمان:**

ئیتر کردیانی بەژێرەوە؟

**فۆڵداڵ:**

خەریکبوو بمکەن بە ژێرەوە، خانم – یان خاتوون. خەریکبوو بمکەن بە ژێرەوە، ئیتر من لە بەفرەکەدا تلمخوارد و وە چاویلکەکەم بزر کرد و چەترەکەم شکا؛ (چاوی هەڵدەگلۆفێ.) وە پێشم کەمێک برینداربوو.

**بۆرکمان:**

(لەژێرەوە پێ دەکەنێ). دەزانیت کێ لەو پایتۆنەدا بوو، ویلهێلم؟

**فۆڵداڵ:**

نەخێر، چۆن بزانم؟ پایتۆنێکی داخراو بوو. وە پەردەکانیشی دادرابوونە وە  پایتۆنچییەکەش ساتێک نەوەستا کە من لەو بەفرەدا گەوزابووم. بەڵام بووەستایە چی دەبوو و هەروەکو ئێستا دەبوو، چونکە (بە شەوقەوە.) ئۆ، زۆر عەجیب دڵم خۆشە!

**بۆرکمان:**

دڵت خۆشە؟

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، بەڕاستی نازانم چی ناوبنێم. بەڵام لەو باوەڕەدام دەبێ ناوی بنێم شتێک نزیک لە دڵخۆشییەوە. چونکە شتێکی زۆر سەیر ڕووی داوە! وە هەر لەبەرئەوە نەمتوانی هیچی تر بکەم – یۆن گابریێل، جگە لەوەی بێم بۆ ئێرە و ئەو خۆشییەت لەگەڵدا بەش بکەم.

**بۆرکمان:**

(جەسورانە) ئێ، کەواتە فەرموو ئەو خۆشییە بەش بکە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، بەڵام پێش هەموو شتێ بۆرکمان، هاوڕێکەت بەرە ژوورەوە لەگەڵ خۆت.

**بۆرکمان:**

(بە تووڕەییەوە). من وتم، نامەوێ بچمە ئەو ماڵەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام تۆ گوێت لێیە کە ئەو پایتۆن لێی داوە!

**بۆرکمان:**

ئۆ، ئێمە لە ژیاندا جارێک هەمووومان – دەبین بە ژێرەوە. بەڵام مرۆڤ دەبێ دووبارە هەڵسێتەوە. وە گوێی نەداتێ.

**فۆڵدال:**

ئەوە قسەیەکی قووڵ و بەبیر و ئەندێشە بوو، یۆن گابریێل. بەڵام من زۆر چاک دەتوانم بە خێرایی لێرەدا پێت بڵێم.

**بۆرکمان:**

(نەرمترانە). بەڵێ، ئەو خزمەتەم بکە، ویلهێلم.

**فۆڵدال:**

بەڵێ، تۆ تەنیا گوێ بگرە! بزانە، – ئەم ئێوارەیە کە لەلای تۆ گەرامەوە بۆ ماڵەوە، – نامەیەکم دۆزییەوە.– بزانم دەتوانیت هەڵی بێنیت لە کێوە؟

**بۆرکمان:**

لەوانەیە لە فریدا بچکۆلەکەتەوە بووبێ؟



**فۆڵدال:**

خۆیەتی! بزانە کە تۆ یەکسەر زانیت! بەڵێ، نامەیەکی درێژ – زۆر درێژ لە فریداوە. خزمەتکارێک هێنابووی. وە بزانە بە بیرتا دێت فریدا لەبارەی چییەوەی نووسیبوو؟

**بۆرکمان:**

لەوانەیە ویستبێتی خواحافیزی لە دایک و باوکی بکات.

**فۆڵدال:**

دروست خۆیەتی! زۆر سەیرە یۆن گابریێل، تۆ چاک بۆی چوویت! ئێ، فریدا نووسیویەتی کە ویلتۆن خانم بڕیارێکی گەورە و گرینگی بۆ داوە. وە خانم دەیەوێ لەگەڵ خۆی بیبات بۆ دەرەوەی وڵات. بۆ ئەوەی زیاتر لەبارەی مۆسیقاوە فێربێ، فریدا وای نووسیوە. وە هەروەها ویلتۆن خانم مشوری مامۆستایەکی چاکیشی خواردووە، لەگەشتەکە_دا لەگەڵیان بێ. وە یارمەتی فریدا بدات! چونکە، بەداخەوە، فریدا لە چەند وانەیکدا پشتگوێ خرابوو، دەزانیت.

**بۆرکمان:**

(لە ژێرەوە پێ دەکەنێ، ئینجا دەداتە قاقای پێکەنین). باشە، باشە، من هەمووی زۆر چاک دەزانم، ویلهێلم.

**فۆڵدال:**

(بە گەرمییەوە بەردەوام دەبێ). وە بزانە، فریدا ئێستا ئەم ئێوارەیە بۆ یەکەم جار بەو سەفەرەی زانیوە. ئەوەش لەو ئاهەنگەدا کە تۆ دەیزانیت، همم! وە بەو حاڵەشەوە فریدا

کاتێکی بۆ نووسینی ئەو نامەیە دۆزیوەتەوە. وە گرەنتی ئەوت پێ دەدەم، کە فریدا نامەکەی چەند گەرم و جوان و چەند لە دڵەوە نووسیوە. کە هیچ شوین پێیەکی ڕق و کینەی بەرامبەر بە باوکی تێدا نییە. ئینجا بەو شێوە جوانەی کە ئەو پێش سەفەرکردنی دەیەوێ بەنووسین خواحافیزیمان لێ بکات. (دەست دەکا بە پێکەنین.) بەڵام نابێ!

**بۆرکمان:**

(بە پرسیارکردنەوە تەماشای دەکات). چۆن نابێ؟

**فۆڵداڵ:**

نووسیویەتی کە بەیانی زوو سەفەر دەکەن. زۆر زوو.

**بۆرکمان:**

ئاوا– بەیانی؟ وای نووسیوە؟

**فۆڵداڵ:**

(پێ دەکەنێ و دەستەکانی لە یەکتری دەخشێنێ). بەڵێ، بەڵام من فێڵبازم، من، دەبینیت! ئێستا دەچم بۆ ماڵی ویڵتۆن خانم –

**بۆرکمان:**

ئێستا ئەم ئێوارەیە؟

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ، بۆنا، هێشتا زۆر درەنگ نییە. وە ئەگەر دەرگەشیان داخستبێ، ئەوا لە دەرگە دەدەم. هیچی تر. چونکە من دەمەوێ و من دەبێ فریدا ببینم پێش ئەوەی سەفەر بکات. شەو باش، شەو باش! (دەیەوێ بڕوا.)



**بۆرکمان:**

گوێ بگرە، ویلهێلم ـ ە بەستەزمانەکەم – دەتوانیت ئەو ڕێگە ناخۆشە بۆ خۆت پاشەکەوت بکەیت.

**فۆڵداڵ:**

ئۆ، تۆ بیر لە قاچم دەکەیتەوە –

**بۆرکمان:**

بەڵێ، وە دوای ئەوە ناتوانی بچیتە ژوورەوە لای ویڵتۆن خانم.

**فۆڵداڵ:**

ئینجا منیش، لە بەردەرگەکەدا ڕادەوەستم و لە دەرگە دەدەم و لە زەنگی دەرگەکە دەدەم هەتا یەکێک دێ و دەرگەکە دەکاتەوە. چونکە من دەبێ و دەمەوێ فریدا ببینم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

کچەکەتان سەفەری کرد، جەنابی فۆڵداڵ.

**فۆڵداڵ:**

(بە واقورمانەوە). فریدا سەفەری کرد! ئێوە دڵنیان لەوە؟ ئێوە لە کێ وە ئەوە دەزانن؟

**بۆرکمان:**

ئێمە لە مامۆستاکەی ئایندەیەوە ئەوە دەزانین.

**فۆڵداڵ:**

ئێ؟ مامۆستاکەی کێیە؟

**بۆرکمان:**

مامۆستاکەی قوتابی ئەرهارت بۆرکمانە.

**فۆڵداڵ:**

(بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە). کوڕەکەت، یۆن گابریێل! ئەویش لەگەڵیان سەفەر دەکا؟

**بۆرکمان:**

بەڵێ؛ ئەوە ئەوە کە دەیەوێ یارمەتی ویڵتۆن خانم بدا لە فێرکردنی فریدای بچکۆلەی کچتدا.

**فۆڵداڵ:**

ئێ، سوپاس بۆ خوا! منداڵەکەم لە دەستێکی ئەمیندایە. بەڵام ئایا ئەوەش مسۆگەرە کە ئەرهارت- یش لەگەڵ فریدادا پێکەوە سەفەریان کرد؟

**بۆرکمان:**

ئەویش لەگەڵ فریدا بەو پایتۆنەی کە لە ڕێگە کردیتی بەژێرەوە سەفەریکرد.

**فۆڵداڵ:**

(دەست دەدا بەیەکدا). بیر لەوە بکەرەوە کە فریدا بچکۆلانەکەی من لە ناو ئەو پایتۆنە قەشەنگەدا دانیشتبوو!

**بۆرکمان:**

(سەر دەلەقێنێ). بەڵێ، بەڵێ، ویلهێلم،- کچەکەت چاک گەورە بووە بایی ئەوەی سواری پایتۆن بێ. وە ئەرهارت بۆرکمانی قوتابیش. ئێ، سەرنجی زەنگۆڵە زیوینییەکانی پایتۆنەکەت دا؟

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ بێگومان. - وتت زەنگۆڵەی زیوین؟ ئەوە زەنگۆڵەی زوین بوو، ئێ؟ بە ڕاستی زەنگۆڵەی زیوینی ئەسڵی؟



**بۆرکمان:**

باوەڕکە، هەمووی ئەسڵی بوو. هەم لە دەرەوەی-وە هەم لە ناوەوەی.

**فۆڵداڵ:**

(بەبێ جولانەوە). ئایا ئەوە سەیر نییە، کە چۆن چۆنی بەختەوەری خۆی پێشکێشی مرۆڤێک دەکا! ئەوە - ئەوە ئەو تۆزە بەهرە شاعیرانەیەی منە کە لەلای فریدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە مۆسیقا. وە لەگەڵ ئەوەشدا کەواتە شاعیربوونی من بێهوودە نەبووە. چونکە ئێستا با ئەو سەفەر بکات بۆ ئەو دنیا گەورە و، فراوانەی، کە من جارێک لە جاران زۆر خۆش خەوم بە بینینییەوە دەبینی. با لە پایتۆنی سکیداری داخراوی، تاخم و کەرەسەی زینی ئەسپ زەنگۆڵەداری زیویندا، فریدای بچکۆلە سەفەر کا -

**بۆرکمان:**

- وە باوکی بکات بەژێرەوە -

**فۆڵداڵ:**

(بە خۆشحاڵییەوە). ئینجا چییە! بۆ من گیروگرفت نییە، - تەنیا کاتێک منداڵەکە-. ئێ، کەواتە من بەمشەوە درەنگ گەیشتم. وە هەر بۆیە دەمەوێ بچمەوە بۆ ماڵەوە و دڵنەوایی دایکی بدەمەوە، کە لە موبەقەکە دانیشتووە و دەگریی.

**بۆرکمان:**

دەگریی؟

**فۆڵداڵ:**

(بە کەمێک پێکەنینەوە). بەڵێ، تۆ بیری لێ بکەرەوە،- ئەو

دانیشتبوو بە کوڵ دەگریا کە بەجێم هێشت.

**بۆرکمان:**

وە تۆ پێ دەکەنیت، تۆ، ویلهێلم.

**فۆڵداڵ:**

بەڵێ من، بەڵێ! بەڵام ئەو فەقیرە، وەکو دەزانیت، هەر ئەوەندە تێ دەگات، ئێ، خوات لەگەڵ! باشە من لە پایتۆنە گشتییەکەوە نزیکم. خوات لەگەڵ، یۆن گابرێل! خوات لەگەڵ، خاتوون! (سڵاو دەکا و بەزەحمەتەوە بە هەمان ڕێگەی لێوەی هاتووە دەگەڕێتەوە.)

**بۆرکمان:**

(ماوەیەک بە بێدەنگی ڕادەوەستێ و سەیری بەردەمی خۆی دەکات). خوات لەگەڵ ویلهێلم! هاوڕێی کۆن ئەوە یەکەم جار نییە کە تۆ لە ژیانتدا دەبیت بەژێرەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بەترسێکی شاردراوە وە تەماشای دەکات). تۆ زۆر سپی هەڵگەڕاویت، زۆر، یۆن –

**بۆرکمان:**

ئەوە خەتای هەوای زیندانەکەی سەرەوەیە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من هەرگیز لەمەوبەر بەو شێوەیە نەمدیویت.

**بۆرکمان:**

نەخێر، لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز هەڵهاتنی زندانییەکی سزادراوت لە زیندان نەبینیوە.



**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، وەرە لەگەڵم یۆن، با بچینە ژوورەوە!

**بۆرکمان:**

واز لەو قسە لە خشتەبەرانە بهێنە، من پێم وتیت –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام من ئێستا زۆر بەپەرۆشەوە داوات لێ دەکەم؟ لەبەر خاتری خۆت –

(کچەئیشکەرەکە نیوەی لە دەرگەکەوە دەردەکەوێ لەسەر پلیکانەکە.)

**کچەئیشکەرەکە:**

بە لێبووردنەوە؛ خانم وتی کە ئێستا من دەبێت دەرگەی دەرەوە دابخەم.

**بۆرکمان:**

(بە هێواشی بە ئێلە دەڵێ). گوێ بگرە؛ دووبارە دەیانەوێ بمکەنەوە ژوورەوە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(ڕوو دەکاتە کچەکە). بەڕێوەبەری بانق حاڵی باش نییە. دەیەوێ کەمێک هەوای پاک هەڵمژێ.

**کچەئیشکەرەکە:**

بەڵێ، بەڵام خانم خۆی وتی کە –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من دەرگەکە دادەخەم. کلیلەکان لە ناو کێلونەکدا بەجێ بهێڵە، ئەوسا –

**كچەئیشكەرەكە:**

بەڵێ، خوا ڕەحم بكات؛ وای لێ دەكەم (دووبارە دەچێتەوە ژوورەوە.)

**بۆركمان:**

(ماوەیەكی كورت دەوەستێ و گوێ دەگرێ: پاشان بەخێرایی بەرەو خوارەوە بۆ بەردەمی حەساری كێڵگەكە دەڕوات). من ئێستا لە دەرەوەی دیوارەكانم، ئێلە! ئیتر هەرگیز لەمە زیاتر منیان بۆ زیندانی ناكرێ!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەڕواتە خوارەوە بۆ لای). بەڵام خۆ تۆ لە ژوورەوەش پیاوێكی سەربەستیت، یۆن. دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت بێیت و بچیت.

**بۆركمان:**

(هیواش، وەكو بترسێ). هەرگیز جارێكی تر ناچمەوە ژێر سەقف! لێرە بەشەو لە دەرەوەبوون زۆر خۆشە. بێتو ئێستا بچمەوە هۆڵەكە – سەقف و دیوار پێكەوە دێنەوە یەك. گوشارم بۆ دێنن. وەكو مێش دەمفلیقێننەوە –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام بۆ كوێ دەچیت؟

**بۆركمان:**

تەنیا بڕۆم و بڕۆم و بڕۆم. ببینم دەتوانم جارێكی تر بگەمە ئازادی و ژیان و مرۆڤ. ئێلە، حەزەكەیت لەگەڵمدا بێیت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من؟ ئێستا؟



**بۆركمان:**

بەڵێ، بەڵێ، – هەر ئێستا!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام هەتا كوێ!

**بۆركمان:**

هەتا ئەو شوێنەی دەتوانم.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆی، بەڵام بیرێ لەوە بكەرەوە. چوونە دەرەوە بەم شەوە تووشە، ساردەی زستان –

**بۆركمان:**

(بە دەنگێكی خاوی وەك قوڕگگیرانەوە). ئەها ـ خاتوون نیگەرانی چاكبوونەوەیە؟ بەڵێ، بەڵێ–ئەوە شتێكی خراپە، ئەوە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

من نیگەرانی چاكبوونەوەی تۆم.

**بۆركمان:**

هاهاها! چاكبوونەوەی پیاوێكی مردوو! هەردەبێ پێت پێ بكەنم، ئێلە! (دەست دەكاتەوە بە ڕۆیشتن).

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دوای دەكەوێ ؛ توند دەیگرێ). ئەوە وتت تۆ چیت؟

**بۆركمان:**

وتم، پیاوێكی مردوو. بیرت نایەتەوە گودهیلد وتی من دەبێ ئارام لەو شوێنەی لێی ڕاكشاوم نەجوڵێم؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بڕیاردەرانە، پاڵتۆکەی دەدات بە شانیدا). یۆن، من لەگەڵتدا دێم.

**بۆرکمان:**

بەڵێ ئێمە هەردووکمان، ئێمە لەیەک دەچین، هەردووکمان، ئێلە. (دەست دەکاتەوە بەڕۆیشتن.) دەوەرە ئیتر!

(هیدی هیدی بەلای ڕاستدا دەگەنە دارستانێکی بچووک. وردە وردە لە چاو ون دەبن،_ تا دیار نامێنن، خانووەکە و حەساری کێڵگەکەش لەچاو دیار نامێنن. دیمەنەکە، بە دارچنار و گرد و بەرزایی، بەبەردەوامی هێواش هێواش لە گۆڕاندایە و شوێنەکە سەخت و کێویتر دێتە بەرچاو.)

**دەنگی ئێلە ڕێنتهایم:**

(لەلای ڕاستی دارستانەکەوە دێتە گوێ). یۆن، بۆ کوێ دەچین؟ من بێرە ئاشنانیم.

**دەنگی بۆرکمان:**

(لە سەرەوە بەرزتر دێتە گوێ). تەنیا شوێن پێکانی من لەسەر بەفرەکە هەڵبگرە و بەدوامدا وەرە!

**دەنگی ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵام بۆچی دەبێ ئێمە هێندە بەرز سەرکەوین؟

**دەنگی بۆرکمان:**

(نزیکتر). ئێمە دەبێ بەو تووڵەڕێ خواروخێچەدا هەڵگەڕێین.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(هێشتا دیار نییە). ئۆ، ئیتر من لە توانامدا نییە.



**بۆرکمان:**

(لە گۆشەی لای ڕاستی دارستانەکەوە). وەرە، وەرە! ئێستا ئیمە لە دیمەنەکەوە دوور نین. کاتی خۆی کورسییەک لەویادابوو –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(لە ناو دارەکانەوە دەردەکەوێ). تۆ ئەوەت لە بیرماوە؟

**بۆرکمان:**

دەتوانیت لەویا پشوویەک بدەیت.

(گەیشتوونەتە بەردەمی دەشتێکی کەمێک بەرزی بەردەمکراوە، لە دارستانکەدا. گردێکی پان لە پشتیانەوە بەرز بووەتەوە. لەلای ڕاستەوە، قووڵ بەرەوخوار، دیمەنێکی بەربلاو لە بەرزایی و ئاودڕی تەنک و باریک و درێژ و، زنجیرە گردی لەسەریەکی دوور. لە تەختاییەکەی لای چەپدا، دارچنارێکی وشکبوو کورسییەکی لە ژێردایە. بەفرێکی زۆر دەشتەکەی داپۆشیوە.)

(بۆرکمان و لە دواشێوە ئێلە ڕێنتهایم لەلای ڕاستەوە بەزەحمەت بەناو بەفرەکەی کە تا سەرئەژنۆیان هاتووە ڕێ دەکەن.)

**بۆرکمان:**

(لەلای قووڵاییەکەی لای چەپەوە دەوەستێ). وەرە ئێرەوە، ئێلە، تا بیبینیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەچێتە لایەوە). یۆن، دەتەوێ چیم پیشان دەیت؟

**بۆرکمان:**

(پەنجە ڕادەکێشێ). دەبینیت نیشتمان چەند ئازاد و کراوە لە بەردەماندا پان و بەرین – ڕاکشاوە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

جاران هەمیشە لەویادا لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشتین،– وە هێشتا دوور، دوور بەردەوام تەماشای دنیامان دەکرد.

**بۆرکمان:**

دنیایەکی خەیاڵی بوو ئەو دنیایەی ئێمە ئەوسا تەماشامان دەکرد.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(سەر دەلەقێنێ). دنیای خەوەکانی ژیانمان بوو، بەڵێ. ئێستا ئەو دنیایە بە بەفر داپۆشراوە. – وە درختە کۆنەکەش مردووە.

**بۆرکمان:**

(بێ ئەوەی گوێی لێ بگرێ). دەتوانیت دووکەڵی ئەو پاپۆڕەهەڵمییە گەورانەی کە لە ڕووبارەکەدان ببینیت ؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر.

**بۆرکمان:**

من دەیانبینم. – دێن و دەچن. لە تەواوی سەر ڕووی زەوییەوە یەکێتی ژیان دەهێنن. ڕووناکی و گەرمایی دەخوڵقێنن بۆ ئەو گیانانەی کە لە هەزارەها هەزار ماڵدان. ئەوە ئەوە بوو کە من خەوم بە خوڵقاندنییەوە دەبینی.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(لەسەرخۆ). بەڵام ئەوە هەر خەو بوو.

**بۆرکمان:**

بەڵێ، هەر خەو بوو. (گوێ دەگرێ.) تۆ، گوێ بگرە لە خوارەوە



لە گوێ ڕووبارەکە! کارگەکان لە ئیشدان. کارگەکانی من! هەموو ئەو کارگانەی کە من دەمویست دروستیان بکەم! بەس گوێیان لێ بگرە چۆن ئیش دەکەن. بە شەوانیش کار دەکەن. شەو و ڕۆژ کار دەکەن. گوێ بگرە، گوێ بگرە! ڕۆڵەکان بەخێرایی لە جولانەوەدان، وە سلەندەرەکانیش لە جولانەوەی خێریاندا بەدەوری خۆیاندا، بەدەوری خۆیاندا ئاگر فڕێ دەدەن! ئێلە، گوێت لێی نییە؟

**ئێله ڕێنتهایم:**

نەخێر.

**بۆرکمان:**

من گوێم لێیەتی.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەترسەوە). یۆن، وا بزانم تۆ هەڵەیت.

**بۆرکمان:**

ئۆ، بەڵام ئەم هەمووە ئالێرەدا- ئەوە وەکو قەڵایەکی بەرگرییکردن وایە بەدەوری نیشتماندا، تۆ دەبێت ئەوە بزانیت!

**ئێله ڕێنتهایم:**

وتت، نیشتمان؟ کام نیشتمان –؟

**بۆرکمان:**

نیشتمانەکەم! ئەو نیشتمانەی من خەریکبوو بیکەمە موڵکی خۆم ئەو کاتەی من – ئەو جارەی من مردم.

**ئێله ڕێنتهایم:**

(بەهێمنی، دەلەرزێ). ئۆ یۆن، یۆن!

**بۆرکمان:**

وە ئێستا لەویا کەوتووە – بێ بەرگریی، بێ خاوەن،– کەوتووەتە بەر هێرش و تالآنی دز و جەردە. – ئێلە! ئەو زنجیرە شاخە دەبینیت لە دوورەوە؟ یەک لە دوای یەک بەرز دەبنەوە. دەچنە سەریەک. ئەوێ نیشتمانە قووڵە، بێ کۆتاییە، نەبڕاوەکەی منە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

ئۆ، یۆن، بەڵام ئەو نشتیمانە هەوایەکی تەزیوی لێوە دێ.

**بۆرکمان:**

ئەو هەوایە بۆ من وەکـــو هەوای ژیانە. ئەو هەوایە بۆ من سڵاوێکە لە ڕوحە دڵسۆزەکانەوە. تێیان دەگەم، لەو ملێۆنەها بنج داکوتاوانە؛ هەست بە دەماری کانەکان دەکەم، کە دەستە بەپێچە، بەش بەشە، زۆر بۆهێنەرەکانی خۆیان بەدوامدا ڕادەکێشن. ئەو شەوەی کە من لە ژێرزەمینی بانقەکەدا بە چراکەی دەستمەوە وەستابووم – وەکو تارمایی گیان بەبەرداکراو ئەوانم بینی. ئەو کاتە دەیانویست ڕزگار بکرێن. وە من هەوڵی ئەوەم دا. بەڵام من دەسەڵاتم بەسەر ڕزگارکردنیاندا نەشکا. دووبارە ئەو گەنجینەیە کەوتەوە بن. (بە دەست ڕاکێشانەوە.) بەڵام لەم شەوە ئارامەدا دەمەوێت بەگوێیاندا بچرپێنم. خۆشم دەوێن، لەویا لە قووڵای و تاریکیدا وەکو مردوو ڕاکشاون! خۆشم دەوێن، ئەی بەها ژینخوازەکان – لەگەڵ هەموو دەسەڵات و شەرەفی گەشاوەی یاوەر و هاوڕێتان، خۆشم دەوێن، خۆشم دەوێن، خۆشم دەوێن!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە هێمنی، پاشان پلە پلە تووڕەبوون.) بەڵێ، یۆن، تۆ هێشتا



خۆشەویستیت لە خوارەوەیە لەویادا. هەمیشە خۆشەویستیت لەویادا بووە. بەڵام لێرە لە سەرەوە لە ڕۆژا،– دڵی مرۆڤێک لە پێناوی تۆدا گەرم و، زیندوو، ترپەی دەهات و لێی دەدا. وەتۆ، ئەو دڵەت وردوخاش کرد. ئۆ، لەوەش زیاتر! دە جار خراپتر. تۆ ئەو دڵەت فرۆشت لە پێناوی – لە پێناوی –

**بۆرکمان:**

(هەڵدەلەرزێ؛ وەکو تەزووی سارد بە گیانیا بێ). مەبەستت – لە پێناوی نیشتمان و – وە لەبەر خاتری دەسەڵات و – شەرەفدا فرۆشتم ؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە. بۆ جارێک ئەم ئێوارەیە ئەوەم پێ وتیت. تۆ ژینی خۆشەویستیت لەو ئافرەتەدا کوشت کە خۆشی دەویستیت. وە کە تۆش ئەوەندەی بتوانیت کەسێکت خۆشبوێت، ئەوت خۆشت دەویست. (بە دەست بەرزکردنەوەوە.) وە هەر لەبەر ئەوە یۆن گابریێل بۆرکمان، پێشبینی من بۆ تۆ ئەوەیە – هەرگیز ئەو نرخەت دەست ناکەوێت کە تۆ لە پێناوی ئەو خۆشەویستی کوشتنەدا داوای دەکەیت. هەرگیز بەسەرکەوتوویی ناچیتە ناو نیشتمانە ساردە، تاریکەکەتەوە!

**بۆرکمان:**

(بە تەکە تەک دەچیتە لای کورسییەکەوە و بەقورسییەوە بەردەبێتەوە سەری و دادەنیشێ). ئێلە، من لەوە دەترسێم، کە پێشبینی کردنەکەت ڕاست دەرچێت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەچیتە لایەوە). تۆ نابێ لەوە بترسیت، یۆن. ئەوە باشترین

شته که بەسەر تۆ دادێت.

**بۆرکمان:**

(بە هاوارێکەوە، تووند سنگی خۆی دەگرێ). ئاه-! (شەکەت.) ئێستا بەریدام.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(ڕای دەوەشێنێ). یۆن، ئەوە چی بوو!

**بۆرکمان:**

(پاڵدەداتەوە بەپشتی کورسییەکەوە). ئەوە دەستێکی وەک سەهۆڵ سارد بوو کە دڵمی گووشی.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

یۆن! ئێستا هەستت بە دەستێکی سەهۆڵین کرد!

**بۆرکمان:**

(بە ورتە ورتەوە). نەخێر. –دەستی سەهۆڵین نەبوو. –دەستێکی کانزایی بوو. (لەسەر کورسییەکە بەلادادێ.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(پاڵتۆکەی دادەکەنێ و دەیدا بەسەریدا). ئارام ڕاکشێ لەو جێیەدا کە لێی ڕاکشاویت! دەچم یارمەتیت بۆ دەهێنم. (دوو سێ هانگاو بەرەو لای ڕاست دەنێ؛ ڕادەوەستێ، دەگەڕێتەوە بۆ لای و ماوەیەکی زۆر نەبزی دڵی لە مەچەک و دەموچاویدا دەگرێ.)

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(هێواش و بڕیاردەرانە). نەخێر. یۆن بۆرکمان، وا باشترە. وا باشترە بۆ تۆ. (باشتر پاڵتۆکەی تێوە دەپێچێ و لە بەفرەکەدا لە بەردەمی کورسییەکەدا دادەنیشێ.)



(ماوەیەکی کورت بێدەنگی.)

(گودهیلد خانم، جوان خۆی پێچاوەتەوە و لە لای ڕاستی دارستانەکەوە دەردەکەوێ. کچەئیشکەرەکە بە چرایەکەوە لە پێشییەوەیەتی.)

**کچەئیشکەرەکە:**

(ڕووناک لە بەفرەکەدا دەردەکەوێ. " بەچرا داگیرساوەکەی دەستییەوە". وەرگێڕ). با، با، خانم. ئەوە شوێن پێکانیانە

**گودهیلد:**

(بەچاو دەوروبەری خۆی دەپشکنێ). بەڵێ، ئەوەتان! لەویادا لەسەر کورسییەکە دانیشتوون. (بانگ دەکات.) ئێلە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(هەڵدەسێتە سەرپێ). بەدوای ئێمەدا دەگەڕێیت؟

**گودهیلد:**

(بە تووڕەییەوە). بەڵێ، دەبێ بە دواتاندا بگەڕێم.

**ئێلە ڕێنتهیام:**

(پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ). سەیرکە، گودهیلد، ئەوەتا لێرەدا ڕاکشاوە.

**گودهیلد:**

خەوتووە!

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(سەر دەلەقێنێت). پێم وایە، خەوێکی قورس و درێژ.

**گودهیلد:**

(بە هەڵچوونەوە). ئێلە! (خۆی دەگرێ و بە هێواشی دەپرسێ.)

ئەوە – خۆی– کوشت؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نەخێر.

**گودهیلد:**

(هێمن دەبێتەوە). کەواتە بە دەستی خۆی نەبوو؟

**ئێلە ڕێنتهایم:**

نەخێر. دەستێکی سەهۆڵینی کانزایی، دڵی گووشی.

**گودهیلد:**

(ڕوو دەکاتە کچەئیشکەرەکە). بڕۆ هەندێک کەس بێنە یارمەتیمان بدەن. لە حەسارەکە خەڵکێک بدۆزەرەوە.

**کچەئیشکەرەکە:**

بەڵێ باشە، خانم. (لەسەرخۆ.) خوا یارمەتیمان بدا – (لەلای ڕاستی دارستانەکەوە دەچێتە دەرەوە.)

**گودهیلد:**

(لە پشت کورسییەکەوە دەوەستێ). کەواتە هەوای تەزیوی شەو ئەوی کوشت –

**ئێلە ڕێنتهایم:**

دەبێت لەوانەیە.

**گودهیلد:**

– ئەو، ئەو پیاوە بەهێزە.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(دەچێتە بەردەمی کورسییەکە): گودهیلد، ناتەوێت سەیری کەیت؟



**گودهیلد:**

(بە پارێزەوە). نەخێر، نەخێر، نەخێر. (دەنگ نزم دەکاتەوە.) ئەو کوڕی کانگەکانە_ – بەڕێوەبەری بانق. نەیتوانی تەحەمولی ئەو هەوا پاکە بکات.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

زیاتر سەرما بووە هۆی کوشتنی.

**گودهیلد:**

(سەر ڕادەوەشێنێ). وتت، سەرما؟ سەرما، دەمێکبوو ئەوی کوشتبوو.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(سەری بۆ دەلەقێنێ). بەڵێ، وە ئێمە هەردووکمانی کردبوو بە سێبەر.

**گودهیلد:**

تۆ لەوا ڕاست دەکەیت.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

(بە زەردەخەنەیەکی پڕ ئازارانەوە). مردوویەک و دوو سێبەر،– سەرما کاری خۆی کرد.

**گودهیلد:**

بەڵێ، دڵتەزین.– وە ئێمە هەردووکمان ئێلە، دەبێ دەستی تەوقەکردن بۆ یەکتری ڕاکێشین.

**ئێلە ڕێنتهایم:**

منیش بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێستا دەتوانین تەوقە بکەین.

**گودهیلد:**

ئێمه دوو خوشکی دووانه – هەردووکمان ئەومان خۆش دەویست.

**ئێله ڕێنتهایم:**

ئێمه دوو سێبەر– بەسەر ئەو پیاوه مردووەوه.

(گودهیلد، له پشتی کورسییەکەوه و، ئێله ڕێنتهایم له پێش کورسییەکەوه، دەستی تەوقەکردن بۆ یەکتری ڕادەکێشن.)

کۆتایی

هاودەم ساڵح جاف

ئۆسلۆ – ٢٠٠٩/٣/١٩



## خشتەی مێژووی ڕووداوەکان و ژیاننامەی هێنریک ئیبسن (١٩٠٦ – ١٨٢٨)

١٨٢٨: له ٢٠ مانگی سێ دا له شارۆچکەی شییەن له نەرویج له دایک بووه.

١٨٣٥: باوکی له کاری بازرگانیکردندا دەکەوێ. موڵکوماڵیان مەزاتدەکرێ. خێزانەکەیان دەگوێزێتەوه بۆ کێڵگەی ڤێنستۆپ له یەرپێن.

١٨٤٣: له کەنیسەی یەرپێن تەعمید دەکرێ. به خێزانەوه دەگوێزنەوه بۆ سنیپەتۆرپ له شییەن. سێیەم ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی مەسیح ماڵەکەیان به جێ دەهێڵن.

١٨٤٤: له ٣ مانگی یەک دا هینریک ئیبسن دەچێ بۆ شاری گریمستاد بۆ ئەوەی ببێ به شاگرد له دەرمانخانەیەک لەلای ی.ئا. ڕایمان.

١٨٤٦: منداڵێکی ناشەرعی دەبێ.

١٨٤٩: شانۆگەری " کاتیلینا" تەواو دەکات.

١٨٥٠: دەچێ بۆ شاری کریستیانیا (ئۆسلۆی ئێستا). شانۆنامەی " کاتیلینا" به ناوی خوازراوی برینیۆڵف بییارمە وه بڵاو دەکریتەوه. تاقیکردنەوەی دواساڵی ئامادەیی دەدات و پلەی دەرچوون بەمەرجێک بەدەست دەهێنی که دووباره ئیمتیحانی زمانی یۆنانی و ماتماتیک بداتەوه (هەرگیز ئەو ئیمتیحانانه ناداتەوه). دەست دەکات به ئامادەکردنی هەفتەنامەی " ئەندهریمنەر" که هەفتەنامەیەکی گاڵتەئامێزانەیه. بۆ یەکەم جار له دنیادا لەسەر شانۆی کریستیانیا (ئۆسلۆ) له ٢٦ مانگی نۆدا، شانۆگەری "

گردی زرته زەلامان" ی ئیبسن کە لە بەشێک پێکهاتووە نمایش دەکرێ.

١٨٥١: ئولە بوول کە یەکێکە لە کەمانچە ژەنە بەناوبانگەکانی نەرویج، هینریک ئیبسن دەناسێ و دەیخاتە شانۆکەی خۆیەوە لە بێرگن.

١٨٥٢: وەکو دیکۆرساز لە شانۆی نەرویجی لە بێرگن دادەمەزرێت. دەنێردرێتە دەرەوە بۆ کۆپنهاگن لە دانیمارک و درێسدن لە ئەڵمانیا بۆ خوێندن لە بواری شانۆدا. لە ڕۆژی ئاهانگی دامەزراندنی شانۆکەی ئولە بوولدا ئەرکی هەموو ساڵێک نووسینی بەرهەمێکی شانۆیی بۆ شانۆکە دەخاتە سەرشانی.

١٨٥٣: لە ٢ مانگی یەک دا بۆ یەکەم جار شانۆنامەی "شەوی سەنکتهانس" (سەنکتهانس ئێوارەی ناوەڕاستی هاوینە و بەو بۆ نەیەوە لەسەرانسەری ئەسکەندەناڤیادا ئاهەنگ دەگێڕدرێ و هەروەکو ڕۆژی نەوەرۆز ئاگر دەکرێتەوە. سەنکت: واتە پیرۆز و، هانس کورتکراوەی یۆهانس ـ ە (یوحنا) (یوحنا ی معمدان) واتە " یوحنای پیرۆز". وەرگێڕ) ی ئیبسن کە شانۆنامەیەکی ئەفسانەییی کۆمیدییە نمایشی دەکرێت ـ کە پاشان ئیبسن لێی پەشیمانە و بە کاری خۆی نازانێت.

١٨٥٤: لە ٢ مانگی یەک دا_ شانۆنامەی " گردی زرتە زەلامان" لە نووسینی ئیبسن نمایش دەکرێت پاش دەست کاریکردنی ئەو دەقەی کە لە ساڵی ١٨٥٠ دا نووسیویەتی.

١٨٥٥: لە ٢ مانگی یەک دا بۆ یەکەم جار شانۆنامەی "خاتوو ئینگەری ئۆسترود" لە نووسینی ئیبسن نمایشی دەکرێت.

١٨٥٦ : لە ٢ مانگی یەکدا بۆ یەکەم جار شانۆنامەی" ئاهەنگێک لە سولهەوگ" ی ئیبسن نمایشی دەکرێت.



١٨٥٧: لە ٢ مانگی یەک دا بۆ یەکەم جار شانۆگەری" ئۆلاف لیلیەکرانس" ی ئیبسن نمایشی دەکرێ. هەر لە هەمان ساڵدا شانۆنامەی "جەنگاوەرەکان لەسەر خاکی پیرۆز" دەنووسێ (کە لە ٢٤ نۆڤەمبەردا لەسەر شانۆی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێ). ئیبسن دەکرێ بە بەڕێوەبەری هونەری لە شانۆی کریستیانیای نەرویجی.

١٨٥٨: سۆزانە تورەسەن دەبێتە ژنی.

١٨٦٠: شانۆنامەی " سڤانهیلد" – کە ڕەشنووسی شانۆنامەی "کۆمیدیای خۆشەویستی" ە دەنووسێ. هۆنراوەی " لە دەشتەکاندا" و زنجێرە هۆنراوی " لە پێشانگەی وێنەکاندا" دەهۆنێتەوە. سیگوردی کوڕی لە دایک دەبێ.

١٨٦٢: شانۆی کریستیانیا ئیفلاس دەکات. منحەیەکی دراسی وەردەگرێ بۆ ڕۆژئاوای نەرویج بۆ کۆکردنەوەی بیرەوەرییەکانی خەڵک. شانۆنامەی "کۆمیدیای خۆشەویستی" بڵاو دەکاتەوە «بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی شانۆی کریستیانیا لە کریستیانیا (ئۆسلۆ) ٢٤ مانگی یانزە ساڵی ١٨٧٣ نمایش دەکرێت»

١٨٦٣: شانۆ نامەی" دەستنیشانکراوان بۆ پاشایەتی"  بڵاو دەکاتەوە (بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی شانۆی کریستیانیا لە ١٧ مانگی یەکی ساڵی ١٨٦٤ نمایش دەکرێت). هۆنراوەی " برایەک لە تەنگانەدا" دەنووسێ.

١٨٦٤: لە ڕێگەی کۆپنهاگن، بەرلین، ڤییەنا و ترییەستا وە دەچێ بۆ ڤێنێتسیا. پاش شەش هەفتە لەوێوە دەچێ بۆ ڕۆما، کە چوار ساڵی تیادا دەمێنێتەوە. هاوینی ئەو ساڵە لە گێنزانۆ لە ئیتاڵیا بەسەردەبات.

١٨٦٥: مەلحەمەی " براند" دەنووسێ، کە سەرەتای سەربوردەیەکی شیعری دورودرێژە. لە هاویندا لە کاتی مانەوەی لە ئاریسیا لە ئیتاڵیا، واز لە سەربوردەکە دەهێنێ و دەیخاتە شێوازی دراماییەوە و، لە شێوازی درامای " براندا" تەواویی دەکات. «بۆ یەکەم جار لە ٢٤ مانگی سێی ساڵی ١٨٨٥ لە شانۆی تازە لە ستۆکهۆڵم نمایش دەکرێت و بەشی چوارەمی ئەو درامایەش لە ٢٦ مانگی شەشی ساڵی ١٨٦٧ دا لەسەر شانۆی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێت».

١٨٦٦: درامای "براند" بڵاو دەکرێتەوە و، ئیبسن ناو دەردەکات. مانگانەی هونەرمەندێتی بۆ دەبڕدرێتەوە و، ژیانی خێزانی لەبارەی ئابورییەوە دەبوژێتەوە.

١٨٦٧: بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی درامای " پێر گینت" لە ئیتاڵیا لە ئیشیا و بەشەکانی کۆتایی دراماکەش لە سۆرێنتۆ تەواو دەکات «کە بۆ یەکەم جار لە ٢٤ مانگی یانزەی ساڵی ١٨٧٦ دا لەسەر شانۆی شانۆی کرستییانیا نمایش دەکرێت».

١٨٦٨: لە بەهاردا سەردانی فیرێنسا و ڤێنێسیا دەکا و لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا دەگوێزێتەوە بۆ ئەڵمانیا بۆ درێسدن و، خێزانەکەی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە درێسدن دەمیننەوە.

١٨٦٩: شانۆنامەی " یەکێتی لاوان" دەنووسێ «بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی شانۆی کریستیانیا ١٨ مانگی دەی ساڵی ١٨٦٩ نمایش دەکرێ». هاوبەشی جڤاتی ڕاستنووسی زمانەکانی باکوور دەکات لە ستۆکهۆڵم. لە ڕێگەی پاریسەوە دەچێ بۆ میسر وەکو نمایندەی وڵاتی سوید – نەرویج لە کردنەوەی جۆکەندی "قەنات"ی سویسدا بەشداری دەکات.



١٨٧٠: هۆنراوەی " نامەیەکی باڵۆنی بۆ ژنێکی سویدی" دەنووسێ کە بریتییە لە فەلسەفاندن لەسەر میسر و جەنگی فەڕەنسا و ئەڵمانیا.

١٨٧١: تاکە دیوانی شیعری خۆی بۆ یەکەم جار بەناوی " شیعر" ەوە بڵاو دەکاتەوە.

١٨٧٢: بەشێکی زۆری " قیسەر و گالیللیەک" دەنووسێ. هاوینەکەی ئەو ساڵە لە بێرختێس گاتن دەباتە سەر.

١٨٧٣: " قیسەر و گالیللیەک" تەواو دەکات (کە لە سەر شانۆی دەوڵەت لە لایپزیج بۆ یەکەم جار لە ٥ مانگی دووانزە ی هەمان ساڵدا نمایش دەکرێت). لە ڤییەنا وەکو ئەندامی دەستەی دادوەر لە بەشی هونەری بۆ پێشانگەی جیهانی هاوینی ئەو ساڵە بەسەردەبات.

١٨٧٤: بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج بەسەردان و هەر لەو ماوەیەشدا سەردانی ستۆکهۆڵم دەکات.

١٨٧٥: دەگوازێتەوە بۆ مونشێن لە ئەڵمانیا و بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە.

١٨٧٦: کار دەکات لەسەر دۆزینەوەی تراژیدیایەکی شیعری ڕیالستی نوێ.

١٨٧٧: شانۆنامەی " پایەکانی کۆمەڵگە" دەنووسێ (بۆ یەکەم جار لە ١٨ مانگی یانزەی ساڵی ١٨٧٧ دا لەسەر شانۆی پاشایی لە کۆپنهاگن نمایش دەکرێت). لەلایان زانکۆی ئۆپسالا وە دوکتۆرای شەرەفی پێ دەدرێت.

١٨٧٨: دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕۆما لە ئیتاڵیا و، وە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەوێ دەژیی.

١٨٧٩: لە ئەماڵفی لە ئتاڵیا لە نووسینی شانۆنامەی " ماڵی بووکۆکەیەک" دەبێتەوە (بۆ یەکەم جار لە ٢١ مانگی دوازدەی ساڵی ١٨٧٩ دا لەسەر شانۆی پاشایی لە کۆپنهاگن نمایش دەکرێت).

١٨٨٠: هاوینەکەی لە ئیتاڵیا لە بێرختس گاتن بەسەردەبات.

١٨٨١: لە هاوین و پایزی ئەو ساڵەدا شانۆنامەی " تارماییەکان" لە سۆرێنتۆ لە ئیتاڵیا دەنووسێ (بۆ یەکەم جار لە ٢٠ ی مانگی پێنجی ساڵی ١٨٨٢ دا لەسەر شانۆی – هۆڵی ئەورۆرۆ تێرنر لە شیکاغۆ نمایش دەکرێ).

١٨٨٢: لە ڕۆما شانۆنامەی " دووژمنی گەل" دەنووسێت (بۆ یەکەم جار لە ١٣ مانگی یەکی ساڵی ١٨٨٣ دا لەسەر شانۆی کریستیانیا لە کریستیانیا نمایش دەکرێت). هاوینەکەی دەچێ بۆ نەمسا بۆ گۆسێنەس لە تیرۆڵ.

١٨٨٣: شانۆنامەی " ئاهەنگێک لە سولهەوگ" لەگەڵ پێشەکییەک لەسەر کارێگەری ئەدەب بڵاو دەکاتەوە. هاوینی ئەو ساڵە لە نەمسا_ لە گۆسێنەس بەسەردەبات.

١٨٨٤: لە شاری ڕۆمای ئیتاڵی دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی "مراوی کێوی" و، لە هاوێنی هەمان ساڵدا لە گۆسێنەس لە نەمسا لە_نووسینی دەبێتەوە (بۆ یەکەم جار لە ١٧مانگی یەکی ساڵی ١٨٨٧ دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لە بێرگن نمایش دەکرێت).

١٨٨٥: بەسەردانێکی تازە دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج و گەشتێک بەم شوێنانەدا دەکات: کریستیانیا (ئۆسلۆ)، ترۆندهایم، مۆڵدە، بێرگن، کریستیانیا (ئۆسلۆ) – و کۆپێنهاگن. دەگوێزێتەوە بۆ ئەڵمانیا بۆ مونشێن و، شەش ساڵ لەوێ ژیان دەکات.

١٨٨٦: لە مونشێن شانۆنامەی " ڕوسمارشهۆڵم" دەنووسێ (بۆ یەکەم جار لە ١٧ مانگی یەکی ساڵی ١٨٨٧ دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتی بێرگن نمایش دەکرێت).

١٨٨٧: هاوین لە سابی لە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی یولاند لە دانیمارک



دەباتەسەر. پاشان بۆ یۆتۆبۆری، ستۆکهۆڵم و کۆپنهاگن سەفەر دەکات.

١٨٨٨: لە مونشێن شانۆنامەی "خانمی دەریا" دەنووسێ (بۆ یەکەم جار لە ١٢ مانگی دووی ساڵی ١٨٨٩ دا لەسەر شانۆیی شانۆی کریستیانیا لە کریستیانیا نمایش دەکرێت).

١٨٨٩: دوا هاوینی دەبێ لە گۆسێنەس لە نەمسا. لەگەڵ ئێمیلی بارداخ دا دەبنە ئاشنا.

١٨٩٠: لە مونشێن شانۆنامەی " هێددا گابلەر" دەنووسێ (بۆ یەکەم جار لە ٢٦ مانگی دووی ساڵی ١٨٩١ دا لەسەر شانۆیی شانۆی کریستیانیا لە کریستیانیا نمایش دەکرێت).

١٨٩١: لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج. پاشان لە سوید و دانیمارک زیاتر هەرگیز بۆ شوێنی تر سەفەر ناکات. دەچێ بۆ نورکاپ لە باکووری نەرویج، پاشان لە ساختمانێکدا لە ڤیکتۆریا تاراسە لە کریستیانیا (ئۆسلۆ) نیشتەجێ دەبێت. بە خاتوو هیلدور ئەندەرسنی تەمەن ٢٧ ساڵ ئاشنا دەبێ.

١٨٩٢: لە کریستیانیا شانۆنامەی " وەستا سولنەسی بەنا" دەنووسێ (بۆ یەکەم جار لە ١٩ مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٣ دا لەسەر شانۆی لێسینگ لە بەرلین نمایش دەکرێت). سیگوردی کوڕی ئیبسن خاتوو بەرگلیوت بیۆرنسەن دەکات بە هاوسەری خۆی.

١٨٩٣: یەکەم نەوەی ئیبسن، تانکرێد ئیبسنی کوڕەزای لە دایک دەبێت.

١٨٩٤: شانۆنامەی " ئایوڵفی بچکۆلانە" لە کریستیانیا دەنووسێ «بۆ یەکەم جار لە ١٢ مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٥ دا لەسەر شانۆی ئەڵمانی لە بەرلین نمایش دەکرێت».

١٨٩٥: دەگوێزێتەوە بۆ بۆ ماڵێکی تازە لە لە سوچێکی نێوان شەقامی

درامێنسڤاییەن و ئاربیێنسگاتە، وە لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە هەتا مردن.

١٨٩٦: لە کریستیانیا شانۆنامەی " یۆن گابریێل بۆرکمان" دەنووسێ «کە بۆ یەکەم جار لە ١٠ مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٧ دا لە هەمانکاتتدا هەم لەسەر شانۆی سویدی لە سوید و هەم لەسەر شانۆی فینلەندی لە هێلسینگفۆرس نمایش دەکرێت».

١٨٩٨: ئاهەنگی پێنانە تەمەنی ٧٠ ساڵی بۆ دەگێڕدرێ.

١٨٩٩: لە کریستیانیا شانۆنامەی " کاتێک ئێمەی مردوو زیندوو دەبینەوە" دەنووسێ «بۆ یەکەم جار لە ٢٦ مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٠دا لەسەر شانۆی هوف تیاترە لە شاری شتوتگارد لە ئەڵمانیا نمایش دەکرێت».

١٩٠٠: بۆ یەکەم جار جەڵدە لێی دەدات.

١٩٠٦: لە ٢٣ مانگی سێی ئەم ساڵەدا کۆچی دوایی دەکات.

هاودەم ساڵح جاف



## ناوەڕۆک

پێشەکی ..... 5
زرینگەی زەنگۆڵە زیوینییەکان لە شەوێکی زستاندا ..... 10
بەشی یەکەم ..... 44
بەشی دووەم ..... 102
بەشی سێیەم ..... 164
بەشی چوارەم ..... 202
خشتەی ژیاننامەی هێنریک ئیبسن ..... 232